لە بڵاوكراوەكانى كۆلێژى ماف




# مافی دانەر

## وەرگێڕانى بە دەستكاريەوە

مافپەروەر
کەمال سەعدی
مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین

مافپەروەر
سەردار عەزیز خۆشناو
ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی
کوردستان

هەولێر ٢٠٠٠

زانكۆی سەلاحەدین
كۆلێجی یاسا و رامیاری
ژمارەی تۆمار ٦٥٤٠
ژمارەی خواستە ٣٤/٤٣
بەروار / / ١٩٩

# مافی دانەر

## وەرگێڕانی بە دەسکاریەوە

مافپەروەر
كەمال سەعدی
مامۆستا لە زانكۆی سەلاحەددین

مافپەروەر
سەردار عەزیز خۆشناو
ئەندامی كارای سەندیكای رۆژنامەنووسانی
كوردستان

هەولێر ٢٠٠٠

***ناوی کتێب :*** **مافی دانەر**

***وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە:*** **کەمال سەعدی و سەردار عزیز خۆشناو**

***تیراژ :*** **٥٠٠ دانە**

**ژمارەی سپاردن (١٧٨) لە ٢٠٠٠/٦/١٠**

***پیت چنین و نەخشەسازی و چاپکردن:*** **چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر**

# پێشەکی

مافەکانی موڵکداری ئەدەبی وهونەری شوێنێکی گرنگی هەیە لەنێوان ئەو مافەنەی یاسا رێکی خستون وپارێزگاری کردوون بێ گومان سروشت و ناوەرۆکی ئەو مافانە جیاوازیەکی بەرچاوی لەگەڵ مافەکانی دیکە هەیە لەپێشەوەی ئەم جیاوازیانە لە خۆگرتنی ئەم مافەیە بۆ لایەنی ئەدەبی کەبەم شێوەیە مافەکانی دیکە لەخۆی ناگرێ ، گرنگی ئەو مافانەش [illegible]ر بەرچاوو پێویست دیارن لەناونەو کۆمەڵگایانەی گەیشتونەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو لەبواری زانست و فیکریدا هەروەکو کۆمەڵگا کانی ئەوروپا سروشتی ئەو مافانە نەبۆتە هۆی زیاتر گرنگدار یانی لەناو کۆمەڵگا یانە بەڵکو زیاتر بەرچاو دەبێت کاتێک پێشیلکاری ئەو مافانە زیاتر دەبێت زیادبوونی بەرهەمی زانستی وفیکری لەناو هەر کۆمەڵگایك زیادبوونی پێشیل کردنی ئەو مافانەی لەگەڵ دایە لەم روانگەوە ئیمرۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە چوار چێوەی یاسادا دەرگا لەبەر دەم زیاد بوونی پێشیل کردنی ئەو مافانە وەکو هاوکێشەێك دێتە ئاراوە و ئاشنا بوونی دانەرانی بەمافەکانیان وچۆنیەتی بەرنگار بوونەوەی هەر دەست درێژێك بۆ سەر مافەکانیان شتێکی ئاسایی وپێویستە توێژینەوە بەراوردکاریەکەی مامۆستای بەرێز کەمال سەعدی بەناونیشانی (مافی دانەر) کەبە زمانی عەرەبی نوسراوە و وەکو پێویستێکی وەرگرتنی بروانانەی ماستەر ودواتر چاپ کردنی لە ساڵی ١٩٩٧ هەوڵێکی بەرچاوو لۆجیکە بۆ ئاشنابوونی بەلایەنە پەیوەستەکانی مافی دانەر گرنگی ئەو بابەتەش زیاتر رایکێشام بۆ ئەوەی لەگەڵ نووسەری توێژینەوەکە بەدەستکاریەوە وەریگێرینەوە سەر

زمانی کوردی.بەو ئاواتەی دانەرە بەرێزەکانی هەرێمی کوردستان ئاشنایی ئەم لایەنە گرنگە بن، بۆئەم مەبەستەش لەسەر پێشنیازی مامۆستا کەمال سەعدی دەستمان بەوەرگێرانێکی بە دەستکاریەوەی بروانامەکەی مامۆستا کەمال سەعدی کرد کەبەزمانی عەرەبی نوسرابوو، ئەوەبوو چەمکی ماف و مافی دانەر و ناوەرۆکی مافی دانەر لەلایەن مامۆستا کەمال سەعدی وەرگێردرابوو منیش دەستم کرد بەوەرگێرانی پاراستنی مافی دانەر کەلەلاپەرە (٦٣) ی ئەم کتێبە دەست پیێ دەکات تاکۆتاییەکەی دواتر هەڵسام بەرێك خستنی پەراوێزەکان و سەرپەرشتی کردنی چاپکردنی ئەم بابەتە پەیوەستە بە هەموو نووسەران و پێویستە شارەزاییەکی تەواویان لەم بارەوە هەبێت و بۆ پاراستنی مافەکانیان لەبواری داهێنان و بەرهەمەکانیان لە بواری نوسیندا . لەکۆتایدا هیوادارم ئەم وەرگێرانە هاوبەشە مایەی سوودی خوێنەران بێت.

سەردار عەزیز خۆشناو

٢٠٠/٦/١

# بەشی یەکەم

# چەمکـــی ماف

بیرۆکەی ماف زۆر کۆنە و وەچەی ئەمڕۆ نی‌یە، بیروڕای یاسا ناسان و زانایان لە بارەی دیاریکردنی ناوەڕۆکەکەیەوە جیاوز بووە، [1] لایەنگرانی تیۆری یاسای سروشتی وایان سەیر دەکرد کە بەهایەکی بالای چەسپاوو هەمیشەیی‌یە کە بەگۆڕانی کات و شوێن ناگۆڕێ، وە ئەمەش واتای ئەوەیە کە ماف لە لایەن ئەم کەسانەوە لە رووی ناوەڕۆکەکەیەوەیەك چەشنە [2] هەرچەندە سەرەڕای ئەو تێروانینە هاوبەشە بۆ ماف ،کەچی بیرۆکەی ماف چەند کاریگەریەك کاریان تێ کرد هەندێ لەو کاریگەریانە فەلسەفی بوون وهەندێکی تریشیان کۆمەڵایەتی یان سیاسی وەیان ئاینی بوون . بۆیە دەبینین بیرۆکەی ماف مۆرکێکی فەلسەفی لەلایەن یۆنانیەکانەوە پێوە نووسا هەروەها مۆرکێکی یاسایی لەلایەن ڕۆمانەکانەوە وئاینیی لە لایەن پیاوانی ئاینیی کەنیسەی کاثۆلۆکی وە دواجاریش مۆرکێکی سیاسیی لەکاتی شۆرشی فەرەنسی پێوەنووسا(٣)

ئەوەی شایەنی باسە ،ئەو تێڕوانین وبۆچوونانەی سەرەوە سەبارەت بەبوونی ماف هەمووی لەلان لایەنگرانی یاسای سروشتی‌یەوە بوو .هەر لەهەمان کاتدا کۆمەڵێکی تر لە یاساناس و زانایان بەدی دەکەین کە هەر لەبنەڕەتەوە نەهی لەبوونی ماف دەکەن وبەبیرۆکەیەکی چەوت وئەفسووناوی دادەنێن (٤) بەلام ئێمە خۆمان لەناو کۆمەڵەیەکی‌تر لە یاساناس و زانایان دەبینینەوە کە هەولی کۆکردنەوەی جیاووکەکانی (مزایا) بیروبۆچوونی هەردوو کۆمەڵەکەی تر دەدەن.لەبەر ئەوەی بیرۆکەی ماف لەلایەن ئەم سێ کۆمەڵەوە بۆتە مایەی کێشەو مل ملانێ بۆیە تیشك خستنە سەر ئەم بیرۆکەیە وادەخوازێ کەلە سێ‌باس دا قسەی لێوە بکەین.

## باسی یەكەم

# کۆمەڵەی نەهی کەران

سەرەڕای بایەخ ورەسەنێتی وبڵاوبوونەوەی زاراوەی ماف لە ژیانی ڕۆژانەداو لەنێویاسا کۆنەکاندا.هەندێك فەیلەسوف ویاسازان هەن نەهی لەبوونی بیرۆکەی ماف دەکەن وداوای بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەکەن.

لەڕاستیدا بیرۆکەی ماف لەلایەن ئەم کەسانەوە دووچاری شاڵاوێکی زۆر دژوار بوو(٥)لەسەرووی هەمووشیانەوە یاسازانی فەرەنسی لیون دگیLeon Duguit وەهەروەها یاسازانی نەمساوی هانس کلسن Hans Kelsen ولایەنگرانی ڕێچکەی (مذهب) سۆسیالیست دێن .

## بەستی یەكەم

## تیوریی لیون دگی(٦)

لیون دگی لەسەرووی ئەو کۆمەڵە یاسازانانەوە دێت کەبیرۆکەی ماف ڕەت دەکەنەوە ونەهی لەبوونیی دەکەن.بەڵکو یەکێکە لە دژوارترین وتوندڕۆترین بەرهەڵستکاری ڕێچکەی تاك پەروەری (المذهب الفردي) ئەم یاسازانە وای بۆ دەچی کە ((نابێ دان بەمافی سروشتی ی بەمرۆڤ لکاو دابنێین چونکە مرۆڤی تاك و تەنیا مەحاڵە مافی هەبێت چونکە لەناو کۆمەڵدا نەبێت دەرناکەوێ لەبەرئەوەی دوو ڕەگەزی ئایەتی (ایجابی) و نایەتی(سلبی) تیایە(٧)وە ((ئەو مافە کەسینەی کەباسی لێوەدەکرێ لە تەسەوورێکی ئەفسووناوی زیاتر چیتر نیە))(٨)

ئـــەم تەســـەووره ئەفســـووناوی یـــە دەگەڕێتـــەوەوه بـــۆدواوەی سروشت(ماوراء الطبیعة) بەشێوەیەك دورست بووەکە جیاوازە لـە واقیـع بۆیـە لەجیهانی یاسادا شوێنی نیە [9]

ئەم یاسازانە ڕەخنەیەکی زۆر توندو تیژی لەبیرۆکـەی مـاف گـرت ڕەخنـە گرتنەکەی لەو بیرۆکەوە دەست پێ‌کرد کەدەڵێ مـاف بریتـی یـە لەتوانایـەکی ئارەزوویی (سلطة ارادیة) وەبەپێی ئەم دەستەواژەیە تەسـەووری مـاف نـاکرێت مەگەر تەسەووری ئارەزووی بەرزتر لە ئارەزووی خەڵکانی تر بکەین بەشێوەیەك کەخۆی بەسەر ئەم ئارەزووانەدا بسەپێنێ. دوابەدوای ئەمە دگی دەچێتـە سـەر مەسەلەیەکی تر ئەویش ئاشکرا کردن وبەدیارخستنی دژیەکی ئەم چەمکەیـە لەگەڵ تیوری یەکەی لەبارەی یاسای دانراوەوە.

ئەم یاسازانە داوامان لێ دەکات ئـەم بیرۆکەیـە لەمێشکی خۆمـان فـرێ بدەینە دەرەوە لەبەر ئەوەی ناتواندرێ دانـی پێدا بنرێت لەمبارەیـەوە دەڵـێ: (بیرۆکەی ماف مۆرکێکی ئەفسووناوی تەواوی هەیە و بەکردەوە دەبێتـە هـۆی کۆمەڵێك (استحالاتی حەقیقی) [10] وەدەبێتە هۆی پۆلین کردنی ئارەزووکان کە ئەمەش لەناخەوە کاردەکاتە سەر چۆنێتی ی پێك هاتنی ئارەزووی هـەردوولا، ئارەزوویێك باڵایە وفەرمان دەکات ،ئارەزوویێکیش نزمە و گوێڕایەڵە.

ئەمـە وادەگەیـەنێ کـەماف سـەرهەڵنادات مەگـەر ئـەوە بسـەلمێنین کەئارەزووەکان پلەپلەن وەبەپێچەوانەوە دەبێ بڵێین ماف نیە چونکە بـەبێ ئـەم پلەپلەیە سەرهەڵنادات.

دگی داوای بەکارهێنانی بیرۆکەی مەڵبەندی یاسـای بەهـەردوو چەشنیەوە بابەتی وکەســی کەلەلایـەن کۆمەڵـەوە پـارێزراون لـەجیاتی بیرۆکـەی مـاف دەکات. [11]

وەبەپێی تیۆریی دگی ((یاسا ناتوانێ ماف ببەخشێ بەمرۆڤ بەلکو فەرمان یان نەهی کردنیان ئاراستە دەکات وەبەبوونی ئەم ڕێبازە فەرمانبەخشانە(القواعد لامرە) ئەوە دێتە ئاراوە کە هەندێ کەس پابەندبن بەهەندێ ئەرك یان نەکردنی هەندێك کردار وەبەم شێوەیە دەبینین کەسانێك هەن خۆیان لەمەڵبەندێك دەبیننەوە کەپابەندێتیی کۆمەڵایەتی دەیانپارێزێ چونکە ئەم مەڵبەندانە لەیاساوە هاتوون.

کەچی ئەو مەڵبەندانە مافە کەسینەو دەسەڵاتی ئارەزوویی هیچ کەسێکی تیا نیە ((١٢))

کەواتە ماف نیە بەلکو کۆمەڵێك مەڵبەندی یاسایی هەن وبیرۆکەی مافیش بیرۆکەیەکی ئەفسووناوی یە وزانستی نیە بەڵام بیرۆکەی مەڵبەندی یاسایی واقعیە وهەستی پێدەکرێ.

## بەستی دووەم

## تیۆریی کلسن ((١٣))

هانس کلسن یەکێکە لەو یاسازانانەی کەدانی بە بەبیرۆکەی ماف نەناوە وئەم بوونەی بیرۆکەی مافی ڕەت کردۆتەوە. ((١٤))

تیوریەکەی لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە دەبێ هەر شتێك کە پەیوەندی بەاعتباراتی رامیاری وباوەڕو کۆمەڵایەتی وفەلسەفەوە هەبێت پێویستە لەچوارچێوەی توژینەوەو شیکردنەوەی باس کردنی دیاردە یاسایی یەکان دووربخرێنەوە ((١٥))

وەبەپێی تێروانینی کلسن بنچینەی یاسایی خۆی تەنیا لەناو یاسای دانراو(القانون الوضعي)دەبینێتەوە وەبەم پێیە یاسا بریتیە لەئارەزووی دەوڵەت وە هەموو بنچینە یاسایی یەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەگەڕێتەوە

بۆ پێوەرێکی بنچینەیی هاوبەش کە دەستورە وەئەم یاسا دانـراوەش کۆمـەڵێك ئەرك دورست دەکات وماف دروست ناکات وەبەم پێیە کلسن بوونی بیرۆکـەی ماف ڕەت دەکاتەوەو مافیش لەلای ئەو هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ بنچینەیـەك لەبنچینەکانی یاسای دانراو نیە.

بۆیە هەر بنچینەیەك لەم بنچینانە بریـار لەسـەر ئـەرکێکی دیـاری کـراو دەدەن بەڵام بریار لەسـەرمافێکی کەسـینە نـادەن [(١٦)] وە تیوریی کلسـن لـەم بارەوەیەوە لەگەڵ تیوریەکەی دگی یەك دەگرنەوە.

ئەوەی شایەنی باسە ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی هەردوو تیوریی یەکە کـرا بۆیە هیچ کامێکیان سەرکەوتوو نەبوون لـەڕووخاندنی بوونـی بیرۆکـەی مـاف وەلەڕەخنە هەرە دیارەکان کە ئاراستەی دگی کران:

١- دگی وای بۆ دەچێت کەمرۆڤ بەتەنیا هیچ مافێکی نەبوەو نابێت تەنیا ئەو مافەی لەناو کۆمەڵدا بۆ دەبێت.

یاسازانەکان ئەم بۆچوونەی دگی یان بەبۆچوونێکی هەڵە زانی وە لەم بارەیـەوە دەڵێن مرۆڤ خۆی لـەخۆیدا حەقیقـەتیکی مـاددی و واقعیـیە هـەندێك لەمافەکانی وکەسایەتی یە یاسایییەکەی لەسروشـتە کەسـایەتی یەکـەی خۆی وەردەگرێت ،لەوانە مافی ژیان وپاراستنی قەوارەی ماددی و مەعنەوی خۆی وهی تریش.

٢-دگی وای بۆ دەچێت کە ووتت ماف دوو پەیوەندی دێنە بـەرچاو ،یـەکێکیان پەیوەندنیی شکۆیی (سمو) ئەوی تریان کڕنۆش بردن(خضوع) .

هەرچەندە ماف خۆی لەخۆیدا پێویستی بەشکۆمەندی هەندێك وکڕنۆش بردنی هـەندێکی تـر ناکـات بـەڵکو بریتییـە لەدەسـەڵات بەسـەرابوون (استثار)لەلایەن هەندێکەوەو ڕێزلێگرتـن لەلایـەن هـەندێکی تـرەوە.بۆیـە

کۆمەڵێك ماف هەن تەسەوری بوونی. لایەنێکی خۆ بەزل زان ولایەنێکە کڕنۆش بەری لێ ناکرێت وەکو مافە گشتی یەکان وئازادی‌یە گشتی‌یەکان.
٣-هەروەها یاسازانەکان ڕەخنەی ئەوەیان لەدگی گرت کەهێنانەکایەوەی زاراوەی مەڵبەندی یاسایی (المرکز القانونی)لەجیاتی ماف بۆچوونێکی هەڵەیەو لەسەر خەیاڵ بنیات نراوە.هەروەها هەمان ڕەخنەی سەرەوە ئاراستەی هانس کلسن کرا سەرەڕای ڕەت کردنەوەی بۆچوونە تایبەتیەکەی لەبارەی تەرجیح کردنەوەی بیرۆکەی ئەرك لەسەر ماف هەروەکو ئەم یاسازانە وای بۆ دەچێت کە یاسا کۆمەڵێك ئەرك دەخەنە ئەستۆی مرۆڤ نەك بەخشینی کۆمەڵێك ماف.

وەئەم بۆ چوونەش هەروەکو بۆ چوونەکانی دگی هەڵەیە چونکە لەگەڵ واقعی ژیان ناگونجێت لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك ماف وئەرك بۆ ئەنجام دانی چالاکی یە پێویستی یەکانی هەن ناتوانین چاویان لێ‌بپۆشین [(١٧)].

ئەوەی شایەنی باسە دوای باس ولێکۆڵینەوە لەهەردوو تیۆریی‌یەکەی دگی وکلسن وخستنەڕووی ئەو ڕەخنانەی کەئاراستەیان کران دەتوانین بڵێین کەئەم دوویاسازانەو لایەنگرانیشیان نەیان توانی بیرۆکەی ماف بڕوخێنن وەهەروەها لەگۆڕینی زاراوەی ماف بەمەڵبەندی یاسایی یان ئەرك سەرکەوتوو نەبوون.

### بەستی سێیەم

## ڕێچکەی سۆسیالیستی [(١٨)]

ڕێچکەی سۆسیالیستی بەپێچەوانەی ڕێچکەی تاك پەروەرە وەبەچاوی تاکە کەسێکی بێ‌لایەن ودوورە پەرێز لەنێو کەسانی تر سەیری مرۆڤ ناکات بەڵکو سەیری مرۆڤ دەکات وەکو بونەوەرێکی کۆمەلآیەتی ی بەستراوە بەکەسانی ترو

هاوكار لەگەڵیان لەپێناوی وەدی هێنانی بەرژەوەندی ئەو كۆمەڵەی كەسەر بەئەوە وەبەرژەوەندی گشتیی لەپێشەوەی بەرژەوەندیە تایبەتییەكان دادەنێت هەروەها تینكاری بوونی ئەو مافە سروشتی یانەی مرۆڤ دەكات كەلەپێش بوونی كۆمەڵدا هەبووبێ. كەواتە ڕێچكەی سۆسیالیستی ڕێگا بەیاسا دەدات تا ئەو پەڕی دەست لە كاروباری مرۆڤ وەربدات [١٩] بەمەستی هێنانەدی دادی كۆمەڵایەتی وبەرژەوەندی گشتی ی و ئاراستەكردنی چالاكییەكانی مرۆڤ بەلای ئەم ئامانجانەوە.

بۆیە پێویستە یاسا ماف وئەركی گشت مرۆڤێك دیار بكات بەو ئیعتبارەی كەبنچینەی ژیانە لەناو كۆمەڵدا .هەروەها ئەم ڕێچكەیە مەرجێكی بۆ مولكداری تاكە كەس (الملكيه الفرديه) داناوە كەدەبێت لە ڕاژەی بەرژەوەندی یە گشتییەكانی كۆمەڵ بێت.

ئەوەی شایەنی باسە ڕێچكەی سۆسیالیستەكان لەپلەدا جیاوازن .تیایاندا هەیە زۆر موبالەغە دەكات لە هەڵوەشاندنەوەی مولكداریتی ی تایبەتی لەپێناوی بەرژەوەندی كۆمەڵ وەهەندێكی تریشیان هەن ڕێگایەكی مام ناوەندییان لەنێوان ڕێچكەی تاك پەروەری و ڕێچكەی سۆسیالیستی گرتۆتە بەر بەوەی كەبەرژەوەندی كۆمەڵی بە پلەی یەكەم داناوە لەهەمانكاتیشدا دان بەمولكداریتیی تایبەتی وڕێزلێنان لە ئازادی تاكە كەس دادەنێت بەشێوەیەك قوربانی بەبەرژەوەندی تاكە كەس نادات مەگەر دژی بەرژەوەندی گشتی ی كۆمەڵ بێت ولەگەڵیدا نەگونجێت.[٢٠]

## باسی دووەم

# کۆمەڵەی لایەن گران

زۆربەی ئەو یاسازان وفەیلەسوفانەی کە خۆیان لە قەرەی تیۆریی ماف داوە لایەن گری ئەم ڕێچکەیەن ئەم یاسازانانە تیایاندا هەیە کەپێناسەی مافی بەشێوەیەکی زۆر فراوان کردووە وەتیاشیاندا هەیە کە کۆمەڵێك مەرجی دیاریکراویان بۆ داناوە بۆیە لەنێو ئەم کۆمەڵەیەدا چەندین لایەن پەیدابووە کەلە دوو بەست دا باسیان لێوە دەکەین .

## بەستی یەکەم

# ڕێچکەی تاك پەروەر[21]

ڕێچکەی تاك پەروەر ڕێچکەیەکی زۆر کۆنە و ڕۆمانەکان وهەندێکیش لەوانەی بەر لەئەوان کەلە کۆمەڵگای کۆندا هەبوونە باوەریان پێی هەبووە.

ئەم باوەرەش لەئەنجامی زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی بێ سنووری چینی دەسەڵات دار پەیدا بووە هەروەها بیرۆکەی مافە سروشتی یەکانی مرۆڤ لەبیرۆکەی فەلسەفی لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا بەمەبەستی ئازادکردنی مرۆڤ لەستەم و زۆرداری وپاراستنی مافەکانی وزامن کردنی سوود وەرگرتن لەو مافانە گەشەی سەند.

هەروەها ئەم بیرۆکەیە (واتە بیرۆکەی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ لەکاتی شۆرشی فەرەنسیدا گەیشتە لووتکەو ئەوپەڕی گەشەسەندنەوە وفەلسەفەی تاکە کەسیش بە پاڵپشتی تیۆریی یاسای سروشتی کەوتە کار پێ کردنەوەو وەگەڕکەوتن.

ئەوەی شایەنی باسە تیۆریی مافە سرشتیەکان ئـەو تیۆرییەیـە کـەدەڵی هەندێك بەهای بـاڵا هـەن بـەگۆرینی کـات وسـات وەیـان شـوێن لەلایـەنی ناوەرۆکەوە ناگۆردرێن سەرەڕای گۆرانی ناوەرۆکەکانیان بە تێپـەر بوونـی کـات بەکارلێکردنی هۆکارە جیاکان.

وە ئەم بیرۆکەیەش بەدرێژایی سەدەکان چەند مۆرکێکی بەخۆیـەوە بینـی لەوانە مۆرکی فەلسەفی لەسەردەمی یۆنانیەکاندا [٢٢] مۆرکـی یاسـایی لەسەردەمی رۆمانەکاندا [٢٣] مۆرکی ئاینی لەسەردەمی دەسەڵاتی کەنیسـەی کاسـۆلیك دا [٢٤] هـەروەها مۆرکـی رامیـاری لەسـەدەکانی حـەڤدە وهەژدەهەمدا [٢٥] وەبـەپێ ئـەم رێچکەیـە مـرۆڤ هـەندێك مـافی هـەن کـە لەسروشتەوە وەریان دەگرێت بەو سیفەتەی کە مرۆڤە وپێیەوە بەندە و ناتوانێت لێ یان جیابێتەوە وەئەو مافانەش لە بوونیـاندا ئیسـتناد لەسـەربوونی یاسـاو دەوڵەت ناکەن بەڵکو ئیستناد لەسـەر بوونـی مرۆڤەکـە خـۆی دەکـەن.پشـت نابەستن بەبوونی یاساو دەوڵەت بەڵکو پشت بەبوونی مرۆڤەکە خۆی دەبەستن.

بەم پێیە مرۆڤ مەبەستێکی سەرەکیە لەهەموو رێکخستنێکی یاسـاییداو بەر لە کۆمەڵیش کەلك لەم مافانە وەردەگرێت بۆیە فـەرمانی یاسـا هێنانـە کایەوەی ماف نیە بەڵکو پاراستن و رەخسـاندنی بـارێکی گونجـاوە بـۆ مـرۆڤ کەبتوانێ لەسایەیدا کەڵك لەو مافانە وەربگرێت [٢٦]

* * * * *

## بەشی دووەم

بیروڕای یاسازانانی رۆژئاوا لەبارەی بیرۆکەی مافەوە دەتوانین پێناسینی ماف لەلایەن ئەم یاسازانانەوە بگەڕێنینەوە بۆ سێ بیروڕای جیاواز کە ئەمانەن.

### لقی یەکەم

### بیروڕای کەسی ((الاتجاه الشخصي))

یاسازانی ئەڵمانی سافینی لەسەرووی ئەو یاسازانانەوە دێت کە ئەم بیروڕایەیان هەیە ،لایەنگرانی ئەم بیروڕایە لەمیانی خاوەن مافەکەوە سەیری ماف دەکەن پێناسەی ماف بەوە دەکەن کە دەسەڵاتێکی ئارەزوومەندیە یاسا لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەکەسێکی دەدات(٢٧)وەئەم توانا ئارەزوویی یەش لە ڕیچکەی تاك پەروەردەوە (المذهب الفردي) هەڵقوڵاوە وسەری هەڵداوە وبەشێوەیەکی پتەو بەبنەمای دەسەڵاتی ئارەزوو (سلطان الارادة) بەستراوەتەوە ئەو دەسەڵاتەی ڕێگا بەخاوەنەکەی دەدات ماف بنیات بنێت هەروەها بیانگۆڕێت یان کۆتاییان پێ‌بهێنێت.

رەخنەی ئەوە لەم بیروڕایە گیرا کەمافی بە ئارەزووەوە بەستاوەتەوە وەهەروەها ئەم کەسانە ماف وبەکارهێنانی مافیان تێکەڵ بەیەك کردووە کە ئەمەش شتێکی چەوتە ، چونکە ئەگەر ئێمە دان بەم بیروڕایە بنێین ئەوا مەحاڵە کەسی دەسکرد (الشخص المعنوي) خاوەن ماف بێت ،لە کاتێکدا کەسی سروشتی (الشخص الطبيعي) بەبێ ئەوەی توانای ئارەزوو کردنی هەبێت یان ئاگای لێ بێت کۆمەڵێك مافی دەبێت وەکو ئەو کەسانەی کەشێتن وەیان ئەو منداڵە بچوکانەی کەشت لێك جیاواز ناکەنەوە (الصغير غير المميز)(٢٨)

## لقی دووەم

# بیروڕای ناوەڕۆکی ( الاتجاه الموضوعي )

یاسازانی ئەڵمانی ئیهرنج لە سەرووی ئەم یاسازانانەوە دێت کە ئەم بیروڕایە یان هەیە .ئەم یاسازانە لەمیانی ناوەڕۆك و مەبەست لە بەکارهێنانی مافـەوە سەیری ماف دەکات .بۆیە وای بۆ دەچێ کەماف دوو ڕەگەزی هـەبێت .ڕەگـەزی مەبەست کەبریتی‌یە لەو مەبەستەی ماف جێبەجێی دەکـات بـۆ خاوەنەکـەی ئەویش باشەکەیە یان جیاوکێکە یان دەسکەوتێکە .

وەرەگەزێکی تر کە پارێزگاریی یاسایی یـە (الحمایـة القانونیـة)لـەڕێگای دادگایی‌یەوە .وەلەسەر ئەم بنچینەیە پێناسەی ماف کـراوە بـەوەی بـەرژوەندی یەکە یاسا دەیپارێزێ.ئەم تیورییە سەرەرای پـێداگرتنی لەسـەر بوونـی مـاف بەبێ لەوەی ئارەزوو و ئاگاداریی خاوەنەکەی لەگەڵدا بێـت کـەچی لـە رەخنـە رزگاری نەبووە لەبـەر ئـەوەی نـەیتوانیوە پێناسـەیەکی تـەواوی مـاف بکـات بەشێوەیەك کەپێناسەکە گشت رەگەزەکانی ماف بگرێتە خۆی وەئەو شـتانەش کە پەیوەندی یان بە مافەوە نی‌یە دووریان بخاتەوە و ڕێگایان لەبەردەم بگرێـت، هـەروەها لەبەرئـەوەی پێناسـەی مـافی بەناوەڕۆکەکـەوە نـەکردووە بـەڵکو بەمەبەستەکەیەوە کردوە.هەروەها لەبەرئەوە پاراستن ((پارێزگاری کـردن)) لـە دوای هاتنە کایەوەی مافەکەوە دەبێت نەك وەکو مەرجێك بـۆ هاتنـە کایـەوەی بەڵکو هۆکارێکە (وسیلة) بۆ پاراستنی‌ی[٢٩]

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## لقی سێیەم

# بیروڕای تێکەڵاو( الاتجاة المختلط )[٣٠]

لەبەرامبەر ئـەو رەخنانـەی کـە ئاراسـتەی هـەردوو کۆمەڵـە بیروڕاکـانی پێشووکرا کۆمەڵە بیروڕایەکی تر پەیدابوو. لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیە بـیروڕای هەردوو کۆمەڵەی پێشوو-واتە بیروڕای کەسی وناوەڕۆکی –لێك دە بەستنەوە.

ئەوەی شایەنی باسە لایەنگرانی ئەو کۆمەڵەیە لەسەر هەموو شتێ کۆکـن تەنیا ئەوە نەبێت تۆزێك جیاوازییان لەبیروبۆچوون لەسەر خستنە پێشەووە یـان دواخستنی یـەکێك لـەو بیرۆکەیـە لەسـەر ئـەوەی تـر هەیـە. هـەندێك لـەو یاسازانانە بیرۆکەی ئـارەزوو دەخاتـە پێشـەوەو پێناسـەی مـاف بـەوە دەکـات (توانایەکی ئارەزوومەندییە کەبەکەسێك بەخشـراوە بەمەبەسـتی ئـەنجامدانی بەرژەوەندی یەك کەیاسا دەیپـارێزێ ). وەهـەندێکی تریشـیان هـەن بیرۆکـەی بەرژەوەندی دەخەنە پێشەوە وەپێناسەی ماف بەوە دەکەن (ئـەو بەرژەوەندییەیـە کەیاسا لەرێگای دان پیانان بەتوانایـەکی ئارەزوومـەندیی دیـاری کـراو بـۆ خاوەنەکەی دەیپارێزێ).

ئەوەی شایانی باسە رەخنەی ئەوەیان لەبیروڕای ئەم کۆمەڵەیە گرت،گوایـا کۆکردنەوەی بیرۆکەی ئارەزوومەندی وبەرژەوەندی لەیەك پێناسەدا هیچ شتێکی نوێ لەبارەی ناوەڕۆکی مافەوە ناهێنێتە کایەوە بۆیە هـەمان رەخنـەی پێشـوو کەئاراستەی هەردوو کۆمەڵەکەی تر کران ئاراستەی ئەم کۆمەڵەیەش کرایەوە.

❊❊❊❊❊

ژمارەی ...
بەروار ١٩٩ / /

## بەستی یەکەم

## تیوریی جان دابان

یاسازانی بەلجیکی جان دابان لەتیوری‌یە کەیدا لەبارەی ماف وای بۆ دەچێت کەماف دەست بەسەراگرتن (الاستئثار) ودەسەلاٌت بەسەرابوونە (التسلط) بەسەر مالاٌتێك یان بەهایەكی دیاریکرا و کەیاسا بەکەسێکی دەبەخشێ ودەشێ پارێزێ، واتە دەست گرتنی یەکێك بەسەر مالاٌتێکدا یان بەسەر بەهایەکدا بەشێوەیەك کەبۆی هەبێ بلێ ئەم مالاٌتە یان بەهایە هی منە.

ماف بەپێی تێروانینی دابان لە چوار رەگەزێك دێت : دوو رەگەزیان ناو خۆیین کەبریتینە لەدەست بەسەراگرتن ودەسەلاٌت بەسەرابوون وەبەهۆیانە وە خاوەن مافەکە دەستی بەسەر دارایی یەکی دیاریکراو یان بەهایەکی دیاریکراودا دەڕوات، وە هەروەها توانای دەست لێدانی ئەو دارایی و بەهایەی دەبێت، هەروەها دوو رەگەزی دەرەکی کە ئەوانیش بریتین لەبوونی هەندێ کەس وڕێزلێنانی ئەو کەسانە لەماف سەرەرای پارێزگاریی یاسایی.

ئەوەی شایانی باسە ، بەهۆی ئەم دوو رەگەزەی دوایی هەموو کەسێك پابەندی ڕێزلێنانی دەست بەسەراگرتن ودەسەلاٌت بەسەرابوونی خاوەن مافەکە بەسەر مالاٌت وبەهایەکە دەبن وەهەروەها یاساش کەفالەتی پاراستنی ئەم مافانە دەکات.

*****

بەشی دووەم

## بیرۆکەی ماف لە یاسسازانی ئیسلامی

ئاینی ئیسلام دانی بەبیرۆکەی ماف ناوە وەلـــەنێوان ئـەو مافانـەدا مـافی مرۆڤ دێت بەڵام گەلێك کۆتی لەبەردەم داناوە تاوەکو دەستی مرۆڤ بگرێت لە بەکارهێنانی خراپ ولەوتاندنی ئەو مافانە بەمەبەستی پاراستنی بــەرژەوەندی گشتیی کۆمەڵ.ئەمەش لەرێگای قەدەغەکردنی زیان گەیاندن بە کەسانی تر لەلایەن لەو تێنەری مافەوە وەهۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ وەکو تاکە کەس و وەکو کۆمەڵیش مەبەستی سەرەکی ئاینی ئیسلامە بۆیە لەئایینی ئیسلامدا دانان بەماف شتێکی زۆر ئاساییە بەڵام ئەو کۆتو زنجیرانەی کەلەبەردەمی خاوەنەکەی دانراوە تەنیا هەر بۆ ئەوەیە کە هاوسەنگی ی نێوان بەرژەوەندی کۆمەڵ پارێزراوبێ.

وەلێرەدا دەبینین کە چۆن ماف لە ئاینی ئیسلامدا بەبە رگێکی تـر خـۆی دەنوێنی و شێوەیەکی مام ناوەندی وەرگرتووە لەمابەینی هەردوو ڕێچکەی تاك پەروەرو ڕێچکەی کۆمەڵ پەروەریدا.مافی یەکسانی لەبەردەم یاسا لەگشت بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەمافە هەرە گرینگەکانە کـە ئـاینی ئیسـلام دانی پیاداناوە هەروەها مـافی ئازادی بـیروڕاو مــافی بیروبـاوەڕ.هـەروەها مــافی خوێنـدن و فـێرکردن وەمــافی دەسـت بـەکاربوون لەفەرمانـە گشـتی یـەکان وبەشداربوون لەبەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، وەمافی شوفعە.وەلەبەر ئەوەی خوای گەورە خۆی خاوەنی هەموو شتێکە بۆیــە دامەزرێنــەری مــاف وبــەخش کەریش هەر خوای گەورەیە بەڵام خوا مرۆڤی لەسەر زەوی بۆ بەکارهێنانی ئــەو مافانە کردۆتە خەلیفەی خۆی رێگای پێداوە سوودیان لێ وەربگرێــت وەلــێرەدا بۆمــان دەردەکــەوێ کــەماف لــەئاینی ئیسـلامدا بەخشـینێکە (منحــە)

بەكۆمـەڵێك مەرجـەوە بـۆ هێنانـەدی ئـەو بـەرژەوەندی یـە ی كەلـەپێناویدا مافەكەی دورست بووە وەسەرچاوەی ئەو بەخشینەش دان پێانانی خوای گەورەیە نەك رواڵەتێكی سروشتیی هەروەكو چۆن لایەنگرانی رێچكەی تاك پـەروەر وای دادەنێن بۆیە لە ئاینی ئیسلامدا شتێك نیە ناوی مـافی كەسـیی رەهـا (حـق ذاتي مطلق) بێت

## بەستی سێیەم

# بەراورد كردنی بیرۆكەی ماف لە ئیسلامدا لەگەڵ هەردوو رێچكەی تـاك پەروەرو سۆسیالیستی

یاسازانیی ئیسلام (الفقه الاسلامی) مـافی بەدەسەلاتێكی رێگا پێدراو بـۆ كەسێك داناوە كەبەهۆیەوە ئەو كەسە دەتوانێ بەرژەوەندییەكی دان پیانراو بـۆ خۆی وەدەست بهێنێ بە پێچەوانەی رێچكەی تاك پەروەر كەوای دەبینێ مـرۆڤ لەیەكەم چركەی لـەدایك بوونیـدا كۆمـەڵێك مـافی هەیـە وەئـەم مافانـەی لەسروشتەوە دەست دەكەوێ بەو سیفەتەی كەمرۆڤە[٣١]

لەراستیدا هیچ ناكۆكییەك لەنێوان یاسازانیی ئیسـلامی ورێچكـەی تـاك پـەروەریدا سـەبارەت بـەپیرۆزیی مـاف نییـە. هـەروەها سـەبارەت بـەمافی خاوەنەكەی بۆ سوود وەرگرتن لەو مافـە بەگشـت رێگـا جیاجیـا رەواكـان بـۆ هێنانەدی بەرژەوەندی خۆی وبەرژەوەندی كۆمەڵ.

بەلام قەبارەی ئەو دەسەلاتەی كـەخاوەن مولـك لـە یاسـازانیی ئیسـلامدا هەیەتی وەكو رێچكەی تاك پەروەر رەها نیە ، بەلكو پابەندی كۆمـەڵێك كۆتـە هەروەكو ئەو كۆتەی لـەوتاندنی مـاف (التعسف في اسـتعمال الحـق) وزیـان گەیاندن بەلایەنەكانی تر قەدغە دەكات.

لەکۆتاییدا لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەراورد کردنە ساکارەدا دەتوانین بڵێین کەیاسازانیی ئیسلام شوێنیکی مام ناوەندی وەرگرتووە لەنێوان ڕێچکەی تاك پەروەری ورێچکەی سۆسیالیستیدا.

لەئەنجامی خستنە ڕوو و لێکۆڵینەوەی ئەو تیۆری یانەی کەباسیان لەبیرۆ کەیماف وپێناسەی ماف کردووە بۆمان دەردەکەوێ کەتاوەکو ئێستا پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ ماف دانەنراوە وە هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کۆمەڵێك لەو کۆمەڵانە لەگۆشەیەکی دیاری کراو دەڕوانێتە ماف هەروەها دوای ئەم لێکۆلینەوەیە دەتوانین بڵێین پێناسەکردنی ماف بەشێوەیەك کە گشت ڕەگەزەکانی بگرێتەوە و تایبەت بێت پێی شتێکی ئاسان نییە.

## ڕایەڵ وجۆرەکانی ماف

ئەگەر بێت و سەرنجێکی بیروڕای یاسازانان بدەین سەبارەت بە بیرۆکەی ماف هەروەها لەو تیورییانە ووردبینەوە کە سەبارەت بەم بیرۆکەیە هاتۆتەکایەوە بەتایبەتی تیورییەکەی یاسازانی بەلجیکی جان دابان بۆمان دەردەکەوێ کەماف دەست بەسەردا ڕۆیشتن ودەسەڵات بەسەردا بوونێکە بەسەر داراییەکی دیاری کراودا، وەهیچ دەسەڵات بەسەردا بوونێك بەسەرداریەك بوونی کەسێك کەبەم دەسەڵات بەسەردابوونە هەستێ تەسەوور ناکرێت. هەروەها لەبەرامبەر ئەمانیش کەسێك وەیان کەسانێك هەن ڕێزگرتن لەم دەست بەسەرا ڕۆیشتن ودەسەڵات بەسەر دابوونە ئەرکی سەرشانیانە لەگەڵ هەڵنەستان بەدەست درێژی کردن بۆ سەریان.

لەم شیکردنەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کەس (الشخص) یەکەم ڕایەڵە لە ڕایەڵەکانی ماف هەروەها دەست بەسەرا ڕۆیشتن ودەسەڵات بەسەر دابوون

ئەوەدەگەیەنێ کەشتێك یان بەهایەك هەیە دەستی بەسەر داگیراوە ئەو شتە یان ئەو بەهایە ناوەرۆکی (محل) مافەکەیە یـان بابەتەکەیـەتی کەواتـە نـاوەرۆکی ماف (محل الحق) دووەم ڕایەڵی مافە .هەروەها دەست بەسەرا ڕۆیشتن ودەسـەڵات بەسەردا بوون بەسەر دارایی‌یەکی دیاری کراو هیچ بایەخێکی ئـەو تـۆی نابـێ ئەگەر هاتوو لەلایەن کەسانی ترەوە دەسـت درێـژی کرایـە سـەری لـەکاتێکدا ئەگەر یاسایەك نەبێ سزای دەست درێژی کەران بدات وبیان تۆقێنێـ ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێ مـاف پێویستی بـە یاسـایەك هەیـە کـە بیپـارێزێ کەواتـە پارێزگاری یاسایی ڕایەڵی سێیەمیەتی .

شایانی باسە یاسازانان سەبارەت بەدیارکردنی ڕایەڵەکانی مـاف بیروڕایـان لێك جیاوازە هەندێکیان دەڵێن ماف سێ ڕایـەڵ (ركـن)ی هەیـە خـاوەن مـاف ناوەرۆکی ماف هەروەها پارێزگاری یاسایی لەو یاسازانانە پرۆفیسـۆر دکتـۆر سەعدی بەرزنجی ودکتۆر عبدالله مصطفى دکتـۆر تۆفیـق فـرج‌وەهـەندێکی تریش هەن وای بـۆ دەچـن کەسـێ ڕایەڵەکـەی مـاف بریتـین لـەخاوەن مـاف وناوەرۆکی مافەکەو ئامانجی ماف لەم یاسازانانەش شمس الدين الوكيل.

بەهەر حاڵ ئێمـە بـیروڕای گروپـی یەکـەم سـەبارەت بـەدانانی پارێزگـاری یاسایی (الحماية القانونية)بەسێیەم ڕایەڵی ماف بەپەسند دەزانین چونکە ماف هیچ بەهایەکی نابێ ئەگەر یاسایەك کەفالەتی پاراستنی نەکات وە بەمافێکی ناتەواو دادەنرێت ورەگەزی بەرپرسیارێتیی ناتەواو دەبێت.

## جۆرەكانی ماف

لەبەر زۆری جۆرەكانی ماف وجیاوازیان لەیەكتر بەهۆی جیاوازی تـیـۆروانینی یاسازانان بۆی ناچار بـوون دابەشـی بكـەن بـۆ چـەند جۆرێـك بـەپـێی ئـەو خاسیەتانەی لەهەر كۆمەڵەیەكیان دا هەیە.

هەندێك لەو یاسازانانە مافیان دابەش كرد بۆ مافە ڕامیاریـەكان ومافـە نارامیاریەكان یان مافە شارستانیەكان لەو یاسازانانە دكتۆر تۆفیق حسن فرج ودكتۆر محمد یحیی مـطر ودكتۆرمنیر محمود الوتری.

مافە رامیاریەكان بەو مافانە دەووترێ كەلە ڕێگای دەستورەوە بۆ هەر تاكە كەسێك بریاری لەسـەر دەدرێـت بـەو سـیفەتەی كـە هاوولاتیـیـەو ئـەندامی دەولەتێكی دیار كراو یان كۆمەلێكی رامیاریە بۆ ئەوەی بتوانێ لەو ڕێگایـەوە بەشداری كاروباری حوكم ڕانیتیی ورێكخسـتنی بەرژەوەندیـیـە رامیاریـەكانی وەلاتەكەی بكات وەئەم مافانـەش لـە خزمـەتی بەرژەوەندیـیە رامیاریـەكانی كۆمەڵ دانە وەك مافی هەڵبژاردن ومافی خۆیالاوتن بۆ ئەندامێتی ئەنجومـەنی یاسادانان وشارەوانی ومافی دامەزراندن لە فەرمانە گشتی یەكان بەلام مافـە شارستانییەكان هەموو مافەكانی تر دەگرێتەوە تەنیا ئەو مافانە نەبێت كـەبۆ تاكە كەس بریاری لەسەر دەدرێت بەو سیفەتەی كـە ئـەندامی كۆمەڵەیـەكی ڕامیاریە.

شایەنی باسە ئەم مافە بۆ تاكە كەس بریاری لەسـەر دەدرێـت بەسـیفەتی ئەوەی كە ئەندامی كۆمەڵەو ئەو مافانەش بەمەبەستی پرۆسە كردنی چـالاكی یە ئاسایی یەكانی لەناو كۆمەڵ دا بریاری بۆ لەسەر دراوە لەو مافانەش ماف و ئازادییە گشتییەكان وەك مافی كەس لەژیاندا وەیـان لەسـەلامەتی لـەش وئەندامەكانی هەروەها مافی لەپاراستنی قەوارە ئەدەبی یەكـەی وەك سـومعە وشەرەف هەروەها ئازادی یە كەسییەكانیش دەگرێتەوە.هەروەها مـاف وئـازادی یە تایبەتییەكانیش دەگرێتەوە لەوانە مافی خـێزان وەك مـافی بـاوك لەسـەر

منالەکانی وەمافی منالەکان لەسەر باوکیان وەمافی مێرد لەسەر ژنەکەی وەمافی ژنیش لەسەر مێردەکەی وەهەروەها وەك مافە راستینەکان (حقوق عينية) ومافە کەسینەکان (حقوق شخصية) ومافە زەینی‌یەکان.

کۆمەڵەیەکی تری یاسازانان ماف دابەش دەکەن بۆ دووجۆر، مافە دارایییەکان pecuniares Oupatrinoniaux ومافە نادارایییەکان Extra-patirmoniaux droits لەو یاسازانانە دکتۆر حسن کیرە.

بەپێ‌بیروڕای ئەوانە مافە دارایی‌یەکان بەهەموو ئەو مافانە دەوترێ کە سروشتێکی دارایی هەبێت ومامەڵەی پێوە بکرێت. هەروەها گروپێکی تری یاسازانان دابەش کردنی مافیان بۆمافە دارایەکان ومافە نادارایەکان بەپەسند زانیوە لەگەڵ دەسکاری یەکی کەم ئەویش بە زیادکردنی جۆرێکی تری ماف لەنێوانیاندا بەناوی مافە زەینی‌یەکان.

ئەو ناوەشیان لەو مافە ناوە کە سروشتەکانیان لەسروشتی هەردوو جۆرە مافەکە دەچێ چونکە لایەنێکی دارایی و لایەنێکی تری نادارایییان تیایە بۆیە ناویان لەو مافانە ناوە مافە زەینی‌یەکان وەك مافی دانەر ومافی هونەرمەند بەسەر بەرهەمەکانیانەوە ومافی داهێنەر بەسەر داهێنانەکەیەوە وەمافی بازرگان بەسەر ناوە بازرگانی‌یەکەی.

بۆیە بەپێی بیروڕای ئەم یاسازانانە ماف دەکرێ بەسێ بەشەوە مافە دارایی‌یەکان ومافە نادارایی‌یەکان ومافە زەینی‌یەکان .لەو یاسازانانە پرۆفسۆر دکتۆر سەعدی بەرزنجی ودکتۆر رمضان ابو السعود.

لەکۆتاییدا ئەم دابەش کردنەی دوایی‌یەمان بەلاوە پەسندە بەلام دوای گۆرانکاری‌یەکی بچوك ئەویش بەگۆرینی ناوی مافەزەینی‌یەکان بۆ مافەکانی ئەفراندنە ئەقڵی‌یەکان (حقوق الابتكارات العقلية).

## مافه نادارایی یەکان

شتێکی ڕوون و ئاشکرایه مافه نادارایی یەکان بەو کۆمەڵە مافه دەوترێ کـه بەپارە ناخـەملێندرێ بۆیـه مامەڵـەی پێـوه نـاکرێت ئـەم کۆمەڵەیـه مافـه ڕامیارییەکان و مافه گشتی یه سەرەکی یەکان و ئازادی یه گشتی یه سەرەکی یەکان و مافی خێزان دەگرێتەوە .

مافه ڕامیاریەکان بەو مافانه دەوترێ که یاسا بۆ کەسێك لـەولاتێکی دیـاری کراو دانی پێ دادەنێت بەو ئیعتیبارەی که ئەندامی کۆمەڵەیەکی ڕامیـاری یـه تاوەکو بتوانێ پرۆسەی کاروبارەکانی حوکمڕانیتی وولاتەکەی بکات وبەوە جیـا دەکرێـتەوە کـه فـەرمانی ڕامیـاری ی بـەزۆرەکین و بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەوەندی یه بالاکانی کۆمەڵ بەکاردێن هەروەها تایبەتن به هاولاتیـان نـەك بێگانه . هەروەها هەموو هاولاتیەکیش ئەو مافانەیان نـابێت ئەگـەر هـەندێ مەرجی تایبەتی بۆ بەخشینیان له ئارادا نەبێت .

مافی هەڵبژاردن و مافی دنگدان و مـافی دامـەزراندن لـه فەرمانـه گشتی یەکان دیارترین نموونەی مافه نادارابیەکانن .

بەلاّم مافه گشتیەکان و ئازادی یه گشتی یەکان ئەو مافه سروشتیانەن که بـۆ مرۆڤ دانیان پیادا دەنرێت لەبەرئەوەی مرووڤه وە ئـەم مافانـەش لکـاون بـه مرۆڤەوە و لەیەکـەم چرکـەی لـەدایك بوونـی یـەوە دەی بێـت و بەمردنیشـی کۆتاییان پێ دێت هەروەها هەموو مرۆڤێك بەیەکسانی دەیانبێت .

شایانی باسه ، ئەم مافانه بەمافه گشتی یەکان وەیان ئازادی یه گشتی یەکان ناونراوە لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێك بەشێوەیەکی یەکسانی پێ یان دەبەخشرێ. هەروەها بۆیه ناونراوە بەمافه کەسی یەکان چونکه بریـتی یـه لـه کۆمـەڵێك بەها کـه بەهۆیانـەوە مـرۆڤ مفومـاتی کەسـایەتی خـۆی دەسـگیر دەبێـت ،

وەبەمافی سروشتی و مافی مرۆڤ ناویان دەبردرێت چونکە مافێکن سروشتی مرۆڤایەتی فەرزیان دەکەن و یاسای سروشتی بۆ مرۆڤ بڕیاریان لەسەر دەدات بە حوکمی ئەوەی کە مرۆڤە .

لە ڕاستیدا مێژووی سەرهەڵدانی ئەم مافانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم کاتێك هەندێك لەیاسازانە ئەوروپی یەکان لەکاتی جەنگی خاچ پەرستەکان لەبیرو بۆچونەکانی فەیلەسوفی بەناوبانگ ئەرستۆ یان کۆڵیەوە بەمەبەستی گەڕان بەدوای یاسای سروشتی .

بەلاّم مافی خێزان بەو مافە دەووترێ کە بۆ مرۆڤ دانـی پیادا دەنرێ لەبەر ئەوەی کە ئەندامە لەخێزانداو سەرچاوەی ئەم مافانەش پەیوەندی خزمایەتی یە وەلەنێو خۆیاندا جیاوازیان هەیە بەپێ ی جیاوازی مەرکەز و وەزعـی کەسەکە لەنێو خێزانەکەدا .

## مافە دارایی یەکان

بۆیە ناو نـراوە بەمافـە دارایـی یـەکان ، چونکـە بـە پـارە دەخـەملّێندرێن ، وەلەبەرئەوەی ناوەرۆکی ئەم کۆمەڵە مافە دەخولێتەوە لەگـەڵ بـەهای دارایـی سوودی شتێك لەشتەکان یان کارێك یـان نـەکردنی کـارێك بۆیـە ئێمـە وای بەپێویست دەزانین کەبگەڕێینەوە بـۆ یاسـای شارسـتانی عـیراقی ژمـارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ سەبارەت بەدارایی شت لەگەڵ مەدلولەکانیان پێش ئەوەی بچینە سەر دابەشکردنی مافە دارایی‌یەکان و چوونە بنج وبنەوانی.

لەروانگـەی یاسـاییەوە مەبەسـت لـە دارایـی (مـاڵ) هـەموو مافێکـە کەبەهایەکی دارایی هەبێ جا ئـەو مافـە هـەر چ جۆرێـك بێـت وەنـاوەرۆکی هەرچی بێت واتە چ مافی راستینە بێت یان مافی کەسینە بێت وەیـان مـافی

زەینـی بێـت هـەروەکو لـەدەقی مـاددەی (٦٥)ی یاسـای شارسـتانی نـاوبراو ئەمەمان زۆر بەراشکاوی بۆ دیاردەکەوێ کەتیایدا هاتووە:

((دارایی هەموو مافێکە کەبەهایەکی ماددی هەبێت)).

بەڵام شت بەناوەڕۆکی ئەو مافانە دەووترێ هەروەکو لەبڕگەی‌یەکی مـاددەی (٦١)ی هەمان یاسادا هاتووە و دەڵێ:

((هەر شـتێك بـەهۆی سروشـتەکەیەوە یـان بـەحوکمی یاسـا لەمامەڵـە پـێ‌کردنی دوور نەخسـترێتەوە دەکـرێ ببێتـە نـاوەڕۆکی (محـل) مافـە داراییەکان)).

لەم دوو ماددەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەبیرۆکەی دارایی تەنیا شتەکان ناگرێتەوە بەڵکو ئەو مافانەش دەگرێتەوە کەدەکەونە سەر ئەو شـتانەوە وخـۆی لەخۆیدا بـەدارایی دادەنرێـن وەك مـافی هـاتووچۆ هـەروەها ئـەو مافانـەش دەگرێتـەوە کەناوەڕۆکـەکانیان شـتێك نیـە بـەڵکو کردارێکـە یـان نـەکردنی کردارێکـە.هـەروەها مافـە مەعنەوی‌یـەکانیش دەگرێتـــەوە وەك مافـــەکانی ئەفراندنە ئەقڵی‌یـەکان ومافـەکانی پارێزگـاری کـردن لـە قـەوارەی ئـەدەبی کەسایەتی.

## مافە زەینی‌یەکان

بەومافانە دەووترێ کە دەکەوێتە سەر شتە نابەرجەستەکان وناهەستیارەکان بەگوێرەی بیروڕای باو لەبارەیانەوە گوایا بەهەست دەرکیان پێ‌نابردرێت بـەڵکو بە بیرو هۆش هەستیان پێ‌دەکرێت.بەڵام ئەم بیرو بۆچوونە ڕەهانیە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی توانای هەستیارێتی‌ی لەلایەن مرۆڤەوە چونکە هـەندێ کـەس هەسـتی شەشـەمیان هەیـە کەبـەئینگلیزی پـێ‌ی دەووتـرێ Extra Sensory Perception واتە دەرك پێکردنی لەسەرووی هەستەوە.

بەهەر حاڵ،ئەم کۆمەڵە مافە مافە زەینی‌یەکان دەگرێتـــەوە ئـەو مافانـەی کەدەکەوێتە سەر شتە مەعنەوی‌یەکانی بەرهەمە ئەقڵی‌یــەکان وەك داهێنانـە ئەقڵی‌یـەکان لەگشـت بـوارە جیاجیاکـانی چالاکی‌یـەکانی مێشـکی مرۆیـی کەپەیوەندی‌یان بەئەدەب وکاری هونەری و زانسـتی و هونـەری شـێوەکاری و وێنەگرتن و داهێنـــان ونیشـانەی بازرگـانی.ونیشـانەی خزمـەتگوزاری ونـاوی بازرگانی وهەموو مافێکی تر دەگرێتەوە کـە منبثق نـین لـەچالاکی فیکـری لەبوارەکانی پیشەسازی زانست وئەدەب و هونەر.

❊❊❊❊❊

## بەشی دووەم

# مافـــی دانـــەر

مـــافـــی دانـــەر جۆرێـــکە لـــە جـۆرەکـانـــی مـــافە زەینییـــەکان (Intellectuel property ) کە لەم سەدەیەدا لـــە لایـەن یاسـاناس و یاسـا دانەری نێو دەوڵەتییەوە بایەخی پێ دراوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی وڵاتان لە بواری تەکنەلۆژیاو زۆربوون و چالاك بوونی کەناڵە جیاجیاکانی راگـەیاندن بە تایبەتی چاپەمەنی و سەتەلایت کە بووە هۆی ئاسان کردنی گواستنەوەی بەرهەمە زەینییە جـۆراو جۆرەکـان لەبەرهەمـە ئەدەبیەکانـەوە تـا دەگاتـە هونـەری و زانسـتی و فەلسـەفی و داهێنانـەکان لـە کیشـوەرێکەوە بـۆ کیشوەرێکی تر کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا دەبێتـە هـۆی لاوازبوونـی دەسەڵاتی خاوەنەکەی بەسەریەوە و رێگە خۆشکەرێك بۆ دەست درێژی کردنە سەریان لە رێگەی دزین و وەرگێڕان و لاسایی کردنـەوەو گشـت شـێوەکانی تری دەست درێژی کردنە سەرمافی دانەر.

شایەنی باسە، بۆ رێگەگرتن لەم دەسـت درێژیانـەو دانـانی سـنوورێك لـە بەردەم ئەم کـارە ناڕەوایانـەدا وڵاتـان پـەنایان بردۆتـە بـەر پـەیمان بەسـتن و رێکەوتنی دوو قۆڵی و فرەلایەنی.

ئەوە بوو بۆ یەکەم جار لە پاریس کۆمەڵەیەك دامەزرا بەناوی ((کۆمەڵـەی نێودەوڵـەتی بـۆ ئـەدەب و هونـەر)) کـــە بـــە فەرەنســـی پێـــی دەووتـــرێ (International Association Litterqire) ئەم کۆمەڵەیـە پرۆژەیـەکی بـۆ سیستمی جیهانی لەم بارەیەوە گەڵاڵە کرد کە کۆنگرەیەك لە دوای یەکـەکانی ساڵی (١٨٨٣-١٨٨٥-١٨٦٨) لەبەر چاوگیرا هەروەها بووە بنچینەی کۆنگرەی بیرن لە (١٩) ی ئەیلوولی (١٨٨٦) کە بە کۆنترین و بە ناوبانگترین کۆنگـرەی جیهانی بۆ پاراستنی مافە زەینییەکان دادەنرێت.[٣٢] بەڵام لە رووی یاسادانان و پاراستنی ئەم مافە لە چوارچێوەی وڵاتـدا ئینگلسـتان لـەم رووەوە بەیەکـەم

وڵات دادەنرێ کە لە ساڵی (١٥٥٦) لە سەردەمی شاژنە ماری کۆمپانیای (Staaionory) مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی دیاریکرد لەگەڵ سزادانی ئەو کەسانەی دەست درێژی دەکەنە سەر ئەو مافە، هەروەها لە ساڵی (١٦٤٣) یاسای پاراستنی مافی دانەری دەرکرد دوای ئەویش یاسای ئان (Anne) لە (١٠)ی نیسانی (١٧١٠). [٣٣]

هەروەها لە فەرەنساش چەندین یاسای یەك لە دوای یەك بۆ ئەم مەبەستە دەرچوو لەوانە یاسای ساڵی (١٧٩١. ١٧٩٢. ١٨٥٢)و دوا یاسا کە تا ئێستەش کاری پێ دەکرێ یاسایی مولکدارێتی ئەدەبی و هونەرییە کە لە (١١) ی ئاداری (١٩٧٥) دەریهێناوە. [٣٤]

هەروەها لە میسر یاسای ژمارە (٣٥٤) ی ساڵی (١٩٥٤) بۆ ئەم مەبەستە دەرچوو [٣٥] و لە عێراقیش دەتوانین یەکەم هەوڵی یاسایی لەم بارەیەوە بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی عوسمانییەکان و یاسای ساڵی (١٩١٠) ی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبوو. ئەم یاسایە زۆری خایاند تا لە (٢١) ی کانوونی دووەمی (١٩٧١) یاسای پاراستنی مافی دانەر ژمارە (٣) ی ساڵی (١٩٧١) دەرهات تا ئێستەش کاری پێ دەکرێ.

ئەوەی سەرەوە کورتەیەکی مێژوویی بوو بۆ سەرهەڵدان و بایەخ پێدانی نێودەوڵەتی بۆ مافە زەینییەکان بە گشتی و مافی دانەر بە تایبەتی ئێستەش لە خوارەوە باسی سروشت و رایەڵەکانی مافی دانەر دەکەین.

## سروشت و رایەڵەکانی مافی دانەر

یاسادانەری عیراقی و گشت یاسادانەرانی تری وولاتانی دنیا لە کاتی دارشتنی ئەحکامەکانی یاسای پاراستنی مافی دانەر سروشتی یاسایی ئەم مافەیان دیارنەکردووە بۆیە بیرورای یاساناس و زانایانی یاسا لە بارەی گونجاندنی یاسایی (التکییف القانوني) ی مافی دانەر لێك جیاوازبوون، هەر ئەمەش وای کرد کە چەند تیۆرێك بۆ گونجاندنی یاسایی مافی دانەر لەلایەن ئەم یاسازانانەوە بێتە ئاراوە .

لەراستیدا بیروباوەرەکانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی و ئایین رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەهێنانەکایەوەو گەشەپێدانی ئەم تیۆرانەدا هەندێك لەو یاسازانانە بۆ ئەوە چوون (٣٦) گوایە مافی دانەر (حق المؤلف) مافی موڵکدارێتی شتێکی مەعنەوییە ، هەندێکی تر لەو یاسازانانە (٣٧) بەلایانەوە وابوو ئەم مافە مافێکی نادارابیە ، بەڵام کۆمەڵەیەکی تریان (٣٨) رایان وابوو کە ئەم مافە مافێکی تێکەڵاوە و خاسیەتەکانی هەردوو مافە دارایی ونادارابیەکانی تێدایە ..

لەبەر ئەوە دیاری کردنی سروشتی مافی دانەر و گونجاندنی یاسایی ئەم مافە وا دەخوازێت کە بەکورتی لەخوارەوە تیشك بخەینە سەر هەندێ لایەنی گرنگی ئەم سێ تیۆرە ..

یەکەم: تیۆری موڵکدارێتی مەعنەوی(٣٩)

Theorie la propriete IncorporelL

لەیەکتر نزیك بوونی مافە زەینییەکان لەگەڵ مافە راستینەکان (الحقوق العينيه) وای لە هەندێ یاسازان کرد کە مافە زەینییەکان بخەنە خانەی مافە راستینەکانەوەو بڵێن مافی ئەفراندن مافی موڵکدارێتی مەعنەوییە (٤٠) بۆیە ناویان لە مافی دانەر بەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکانی نا (مافی موڵکدارێتی ئەدەبی) ، هەروەها ناویان لە مافی هونەرمەند بەسەر بەرهەمە هونەریەکانی نا (مافی موڵکدارێتی هونەری) ، بەم شێوەیە ئەدیب و

## سروشت و رایەڵەکانی مافی دانەر

یاسادانەری عیراقی و گشت یاسادانەرانی تری وولاّتانی دنیا لە کاتی دارشتنی ئەحکامەکانی یاسای پاراستنی مافی دانەر سروشتی یاسایی ئەم مافەیان دیارنەکردووە بۆیە بیروڕای یاساناس و زانایانی یاسا لە بارەی گونجاندنی یاسایی (التكييف القانوني) ی مافی دانەر لێك جیاوازبوون، هەر ئەمەش وای کرد کە چەند تیۆرێك بۆ گونجاندنی یاسایی مافی دانەر لەلایەن ئەم یاسازانانەوە بێتە ئاراوە .

لەڕاستیدا بیروباوەڕەکانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی و ئایین رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەهێنانەکایەوەو گەشەپێدانی ئەم تیۆرانەدا هەندێك لەو یاسازانانە بۆ ئەوە چوون (٣٦) گوایە مافی دانەر (حق المؤلف) مافی موڵکداریێتی شتێکی مەعنەوییە ، هەندێکی تر لەو یاسازانانە (٣٧) بەلایانەوە وابوو ئەم مافە مافێکی نادارابیە ، بەلاّم کۆمەڵەیەکی تریان (٣٨) رایان وابوو کە ئەم مافە مافێکی تێکەلاّوە و خاسیەتەکانی هەردوو مافە دارایی ونادارابیەکانی تێدایە ..

لەبەر ئەوە دیاری کردنی سروشتی مافی دانەر و گونجاندنی یاسایی ئەم مافە وا دەخوازێت کە بەکورتی لەخوارەوە تیشك بخەینە سەر هەندێ لایەنی گرنگی ئەم سێ تیۆرە ..

یەکەم: تیۆری موڵکداریێتی مەعنەوی(٣٩)

Theorie la propriete IncorporelL

لەیەکتر نزیك بوونی مافە زەینییەکان لەگەڵ مافە راستینەکان (الحقوق العينيه) وای لە هەندێ یاسازان کرد کە مافە زەینییەکان بخەنە خانەی مافە راستینەکانەوەو بڵێن مافی ئەفراندن مافی موڵکداریێتی مەعنەوییە (٤٠) بۆیە ناویان لە مافی دانەر بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی نا (مافی موڵکداریێتی ئەدەبی) ، هەروەها ناویان لە مافی هونەرمەند بەسەر بەرهەمە هونەرییەکانی نا (مافی موڵکداریێتی هونەری) ، بەم شێوەیە ئەدیب و

هونەرمەند بە پێ ی ئەم تیۆرە دەسەلاتی مولکدارێتی تەواویان بەسەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیانەوە دەبێ هەروەك چۆن خاوەنی پارچە زەوییەك بە دەسەلاتی تەواو مافی مولکدارێتی ئەم پارچە زەوییەی هەیە (٤١) .

دووەم :تیۆری سیستەمی یەکگرتوو(Systeme Unitaire)

لایەنگرانی ئەم تیۆرە بایەخێکی زۆریان بەلایەنە ئەدەبییەکەی مافی دانەر دەدا ، بۆیە بەلای ئەوانەوە وابوو رەنێوهێنانی مافی دانەر دەرئەنجامی بەکارهێنانی لایەنە ئەدەبییەکەی مافی دانەرە واتە دانەر لە رێی چاپ و بلاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکەیەوە ئەم سوود و قازانجانەی پێ دەگات بۆیە ئەم یاسازانانە پلەیەکی نزمتریان بۆ لایەنە داراییەکەی مافی دانەر داناوە لە چاو لایەنە مەعنەوییەکەی ، هەروەها بەلای ئەوانەوە ئەم مافە بەشێکە لە کەسایەتی خاوەنەکەی و ناکرێ وازی لێ بهێنێ (٤٢)

سێیەم : تیۆری سیستمی دوولایەنی(Systeme dualist)

لایەنگرانی ئەم تیۆرە بەلایانەوە وابوو کە دانەر دوو مافی لەیەکتر جیاوازو سەربەخۆی هەیە کەبریتییە لە مافی ئەدەبی و مافی دارایی بە پێ ی ئەم تیۆرە دانەر دەسەلاتێکی ئەدەبی هەیە بۆ پاراستنی کەسایەتی کە خۆی لەبەرهەمە زەینییەکەیدا دەنوێنێ و دەکرێ مافە ئەدەبییەکانی دانەر لەگەلْ مافەکانی کەسایەتی کۆبکەنەوە . هەروەها سەرەڕای ئەم دەسەلاتە دانەر دەسەلاتێکی تری داراییشی هەیە کە دانەر بەهۆی ئەم دەسەلاتەیەوە دەتوانێ داراییی‌یەکەی کە بریتییە لە بەرهەمە زەینییەکەی بە پێی دەسەلاتە داراییەکەی بەکاربهێنێ و بەرهەمی بهێنێ بەمەبەستی وەدەست هێنانی سوود و قازانج لەبەرهەمە زەینییەکەی ..

## دەرئەنجام

لە ئەنجامی بەراوورد کردنی ئەم تیۆرانەدا بۆمــان دەردەکــەوێ کــە تیـۆری یەکەم لەشیکرنەوەو گونجاندنی یاسایی مافی دانەر بە مولٚکداریێتی مەعنەوی ئەم مافە لە چەمکــە مرۆییەکــەیدا دوور دەخاتــەوەو بــە چـاوی بازرگانییــەوە سەیری دەکات هەروەها پەیوەندی لەنێوان دانەر و بەرهەمە عەقٚلییەکەی لێـک دەترازێنــێ بــە هەڵسـانی دانــەر بـۆ دەسـت لێدانــی بەرهەمـــە ئــەدەبی و هونەرییەکەی جا ئەو دەسکارییە یاسایی یان ماددی بێـت . هــەروەها تیـۆری دووەم بەشێکی سەرەکی لە مـافی دانەر فەرامۆش کردووە کــە ئــەویش مــافی داراییە ..

بەلاّم تیۆری سێیەم بە پێچەوانــەی هــەردوو تیۆرەکــانی پێشــوو ، بایــەخی بەهەردوو لایەنی مافی دانــەر داوە هــەر لەبــەر ئەمــەش نــاوی نـراوە تیـۆری تێکــەلاّو بۆیــە بۆتــە جێگــەی بایــەخ پێـدان لەلایــەن زۆربــەی یاســازانان و یاسادانەران لەجیهاندا .

ئەمەو عــێراقیش لــەیای پاراســتنی مــافی دانــەری ژمــارە (٣) ی سـالّی (١٩٧١) و پرۆژەی یاسای شارستانی سالّی (١٩٨٤) دا لەبەر ڕۆشــنایی ئــەم تیــۆرەدا سروشــتی مــافی دانــەری دیــاری کــردووەو لــە رووی یاســاییەوە کونجاندویەتی .

شایەنی باسە ، یاسای پاراستنی مافی دانەری عیراقی ناوبراو بــە چـاوێکی جیاوازی کارانە سەیری ئەم دوو مافەی دانــەری کــردووە بۆیــە ئەحکامــەکانی هەریەکێك لەم دوو مافەی دانەری بەجیا ریّك خستووە هــەروەك لــەماددەکانی (٧ ، ١٠ ، ١٨ ،٢١ ، ٤٣) دا ئــەوەمان بـۆ دردەکـــەوێ هـــەروەها یاســـادانەری میسریش لەیاسی ژمارە (٣٥٤) ی سالّی (١٩٥٤) ئەم ڕێگەیەی گرتۆتەبەر و

ماددەکانی (٥، ١٠، ٤٢) ی (٤٣) ئەم یاسایەی بـۆ ئـەم مەبەسـتە تـەرخان کردووە .

هەروەها یاسادانەری فەڕەنسیش لەیاسای (٣) ی ئـازاری (١٩٥٧) دا ئـەم تیۆرەی بە باشتر زانیوە لەدوو تیۆرەکەی تر بۆیە بـەجیا ئەحکامـەکانی مـافی ئـەدەبی ومـافی دارایـی دانـەری ڕیـك خستووە و زۆر بەڕاشـکاوییەوە ئـــەم هەڵوێستەی یاسادانەری فەڕەنسی لەماددەکانی (١،٨،٤١) دا بەدی دەکـەین .

لەکۆتایی ئەم بەراوردکردن و تۆژینەوەیە لە بارەی مافی دانەرەوە ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە کـەس (الشـخص) کـە دانەرەکەیـە یەکـەم رایەڵـە (رکن)لەڕایەڵەکانی مافی دانەر . هەروەها لکـاندنی بەرهەمـە زەینییـەکانی دانەر بەدانەرەکەوە ڕەنێو هێنانی ئەو بەرهەمە لەلایەن خۆیەوە ئەوە دەگەیەنێ کە شـتێك هەیـەو مـافی دانـەری دەکەوێتـە سـەر ، ئـەو شـتەش نـاوەڕۆکی مافەکەیە کەبریتییە لەدانراوەکە واتە بەرهەمە زەینییەکە ، کەواتە بەرهەمـە عەقڵییەکە دەبێتە رایەڵی دووەم لە ڕایەڵەکانی مافی دانەر.

کەواتە مـافی دانەر لە دوو ڕایەڵ پێك دێ ، ڕایەڵی دانەر (رکـن المؤلـف) ، ڕایەڵی دانراو (رکن المصنف) کە لە خوارەوە بەکورتی باسیان لێوە دەکەین .

*****

## بەشی یەکەم

## دانەر (المؤلف)

زاراوەی دانـەر هـەموو کەسێك دەگرێتـەوە کـە بەرهـەمێکی عـەقلی داهێنەرانەی لە زادەی مێشکی خۆیەوە دانابێ ، جا ئەو بەرهەمە هەرچ جۆرێك بێت ، وبـەچ شـێوەیەك دەربڕابێـت مـادام تارادەیـەك داهێنـانی بـەخۆوە گرتبێ(٤٤).

دوای ئەوەی پێناسەی زاراوەی دانەرمان کرد و مەبەستمان لەم زاراوەیە روون کردەوە ئێستـە لـەخوارەوە حاڵەتـەکانی دانـەر دیـار دەکـەین لەگـەڵ دەست نیشانکردنی ئەو کەسەی کەمافی دەست بەکاربوونی دەسەڵاتی مـافی زەینـی هەیە لەو کاتانەدا کەدانەر ناوی راستەقینەی خۆی بـەدیار ناخـات یـان نـاوی خۆی بەدیار دەخات و بەتەنیا دانراوێك دادەنێت ناودەنرێت دانـراوی تاکەکـەس یان دوو کەس بەشداری لـە دانـانی دانراوێـك دەکـەن ئـەویش پێـی دەووترێ (دانراوی هاوبەش) و یان کۆمەڵە کەسێك بەراوێژکاری و چـاودێری کەسـێکی سروشتی یان کەسـێکی یاسـایی هەڵدەستن بـەدانانی دانراوێـك ئـەو کەسـە سروشتییە یان یاساییە چاپ و بڵاوکردنەوەی دانراوەکە بەناوی خۆی لەحسـێبی خۆی دابین دەکـات لـەم حاڵەتـەدا بەدانراوەکـە دەوترێـت دانـراوی بەکۆمـەڵ (المصنف الجماعی) .

### حاڵەتی یەکەم : ئەگەر دانەر ناوی خۆی بەدیار نەخات

زۆر جار وارێـك دەکـەوێ دانـەر نـاوی خـۆی لەسـەر بەرهەمـە ئـەدەبی و هونەرییەکەیەوە بـەدیار ناخـات لەبـەر چـەند هۆیـەك کەپـەیوەندیان بـەبیرو راکانییەوە هەیە یان لەبەر بەرژەوەندی خودی خۆی یان بەرژەوەندی کەسانی تـر

ناوی خۆی بەدیار ناخات بۆیــە بەرهەمەکــەی لــەژێر نازنــاوێك یــان نــاوێکی خەیاڵی و یان هەر بەبێ ناو بڵاو دەکاتەوە .

بەهەر حاڵ ، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمانــە لــەژێر نازنــاوێك یــان ناوێکی خەیاڵی و یان بەبێ ناو کەچی پاراستنی یاسایی دەیانگرێتــەوە و ئــەم شاردنەوەیە نابێتە هۆی بێ بەش بوونی دانەرەکە لە بەرهەمەکەی و مافەکــەی هەروەها هەر چەندی ئەو بەرهەمانە بەبێ ناوی و بە نادیــاری بمێننــەوە نابنــە بەربەستێك لەبەردەم دانەرەکە کەڕۆژێك لەڕۆژان خــۆی ئاشکرا بکــات و ئــەو بەرهەمانە بکاتە هی خۆی و بەناوی راستەقینەی خۆی بڵاویان بکاتەوە (٤٥)

لێرەدا کێشەیەك سەر هەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە ئایا پاراستنی یاســایی لەبەرژەوەندی کێدا دەبێ لــەکاتی بڕیــار لەســەر دانیــدا ، بۆیــە ئــەم حاڵەتــە گیروگرفتێك دروست دەکات ئــەویش چۆنیــەتی پرۆســە کردنــی مــافی دانــەرە لەلایەن خودی دانەرەکە .

یاسای پاراســتنی مــافی دانــەری عــێراقی ژمــارە (٣)ی ســاڵی (١٩٧١) لەماددەی یەك بڕگەی دوودا دەڵێ :

(بەدانەر دادەنرێ ئەو کەسەی دانراوێــك بــۆ خــۆی بــڵاو بکاتــەوە جــا چــی بەدیاریکردنی ناوی خۆی لەسەر دانراوەکەی و یان بەهەر شــێوازێکی تــر بێــت تەنیا ئەو حاڵەتە نەبێت ئەگەر هاتوو بەڵگەیەك بەپێچەوانەی ئەمە بەدەستەوە بێ ئەم حوکمەش لەسەر ناوی خوازراو دەچەسپێ بەمەرجێك بچوکترین گومــان لەڕاستی کەسایەتی دانەرەکە لە ئارادا نەبێ ) .

هەروەها لە ماددەی (٢٨) دا چارسەری چۆنیەتی پرۆســەی مــافی دانــەری کردووە لە حاڵەتی پێش ئاشکرا کردنی کەسایەتی دانەرەکەوە تــا ئــەو کاتــەی دانەرەکە خۆی ئاشکرا دەکات و بۆ ئەم مەبەستە دەڵێ :

(لەو دانراوانەی کە ناوێکی خوازراوەیان بەسەرەوەیە وا دادەنرێت کە دانەرەکە دەسەڵاتی پرۆسەکردنی مافی دانەری بە بڵاوکەرەوەکە (الناشر) دابێت تا ئەو کاتەی دانەرەکە کەسایەتی خۆی ئاشکرا دەکات و سیفەتی خۆی دەسەلمێنێ، دەکرێ ئەم ڕاگەیاندنە لەڕێگەی وەسیەتەوە بێ ).

لەدەقی ئەم ماددەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە هەموو دانراوێکی بێ ناو، هەڵبەتە یەکێك یان لایەنێك بۆ مەبەستی چاپ و بڵاو کردنەوەی پرۆسەی مافی دانەر دەکات و ئەو کەسە یان ئەو لایەنە دادەنرێت کە دەسەڵاتی ئەم پرۆسەیەی لە دانەرەکە خۆیەوە پێ درابێت چونکە هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە بەبێ ڕێگەپێدان و دەسەڵات پێدان لەجیاتی یەکێکی تر پرۆسەی مافەکانی بکات .

هەروەها لەبارەی پاراستنی یاسایی بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە لەماددەی (٢١) ی یاسای ناوبراودا هاتووە: ( ئەو دانراوانەی بەبێ ئاماژە کردن بۆ ناوی دانەرەکەی‌یان بەناوێکی خوازراوەوە (مستعار) بڵاو دەکرێنەوە ئەو پاراستنە یاساییانە نایان گرێتەوە کە لەم یاسایەدا هاتووە بەڵام ئەگەر هاتوو دانەرەکە یان میراتگرەکانی کەسایەتییەکان ئاشکرا کردئەو کاتە ماوەی پاراستنی یاسایی لە رۆژی ئەم ئاشکراکردنەوە دەست پێ دەکات).

* * * * *

## حاڵەتی دووەم: دانراوی تاکەکەس

دانراوی تاکەکەس (المصنف الفردي) ئەو دانراوەیەکە کەسێك بە تەنیا دای دەنێت[٤٦].

یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ناوبراو لە ماددەی یەك (بڕگەی دوو دا) کە لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد ئەحکامەکانی ئەمجۆرە دانراوانەی ڕێك خستووە.

حاڵەتی سێیەم: دانراوی هاوبەش(Oevure du collaboration)

دانراوی هاوبەش ئەو دانراوەیە کە زیاتر لە کەسێکی سروشتی بەشداری لە داهێنانیدا دەکەن[٤٧]. بەشێوەیەك کە پێوەندییەکی زۆر بەتین لەنێوان هەوڵ وتەقەلاّی ئەو کەسانەو ئەو ئامانجانەی کە بۆی تێ دەکۆشن هەبێ‌و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەوەیە کە دەبێ دانراوە هاوبەشەکە مۆرکێکی داهێنەرانەی پێوە دیاربێ، ئەوەی شایەنی باسە، ئەم جۆرە دانراوانە دوو جۆرن، جۆرێکیان ناکرێ‌و ناتوانرێ هەوڵ وکۆششی دانەرەکانی تیادا لێك جیابکەینەوە. جۆرەکەی تریشیان ئەوەیانە کە دەکرێ بەشی هەریەکێك لە هاوبەشەکان تیایدا لەیەکتر جیا بکرێتەوە.

یاسای عێراقی ناوبراو لە مادده (٢٥) دا ئەحکامەکانی جۆری یەکەمی ئەم دانراوانەی ڕێك خستووەو بەپێی ئەم ماددەیە دەبێ دانەرە هاوبەشەکان ڕەزامەندی یەکتری وەربگرن بۆ دەست لێدانی بەرهەمە هاوبەشەکەیان، لەهەمان کاتدا هەریەکێك لەوانە نوێنەری ئەوانی ترە بۆ هەڵسان بەکاری چاپ وبلاّوکردنەوەو ئەگەر کێشەیەکیش لەنێوانیاندا ڕوویدا ئەوا دادگەی سەرەتایی (محكمة البداءة)سەیری ئەو کێشەیە دەکاو بە بڕیارێک کۆتایی بەو کێشەیە

دەهێنێ. هەروەها هەریەکێك لەوانە دەستەلاتی تەواوی هەیە بۆ بەرزکردنـەوەی داوا دژی ئەو کەسانەی کە دەست درێژی دەکەنە سەر مافی دانەر.

بەلاَم بۆ ڕێك خستنی ئەحکامەکانی جۆری دووەم یاسـای نـاوبراو مـاددەی (٢٦)ی تەرخان کردووەو بە پێی ئەم ماددەیە هەریەکێك لەدانەرە هاوبەشەکان بۆی هەیە بەتەنیا سوود لەو بەشە ببینێ کە بـە هۆیـەوە بەشـداری لـەدانراوە هاوبەشەکە کردووە بەمەرجێك ئەو کارە زیان بە دانراوە هاوبەشەکە نەگەیەنێ.

ئەوەی شایەنی باسە، یاسـادانەری عـێراقی سـەرەڕای ئـەوەی لـە هـەردوو مـاددەی (٢٥) و(٢٦) دا ڕێگـەی لەبـەردەم دانـەر گرتـووە بـۆ تەسـەڕووف پێوەکـردن بەبەرهەمـە هاوبەشـەکە بـەبێ ڕەزامـەندی ودەسـتەلاتی کەسـە بەشداربووەکان کەچی چەند دانراوێکی لـە ئەحکامـەکانی ئـەم دوو ماددەیـە ریزپەر (استثناء) کردووە هـەروەك ئـەوەمان لـە مـاددەی (٢٩، ٣٠،٣٢) بـۆ بەدیار دەکەوێ.

بەپێی ئەم مادانە یەکێك لەلایەنە هاوبەشەکان تەواوی دەسـتەلاتی پرۆسـە کردنی مافی دانەری هەیە بەبێ گەڕانەوەی لای لایەنەکانی تـر بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەندی ودەستەلاَت ورێك کەوتن بۆ بەکارهێنانی ئەم مافە. باشترین نموونەی ئەم جۆرە دانراوانە دانراوی ئەداو ئاوازی مۆسیقیە. (الموسيقا الغنائيه) کە دوو لایەن بەشداری تیادا دەکەن، لایـەنێکیان دانـەرە مۆسـیقیەکەیەو لایەنەکـەی تریشیان دانەرە ئەدەبیەکەیە. بەپێی ماددەی (٢٩) ئەفزەلیەت دەدرێتە دانەری بەشە مۆسیقاکە لەبەر ئەوەی لەم وێنەیەدا بـەگرنگترین لایـەن دادەنـرێ هـەر بۆیە دانەرەکەی تەواوی دەسەلاتی بەکارهێنان ورەنێـو هێنـانی بەرهەمەکـەی هەیەو خۆی مافی پرۆسەکردنی تەواوی مافی دانەری هەیە بەمەرجێك زیان بە بەرژەوەندی دانەری لایەنە ئەدەبیەکە نەگەیەنێ. هەروەها لەو دانراوانە کـە لـە

ڕێگەی جولانەوەو مۆسیقاوە جێ بەجێ دەکرێ، دوو دانەری هەیــە، یـەکێکیان دانەری بەشی جموجۆڵەکەیە (مؤلف حركات او استعراضات)و ئەوەی تریشــیان دانەری بەشە مۆسیقیەکەیە.

بەپێی ماددەی (٣٠) یاسای ناوبراو دانەری بەشـی جموجـۆڵ وپیشـاندانەکە بەدانەری سەرەکی دادەندرێت هەر بۆیە تەواوی دەستەڵاتی دەسـت بـەکاربوونی مافی دانەری هەیە.

## حاڵەتی چوارەم: دانراوی بە کۆمەڵ

دانراوی بە کۆمەڵ (المصنف الجماعی) ئەو دانراوەیە کــە کۆمــەڵێك کـەس بەڕاسپاردەو رابەرێتی کەسێکی سروشتی یان کەســێکی دەسـتکرد (الشـخص المعنوی) (٤٨)دایدەنێن هەروەها لە ژێر چاودێری ئەو کەسەو بۆ حسـێبی ئـەو بلاودەکرێتەوە هەروەها بەرهەمی بەشدار بووەکانی لــە ئامانجـە گشـتییەکەدا یەك دەگرنەوە ئەو ئامانجەی کە کەســە سروشـتیەکە یـان کەسـە دەسـکردەکە مەبەستی بووە بە بەشێوەیەك کە ناکرێ وناتوانرێ بەشە کاری هەریــەکێك لـە بەشداربووەکان لەیەك جیا بکرێتەوە.

باشـترین نموونـەی دانـراوی بـە کۆمــەڵ کتێبـی قوتابخانـەکان ودایــەرەی مەعاریفە. لە هەندێك جۆری ئەم دانراوانەدا کەسە بەشداربووەکان بۆیان نییـە پرۆسەی مافی دانەر بکەن تەنیا ئەو کەسە سروشتییە، یان دەســتکردە نـەبێت کە سەرپەرشتی لەسەر کارەکە کردووە وراوێژی کردوون وەك وەزارەتی پــەروەردە لە نموونەی سەرەوەدا.

بەڵام لەهەندێ جۆری تریان ئەگەر هاتوو بتوانرێ بەشە ئیشی هەر یــەکێك لە دانەرە بەشداربووەکان لەیەك جیابکرێتەوە ئەوا هەر یـەکێك لـە دانـەرەکان وکەسە سروشتییەکە، یان کەسە دەستکردەکە هــەر هــەموویان مــافی دەسـت بەکاربوونی مافی دانەریان هەیە بەمــەرجێك زیـان بـە دانــراوە بەکۆمەڵەکـە نەگەیەنن(٤٩).

## بەستی دووەم

## دانراو (المصنف)[٥٠]

ماددەی دووی یاسای عێراقی ژمارە (٣) ی‌ساڵی (١٩٧١) ئەو دانراوانەی دیاری کردووە کە پاراستنی یاسایی دەیانگرێتەوە تیایدا هاتووە:

ئەم پاراستنە ئەو دانراوانە دەگرێتەوە کە بە نووسین یان بە دەنگ یان بە نەخشەکێشان یان بە وێنە یان جوولە دەردەبڕین وبەشێوەیەکی تایبەتی ئەمانەی خوارەوە:

١-دانراوە نووسراوەکان.

٢-ئەو دانراوانەی کە بەقسە دەوترێنەوە وەکو کۆڕگێڕان و وانە وتنەوەو خوتبەدان وهەر شتێك بە وانە بچێت.

٣-ئەو دانراوانەی دەکەوێتە بواری هونەری نەخشە سازی وێنە کێشان بە هێلکاری یان بە ڕەنگ. ڕەنگەکان یان بە هەڵکۆڵین یان بە داتاشین یان بە بیناسازی.

٤-دانراوە شانۆیی، یان شانۆییە مۆسیقیەکان.

٥-ئەو دانراوانەی کە بە جووڵە یان بە چەند هەنگاوێکی هونەری پێشکەش دەکرێن.

٦-دانراوە مۆسیقیەکان ئەگەر هاتوو لەفزی لەگەڵ دابێ یان لەگەڵ لەگەڵیدا نەبێ.

٧-دانراوە فۆتۆگرافییەکان یان سینەماییەکان.

٨-ئەو دانراوانەی کە بۆ ئیزگەو تەلەفزیۆن ئامادەکراون.

٩-نەخشەو هێلکاری وبەرجەستە زانستیەکان.

١٠-خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

لەراستیدا یاسادانەری عێراقی هەروەها یاسادانەری میسریش بۆ ریز کردنی ئەو دانەری کە پاراستنی یاسایی دەیانگرێتەوە سوودی لە ماددەی یەکی (پەیمانی بێرن) ساڵی (١٨٨٦) وەرگرتووە کە لە ماددە یەکی ئەم پەیمانەدا ناوی چەند جۆرە دانراوێك بۆ نمونە ریز کراوون نەك بەشێوەیەکی دیاریکراوو گەمارۆدراو.

بەهەر حاڵ، دانەری ئەو دانراوانەی لەسەرەوە باسمان کردن سوود لە پاراستنی یاسایی بۆ پاراستنی دانراوەکانیان وەردەگرن هەروەکو لە بڕگەی یەکی ماددەی یەکی یاسای ناوبراودا هاتووە:

(هەموودانەرێکی دانراوە داهێنەرەکان لە بواری ئاداب وهونەرو زانیاریدا سوود لە پاراستنی ئەم یاسایە وەردەگرێ جۆری ئەو دانراوانە یان رێگەی دەربرینیان یان گرنگێتیەکەیان یان مەبەستی پۆلین کردنیان هەرچیەك بێت).

لەم ماددەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو دانراوانەی کە پاراستنی یاسایی دەیانگرێتەوە دەبێ بڕێکی دیاریکراو، داهێنانی نوێیانە پێوە دیار بێت .مەبەست لە داهێنانی نوێ ئەوەیە کە دانەر توانیبێتی جێ پەنجەی بەسەر دانراوەکەیدا دیاربێ وکەسایەتیەکەی لەنێو بەرهەمە زەینیەکەیدا رەنگ بداتەوە.

بۆ تیشك خستنە سەر مەرجەکانی پاراستنی دانراوەکان بە پێویستی دەزانین لە دوو لقدا باس لە رەگەزە سەرەکیەکانی ئەو دانراوانە بکەین کە پاراستنی یاسایی دەیانگرێتەوە..

*****

## لقی یەکەم

## رەگەزە سەرەکیەکانی دانراوە پارێزراوەکان

هەروەکو لەمەوپێش روونمان کردەوە کە یاسادانەر رەگەزی داهێنانی لە دانراوەکاندا بەمەرجێك داناوە بۆ پاراستنی یاسایی ئەو دانراوانە.

بۆیە بەپێی ئەم مەرجە دەبێ دانەر شتێکی نوێی لە جیهانی فیکردا هێنا بێتە کایەوە وبڕێکی نوێی داهێنانی خستبێتە سەر ئەو بڕەی کە لەوەوپێش هەبووە وکەسایەتی خاوەنەکەشی بەهۆیەوە دیار بکرێت ولە کەسایەتیەکانی تر جیاواز بکرێتەوە بە پێچەوانەوە ئەو دانراوە پاراستنی یاسایی نایگرێتەوە[٥١].

هەر بەم مەبەستە یاسادانەری عێراقی لە مادده شەشی یاسای ناوبراودا ناوی ئەو دانراوانەی ریز کردووە کە پاراستنی یاسایی نایانگرێتەوە لەوانە دانراوی کۆمەڵە چیرۆك وپەخشان وشیعرو پارچە مۆسیقای کەسانی تر هەروەها دانراوی ئەو کۆمەڵە دانراوانەی کە بوونەتە موڵکی دەوڵەت هەروەها کۆمەڵەی بەڵگە رەسمییەکان وەك یاساکان ورێساکان وپەیمانە نێو دەوڵەتیەکان وئەحکامەکانی دادگەکان وهەموو بەڵگەیەکی تری رەسمی.

تەنیا لەیەك حاڵەتدا پاراستنی یاسایی ئەم دانراوانەی سەرەوە دەگرێتەوە ئەگەر هاتوو دانراوەکە لە دانراوی تر جیاوازبێت وهۆی ئەم جیاوازیەش بگەرێتەوە بۆ داهێنان یان تەرتیب یان هەر هەوڵ و تەقەلایەکی کەسی کەشایەنی پاراستن بێت .لەم دەقانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دانراو بۆ ئەوەی پاراستنی یاسایی بیگرێتەوە دەبێ هەندێ رەگەزی سەرەکی تیا بێت بەڵام بابزانین ئەم رەگەزانە چین؟

یاسازانان بیروڕایان لەم بارەیەوە لێك جیاوازە.

هەندێ لە یاساناسان بۆ ئەوە دەچن کە داهێنان تاکە ڕەگەزە کە پاراستنی یاسایی دانراوەکەی لەسەر بنیات دەنرێت (٥٢) هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە دەبێ دوو ڕەگەزی سەرەکی لە دانراوەکە هەبێ یەکەمیان دەبێ دانراوەکە برێکی گونجاوی داهێنان بگرێتە خۆو دووەمیشیان، ئەوەیە کە دەبێ بیرۆکەی دانراوەکە لە زەینی دانەرەکە بێتە دەرەوە وبێتە جیهانی دەرەوە (٥٣)

بەلاّم کۆمەڵەی سێیەم لە یاساناسان وای بۆ دەچن کە دەبێ دانراوەکە سێ ڕەگەزی تیا بێ تاوەکو پاراستنی یاسایی بیگرێتەوە ئەویش یەکەم بیرۆکەیە دووەم نەخشەدانانەو سێیەم دەربرینە (٥٤).

بەرای ئێمە ئەوەی یاسازانانی کۆمەڵەی یەکەم ودووەم ناویان لێ ناوە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دانراوە پارێزراوەکان تەنیا شیکردنەوەی داهێنانەکە خۆیەتی. بۆیە داهێنان بە تاکە ڕەگەزی سەرەکی ئەم دانراوە پارێزراوانە دەزانین چونکە داهێنان خۆی لە خۆیدا بە چوار قۆناغ تێپەر دەبێ[٥٥] بەشێوەیەك کە لە گەشەی کۆرپەڵەی ناوزگی دایك دەچێ بۆیە لە سەرەتا ئەدیب یان هونەرمەند بیرۆکەیەکی ساکار وەردەگرێت ولەناو ڕەحمی بیرو شارەزاییو ڕۆشنبیریو تەکتیکاتەکانی وشتە نوێیەکانی ڕۆژانەییدا لە ئامێزی دەگرێت وبەشێوەیەك کە لە دواییدا بەباشترین وقەشەنگترین شێوە دەری دەهێنێ لە خوارەوە بە کورتی باس لەو قۆناغانە دەکەین کە ئەمانەن:

یەکەم: قۆناغی ئامادە باشیو ئامادەکردن

لەم قۆناغەدا دانەر ئەدیب یان هونەرمەند بە دوای داهێنانێك لە گشت لایەنەکانیەوە دەگەڕێ، هەروەها بواری ئەوەی دەدرێتێ کە زانیاری پێویست و شارەزاییو پسپۆری مەعریفی وەدەست کەوێ کە ڕێگەی

ئەوەی بۆ خۆش دەکات ئەو بابەتە داهێنانەی بیری لێ دەکاتەوە بە ئەنجامی بگەیەنێ.

دووەم: قۆناغی لە ئامێزگرتن

لەم قۆناغەدا داهێنەر بە چەند ساتێکی دڵەڕاوکێی بەردەوام تێ دەپەڕێ بۆ گەڕان بە دوای بیرۆکەیەك یان چارەسەرێك بۆ بابەتی داهێنانەکەی. لەم قۆناغەدا داهێنەر پێویستی بەهەوڵ وتەقەلای زەینی هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی کە لەناو زەینیدا دەخولێتەوە بۆیە پێویستی بەناوە ناوە پشوودان وناوە ناوە رامان هەیە.

سێیەم: قۆناغی ئیلهام

ئیلهام کردارێکی زەینییە عەقڵی مرۆڤ پێی هەڵدەستێ. ئەم قۆناغە بە ناسکترین قۆناغی کردارەکانی داهێنان دادەنرێت لەم قۆناغەدا عەقڵ کرداری داهێنانەکە لە لای خۆیەوە یەك لا دەکاتەوە بۆیە لەو کاتەدا بیرۆکە نوێیەکە لەدایك دەبێت وداهێنەرەکەش هەست بە باوەڕ بەخۆ بوون ودڵنیا بوونی تەواو دەکات، هەست بەوە دەکات کە ئەو شتەی دای هێناوە شتێکی نوێیە[٥٦].

چوارەم: قۆناغی جێبەجێ کردن وبەرهەم هێنان

لەم قۆناغەدا کردارەکانی داهێنان پێ دەنێتە سووری کۆتایی بۆ پالاوتن وپاککردنەوەی بیرۆکەکە بۆ تەواو کردنی کارە داهێنەرەکەو ئەمەش لەسەر کەسایەتی وتوانای عەقڵی داهێنەرەکە خۆی دەوەستێ[٥٧].

دوای ئەوەی باسی قۆناغەکانی داهێنانمان کرد بە پێویستی دەزانین ئەوەش بڵێین کە داهێنان وەك رەگەزێك لە رەگەزەکانی دانراوە پارێزراوەکان و وەك

مەرجێکیش لە مەرجەکانی پاراستنی یاسایی گـەلێك وێنـەو پلـەی لەیـەکتر جیاوازی هەیە.

وێنەی یەکەم/ داهێنانی تەواو:

ئەو جۆرە دانراوانە دەگرێتەوەکە دانەرەکانیان بـۆ داهێنانیـان راستـەوخۆ پـەنا دەبەنە بەر رەنێوهێنان توانای عەقڵی خۆیان نەك ئەو دانراوانەی کە لـەوەوپێش هەبوونە.

وێنەی دووەم/ داهێنانی رێژەیی:

ئـەو جـۆرە دانراوانـە دەگەرێتـەوە کـە لـە رێگـەی دووبـارە بلاوکردنـەوەی بەرهەمێك یا لە رێگەی گۆرین یان لێکۆلینەوە یان شـیکردنەوە دێتـە ئـاراوە یان لە رێگەی گورین لە رەنگێك لە رەنگەکانی ئاداب و هونـەرو زانیـاری بـۆ رەنگێکی تر یان کورتکردنەوەی یان دەسکاری کردنی یان لێکۆلینەوەو تەعلیق لەسەردان یان دوبارە دارشتنەوە و ریزکردنـی بەمـەرجێك برێکـی دیـاریکراوی داهێنان بە خۆوە بگرێت.

ئەوەی شایەنی باسە، هەر دانراوێك ئەو مەرجانـەی سـەرەوەی تیـا بێتـەدی یاسا دەیپارێزێ وهەرکەسێکیش دەسـت درێـژی بکاتـە سـەری دەکەوێتـە بـەر لێپرسینەوەی یاسایی وبەپێی ئەحکامەکانی یاسای پاراسـتنی مـافی دانـەری عیراقی ناوبراوو ئەحکامە گشـتیەکانی یاسـای شارسـتانیو یاسـای سـزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩) سـزا دەدرێـت بـەلاّم ئـەم پاراسـتنە یاساییە بۆ تاهەتایی نییەبـەلکو بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراوە بـە پێـی جـۆری دانراوەکە یان کەسی دانەرەکە.

بەهەرحاڵ، بەشـێوەیەکی گشـتی هـەموو بەرهـەمێکی ئـەدەبی وهونـەری بەدرێژایی تەمەنی دانەرەکە، یاسا مافی دارایی خاوەنەکەی دەپارێزێ.

بەلاّم سەرەرای ئەمەش یاسادانەری عێراقی سێ حاڵەتی لـە ئەحکامـەکانی ئەم بنچینە گشتییەی ریزپەرِ (استثناء) کردووە.

## حاڵەتی یەکەم

ئـەو بەرهەمــە فۆتۆگرافــیو ســینەماییانەی کـە بـۆ گرتنیــان پشـت بــە وێنەگرتنێکی ئالی دەبەستن بە تێپەربوونی پێنج ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئــەو بەرهەمە بۆ یەکەم جار بەسەر دەچێ.

## حاڵەتی دووەم

پاراستنی مافی دانەر یـان وەرگـێڕ بـۆ وەرگـێڕانی بەرهەمەکـەی بـۆ زمــانی عەرەبی بە تێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر دەچــێ ئەگـەر بـەخۆی لـەو ماوەیــەدا بەرهەمەکەی خۆی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕا.

## حاڵەتی سێیەم

پاراستنی مافی دانەر بەتێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی دانراوەکە بۆ یەکەم جار بەسەر دەچێ ئەگەر هاتوو دانەرەکەی کەسێکی دەســکردی گشــتی یان تایبەتی بێت.

دوای ئەوەی باسی ماوەی پاراستنی مافی دانەرمان لـەکاتی ژیـانیدا کــرد ، ئێستە بەکورتی باسی ئەو پاراستنەی لە دوای مردنیدا دەکەین.

بەشێوەیەکی گشتی مافی دانــەر دوای مردنــی لـە ڕۆژی مردنییــەوە تــاکو بیست وپێنج ساڵ دەپارێزرێ، بــەلام یاســادانەری عــێراقی چـەند ڕێزپــەرێکی بەسەر ئەم ئەحکامانەدا هێناوە بەپێی حاڵەتەکان وبەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: لە گشــت دانــراوە هاوبەشــەکاندا لــە ڕۆژی مردنــی دوایــەمین دانــەرە هاوبەشەکە ، یاسا مافی دانەرەکە تاکو بیست وپێنج ساڵ دەپارێزێ تەنیا وێنەی فۆتۆگرافی وسینەمایی نەبێت کەلە پێنج ساڵ زیاتر یاسا مــافی دانەرەکەی ناپارێزی.

دووەم: ئەو بەرهەمانەی کە ناوی دانەرەکانیان یان هەر نازناوێکیان بەسەرەوەنییە، ماوەی پاراستنی یاسایی مافی دارایی دانەرەکە لە ڕۆژی ئاشکرا کردنی ناوی دانەرەکە لەلایەن خۆیەوە یان دوای مردنی لەلایەن میراتگرەکانیەوە دەست پێدەکات بۆ ماوەی بیست وپێنج ساڵ بەمەرجێك کە ئەو ماوەیە هەر چۆنێکی بێت نابێت لە پەنجا ساڵ کەمتر بێت لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکە بۆ یەکەم جار.

لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی گشتی ماوەی پاراستنی یاسایی بۆ مافی دانەر نابێ لە پەنجا ساڵ کەمتر بێ. ئەم ماوەیەش لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بەرهەمە زەینییەکە بۆ یەکەم جار دەست پێ دەکات و دوای مردنی دانەرەکەش بەردەوام دەبێت.

ئەم پاراستنە یاساییە تاهەتایە نییە، بەڵکو بە تێپەربوونی دووسەد ساڵ بەسەر دەرچوونیدا بەرهەمەکە دەبێتە بەشێك لە کلتوری ڕۆشنبیری گەل ویاسای شوێنەوارە کۆنەکانی عێراقی ژمارە (٥٩) ی ساڵی (١٩٣٦) ی بەسەردا دەچەسپێ وبەوپێیە هەردەست درێژیەك بکرێتە سەر یەکێك لەو بەرهەمانە دەست درێژی کەرەکە لەلایەن دەوڵەتەوە بە توندی سزا دەدرێ.

*****

# بەشی سێیەم

# ناوەرۆکی مافی دانەر

لەدەقی مادده حەوتی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقیدا هاتووە: ((تەنیا دانەر مافی ئەوەی هەیە کە بڕیار لەسەر بلاوکردنەوەی دانراوەکەی بدات هەروەها دیار کردنی ڕێگای ئەو بلاوکردنەوەیە هەروەها مافی ئەوەی هەیە کەڵك لە دانراوەکەی وەربگرێت بە هەر ڕێگایەکی رەوا کە خۆی هەڵی دەبژێرێ)) لە ناوەرۆکی ئەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ، بەرژەوەندی دانەر دوو لایەنە ، لایەنێکی دارایی ولایەنێکی ئەدەبی بەرژەوەندییەکی ئەدەبی هەیە وادەخوازێ کە کەسایەتیی مرۆڤایەتیی دانەرەکە پارێزراوبێت کە خۆی لەبەرهەمە هزرییەکەیدا دەبینێتەوەو تێیدا لایەنە ئەدەبییەکەی مافی دانەر بەدیار دەکەوێت، هەروەها بەرژەوەندییەکی دارایی هەیە وادەخوازێ کە دانەر خۆی بەتەنیا مافی هەیە بەرهەمەکەی بەهەر ڕێگایەکی رەوا کە خۆی هەڵی دەبژێرێ بەکاربهێنێ بەمەبەستی وەدەست هێنانی کەڵکە داراییەکەی.

بەم شێوەیە مافی دانەر دوو رەگەزی تیایە : رەگەزێکی ئەدەبی وەرەگەزێکی دارایی بەم شێوەیە دانەر کۆمەڵێک مەزایای بەسەر بەرهەمەکەی هەیە کە سروشتێکی هزری یان سروشتێکی دارایی هەیە. هەر بۆیە یاسای ولاتە عەرەبییەکان لەم سەردەمەدا ، هەروەها یاسای ولاتە بیانییەکان وای وەسف دەکەن کە مافی دانەر مافێکە لە جۆری تایبەتی.

*****

## مافی ئەدەبیی دانەر

مافی ئەدەبی بەر لەمافە داراییەکە هەیە وتا دوای کۆتـایی هـاتنی مافـە داراییەکەش هەر بەردەوام دەبێت هەروەها لایەنە ئەدەبییەکـە لـەمافی دانـەر لەپێشەوەی لایەنە داراییەکەی مافی دانەر دێت ، چونکەلەدروسـت بوونیـدا- واتە لە دورستبوونی مافی دانەر- تەنیا پشت بەو رەگـەزە واتاییـە دەبەستێ. لایـەنی دارایـی تیـایدا لـە ئـەنجامی دەسـت بـەکاربوونی خاوەنەکـەی بـە بەکارهێنانی بەرهەمە هزرییەکەی بەدیار دەکەوێت.

ئەم رەگەزە ئەدەبییە بە مافە لکاوەکان بە کەسایەتیی خاوەنەکەی دادەندرێ لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێزی بـە کەسـایەتیی خاوەنەکـەی هەیـە بۆیـە بەرهەمە هزرییەکان بەبەشـێك لـە هـزرو ئـەقڵی مـرۆڤ دادەندرێـن لایەنـە ئەدەبییەکـەی مـافی دانـەر چـەند دەسەڵاتێکـ بەدانـەر دەبەخشـێت کەلـە رێگایانەوە دانەر دەتوانـێ کەسـایەتی خـۆی بپـارێزێ کـە خـۆی لەبەرهەمـە هزرییەکەی دەبینێـت .بۆیـە بەپێویسـتی دەزانـین تیشکـ بخەینـە سـەر ئـەو دەسەڵاتانە لە ژیانی دانەرو دوای مردنی.

یەکەم : ئەو دەسەڵاتانەی کەمافی ئەدەبی دەیبەخشێ بەدانەر لەکاتی ژیـانیدا

یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٧١) لـە برگـەکانی (٧،١٠،٤٣) کۆمـەڵێك دەسـەڵاتی بەدانـەر بەخشـیوە بـۆ پرۆسەکردنی مافە ئەدەبییەکەی لەکاتی ژیانیدا کە ئەمانەی خوارەوەن:

- دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی.
- دەسەڵاتی دیاریکردنی چونێتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی.
- دەسـەڵاتی خسـتنە پاڵـەوەی بەرهەمەکـە بـۆ خـۆی واتـە ئـەو بەرهەمـە بەبەرهەمی خۆی دابنێ.

□ دەسەڵاتی هەموار کردن وگۆڕین.

□ دەسەڵاتی کشانەوەی بەرهەمەکەی لە دەستاو دەستی خەڵك واتە لەناوبردنی.

دووەم: ئەو دەسەڵاتانەی کە مافی ئەدەبی دەیبەخشێ بە میراتگری دانەر لەدوای مردنی دانەر

لەبەرئەوەی مافی دانەر یەکێکە لە مافە لکاوەکان بە کەسایەتیی بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێ کە دوای مردنی خاوەنەکەی کۆتاییان پێ بێت بەلاّم بۆ ڕێزلێنان لە یادی دانەر لەبەرئەوەی بەرهەمەکە بەتەنیا بۆ دانەرەکە دەمێنێتەوە بۆ تا هەتایە، بۆیە یاسای گشت وڵاتێک بڕیاری داوە بەگواستنەوەی هەندێك لەو دەسەلاتانەی کەمافە ئەدەبییەکە دەیبەخشێ بۆ میراتگرانی دانەرو ئەو کەسانەی کە دانەر وەسیەتی بۆ کردوون لەسنورێکی دیاریکراودا تا بتوانێ پارێزگاری لە ناوو ناوبانگی ئەدەبی وهونەری دانەر بکات بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە دانەر بەر لە مردنی پێی ڕازی بوو بێت.بۆیە تەنیا میراتگران مافی ئەوەیان هەیە بڕیارلەسەر بلاّوکردنەوەی بەرهەمە هزرییەکەی میرات لێگیراوەکەیان کە دانەرە بدەن کە نەیتوانیوە لەکاتی ژیانیدا ئەم کارە ئەنجام بدات بەمەرجێک وەسیەتێکی پێچەوانەی ئەمەی نەکردبێت بەلاّم ئەگەر دانەر بەر لەمردنی مێژوویەکی دیاریکراوی دەست نیشان کردبێ بۆیان نییە بەر لە تێپەربوونی ئەو ماوەیە بەرهەمەکەی بلاّوبکەنەوە.

شایانی باسە ،لەهەموو حاڵەتێك دەبێ میراتگرەکان خۆیان بەویست وئارەزووی ئاشکرای دانەرەکە ببەستنەوە ئەگەر ئەم ویست وئارەزووە ئاشکرایە بەر لە مردنی دانەرەکە بەدیارنەکەوت لەو حاڵەتەدا مافی بڕیاردان لەسەر بلاّوکردنەوەی بەرهەمەکە بۆ میراتگرەکان دەگوێزرێتەوە بەلاّم ئەم دەسەلاتە

لەیاسای عێراقیدا قەیدێکی لەسەرە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەویش ئەمەیە ئەگەر هاتوو میراتگرەکان یان خەلەفەکان لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانی بەرهەمەکە بلاوبکەنەوە وەزیری راگەیاندن بۆی هەیە جێگای ئەوان بگرێتەوە لەو مافەدا واتە مافی بلاوکردنەوەی بەرهەمەکە بەلام دوای ئاگاداری کردنەوەی ناوبراوان بەنووسراوێک تیایدا ئاگاداریان دەکاتەوە بەپێویستی بلاوکردنەوەی بەرهەمەکە لەماوەی سێ مانگ لە رۆژی ئاگادار کردنەوەیاندا ئەگەر دستیان بەبلاکردنەوەی بەرهەمەکە نەکرد ئەوکاتە وەزیری راگەیاندن بۆی هەیە دەست بەبلاوکردنەوەی بەرهەمەکە بکات بەلام دەبێ قەرەبوویەکی دادپەروەرانەی میراتگرەکان یان خەلەفەکانی دانەر بکات.

شایەنی باسە ئەم حوکمەی یاسای عێراقی کۆکە لەگەڵ سیستمی سۆسیالزم بەتایبەتی دەقەکانی یاسای شارستانی سۆڤێتی پێشوو ژمارە (٥٢) سالی (١٩٦١) هەروەها یاسای شارستانی رووسیا سالی (١٩٦٤) هەروەها میراتگرەکان مافی ئەوەیان هەیە پارێزگاری لەلکاندنی بەرهەمەکە بەناوی دانەرەکە بکەن ، هەروەها پارێزگاری لەبەرهەمەکە بکەن وەک خۆی ولێی نەگەرێن هیچ شتێکی لێ لابدرێ یان بگۆردرێ هەروەها مافی ئەوەیان هەیە هەموو دەست درێژییەک بۆسەر ئەم مافە دوور بخەنەوە هەروەها بۆیان هەیە داوای قەرەبووی هەرزیانێکی ئەدەبی بکەن کەلە ئەنجامی ئەم دەست درێژی کردنەدا دێتە ئاراوە. لەکۆتاییدا مافی کێشانەوەی بەرهەمە هزرییەکە لەدەستاودەست ولەناو بردن بەمافێک لەمافە کەسایەتییەکان دادەنرێت کە تەنیا دانەر پرۆسەی دەکات ودوای مردنی بۆ میراتگرەکانی ناگوێزرێنەوە بەلام ئەگەر هاتوو دانەر خۆی بەر لەمردنیدا وەسیەتی ئەوەی کردبێت ئەوکاتە میراتگرەکان بۆیان هەیە بەرهەمەکە لەبەر دەستان بکێشنەوە تا ناو وناوبانگی دانەرەکە بەو هۆیە نەزرێت کە خۆی بەر لە مردنی پێشبینی کردووە.

## مافی دارایی دانەر

مافی دارایی دووەم مافی دانەرە بەسەر بەرهەمە هزرییەکەیدا .ئەم مافە گوزارشت لەپەیوەندی نێوان دانەر کە خاوەنی بەرهەمە هزرییەکەیە و بەرهەمەکەی کە کەلەپوورە ئەدەبی و هونەری وزانستییەکەیەتی دەکات بۆیە دادپەروەری وادەخوازێ کەگشت داهێنەرێك بواری ئەوەی پێ بدرێت کە بتوانێت کەڵك لە داهێنانەکەی وەربگرێت لە رێگای رەنێوهێنانی بەرهەمە هزرییەکەی لەرێگای پێشکەشکردنی بۆ جەماوەر تا قازانجێکی دارایی لێ بەدەست بگات .مافی رەنێوهێنانی بەرهەمەکە لەوانەیە دانەر خۆی پرۆسەی بکات یان لەبری پارەیەکی دیاریکراو بۆیە کێکی تر دەستی لێ هەڵبگرێ.

مادده (٧)ی یاسای عێراقی گوزارشتی لەو مافە کردووەو دەڵێ ((تەنیا دانەر بۆی هەیە بەهەر رێگایەکی رەوا کە خۆی هەڵی دەبژێرێ کەڵك لەبەرهەمە هزرییەکەی وەربگرێ، هیچ کەسێکی تر بۆی نیە بەبێ رەزامەندی پێشینەی ئەو یان ئەو کەسەی ئەو مافەی دراوەتێ پرۆسەی ئەم مافە بکات)).

بەڵام ئەمە رێگا لە دانەر ناگرێت کە رەفتار بەو مافە بکات لە رێگای گواستنەوەی بۆ یەکێکی تر لەبری پارەیەکی دیاریکراو یان بەبەخشین بەشێوەیەکی تەواو یان ناتەواو .هەر بۆ ئەم مەبەستە لە مادەی (٣٨)ی یاسای عێراقیدا هاتووە:

((دانەر بۆی هەیە مافەکانی کەڵك وەرگرتن کەلە یاسادا هاتوون بۆ کەسێکی تر بگوێزێتەوە بەڵام گواستنەوەی یەکێك لەو مافانە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کەسە مافی پرۆسەکردنی مافێکی تری هەبێ)).

لەکۆتاییدا ،یاسا دانەری عێراقی مەرجی ئەوەی داناوە کە هەر رێکەوتنێك لە سەر گواستنەوەی ئەو مافە داراییانە لەدانەرەوە بۆ کەسانی تر دەبێ

بەشیوەیەکی نوسراوبێ .هەر ریکەوتنیکیش پیچەوانەی ئەمە بیت پشت گـوێ دەخرێ و بەریکەوتنیکی پوچەڵ لە قەلەم دەدری.

ئەو دەسەلاتانەی کە مافی دارایی دانەر دەیبەخشێ

لەخوارەوە لەو دەسەلاتانە دەدویین لەکاتی ژیـانی دانـەردا هـەروها لـەدوای مردنی.

یەکەم: ئەو دەسەلاتانەی کە مافی دارایی لەکاتی ژیانی دانەر دەیبەخشێ:

بەپیی مـاددە (٨) ی یاسـای عـیراقی تـەنیا دانـەر بـۆی هەیـە ریگـای گواستنەوەی بەرهەمەکەی بۆ جەماوەر هەلبژیریت و کەلکیشی لـی وەرگریـت .هـەروەها لـەماددەی (٧)دا هـاتووە ((هـەروەها دانـەر بـۆی هەیـە بەهـەر ریگایەکی رەوا کەلک لەبەرهەمەکەی وەربگریت)) ئەم کەلك وەرگرتنە رەنگـ بیت دانەر خۆی راستەو خۆ پیی هەلسێ یان یـەکیکی تـر کـە دانـەر لـەبری پارەیەك دەستی بۆی لی هەلگرتووە .

دانەر پرۆسەی رەنیوهینانی دارایی بەرهەمە هزرییەکەی بەدوو ریگا دەکات بەگواستنەوەی بەرهەمە هزرییەکەی بۆ جەماوەر بەشیوەیەکی راسـتەوخۆ یـان بەشیوەیەکی ناراستەوخۆ.

١-پیشکەش کردنی راستەوخۆ

ئەمەش واتای ئەمەیە دانەر بەشیوەیەکی راستەوخۆ بەرهەمـە هزرییەکـەی پیشکەشی جەماوەر دەکات لەدانەر بەولاوە بۆی نیە بەبێ رازامەندی پیشـەکی ونوسراوی پرۆسەی ئەم مافە بکـات.لەحالـەتی گواسـتنەوەی بەرهەمەکـە بـۆ جەماوەر بەریگای راستەوخۆ بەیەکیك لەم شیوانەی خوارەوە دەبیت :

هەسـتانی دانـەر بـەکردنی بەرهەمەکـە وبەهـەر شـیوەیەك لەشـیوەکان بەتایبەتی بەیەکیك لەم شیوانەی خوارەوە :

((خوێندنەوەی ئاشكرا، لیدانی موسیقا خواندنی شانۆیی، نمایشی ئاشكرا ، پەخشی سلكی ولاسلكی بۆ قسەكردن و دەنگ ورەنگ نمایشكردنی لە ڕێگای مایكرۆفۆنەوە بەهۆی ئامێری تەلەفزیۆن دوای دانانی لەشوێنێكی گشتیدا)).

٢- پیشكەشكردنی (نمایش)ی ناراستەوخۆ

ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمە هزرییەكە بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ پێشكەش جەماوەر دەكرێت بەدووبارە كردنەوەی وێنەی بەرهەمەكە ودانانی لەبەردەستی جەماوەر ئەمەش بەشێوەیەكی تایبەتی بەم شێوانەی خوارەوە دەبێ ((لە ڕێگای چاپ و وێنەو كۆڵین و وێنەی فۆتۆگرافی و دارشتن لە قالبدا وبە هەر ڕێگایەك لە ڕێگاكانی هونەری هێلكاری یان لەڕێگای پەخشی فۆتۆگرافی یان سینەمایی.

شایەنی باسە سەبارەت بەم ڕێگایە لە مادده (٢٨)ی یاسای پاراستنی مافی دانەری فەرەنسی ساڵی (١٩٥٧)دا هاتووە:

((دەكرێ ئەمە ئەنجام بدرێ بەشێوەیەكی تایبەتی لەڕێگای چاپ ، وێنە ، داتاشین، وێنەگرتن ودارشتن، هەموجۆرە ڕێگاكانی هونەری پەیكەر تاشین گرافیك وپلاستیك هەروەها تۆماركردنی میكانیكی وسینەمایی و موگناتیسی .هەروەها سەبارەت بەكارەكانی بیناسازی لاسایی كردنەوە بە دووبارە بوونەوەی ئەو نەخشەیە دادەندرێت كە لەوەوپێش كراوە)).

شایانی باسە ڕێگای بڵاوكردنەوە لەبەرهەمێكەوە بۆ بەرهەمێكی تر لێك جیاوازە بەپێی جۆری بەرهەمەكە وەك نمایشكردنی بەرهەمە ئەدەبی وهونەرییەكان بۆ جەماوەر لە ڕێگای چاپەمەنییەوە ،یان كۆڵینی پارچە مۆسیقا لەسەر قەوانەكان یان كۆپی كردنیان لەسەر شریتی تایبەت بە فرۆتەنی یان لە ڕێگای نمایشكردنی بەرهەمەكە لەفیلیمێكی تەلەفزیۆنی یان فۆتۆگرافیدا.

لەکۆتایی ئەم تۆژینەوەیەدا دەتوانین بڵێین مـافی دانـەرجۆرێکی تایبەتییـە لەمافەکان لەبەرئەوەی دوو لایەنی هەیە ،لایەنێکی دارایی ولایەنێکی ئـەدەبی بۆیە ناچێتە ناو خانەی مافە داراییەکان ،هەروەها مافەناداراییەکان بـەڵکو پێ ی دەوترێ مافێکی لە جۆری تایبـەتی. لەبەرئـەوەی لایەنـە ئەدەبییەکـەی مافی دانەر زاڵە بەسـەر مـافی دانـەردا بۆیـە یاسـادانەر لەگشـت وڵاتێکـدا بایەخێکی تایبەتی بەم مافە داوەو ئەحکامەکانی پاراستنی ئەم مافە جیاوازن لە ئەحکامەکانی پاراستنی جۆرەکانی تری ماف بەتایبەتی مافی دارایی.

لەبەرئەوەی دزین ودستدرێژی کردنە سەر ئەم مافە زۆر ئاسانترە لەجۆرەکانی تری ماف بۆیە ئەمەش هۆیـەکی تـری ئـەم بایـەخ پێدانەیـە ،چەنکـە هیـچ سنورێک لەبەردەم گواستنەوەی هزردا نییە وەدەتوانین بڵێین هزر پاسـەپۆرتێکی جیهانی هەیە وهیچ بەربەستێك لەبـەردەم گواسـتنەوەی نییـە ، بۆیـە وڵاتـان ئێستاکە زۆر سەرقاڵی پاراستنی مافـە هزرییـەکانی خۆیـانن کـە بەرنامـەی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای نوێ وهەموو داهێنانێک دەگرێتەوە دەتوانـین بڵێـین ئێستاکە هزر لە وڵاتـە پێشـکەوتووەکان گـەورەترین سـەرمایەیە و دەیانـەوێ بەهەموو شێوەیەك لەشێوەکان وبەوپەڕی هێزو توانایان وتـا ئـەو پەڕەکـەی وە بەرهەمی بهێنن هەر بۆیە پاشای مەغریب شا حەسەن لە کۆنگرەی (فاس) دا وتی((سەروەت وسامانی عەرەب ئەقڵی جوولەکەی پێویستە))...*

*****

# بەشی چوارەم

# پاراستنی مافی دانەر

پاراستنی مافی دانەر هەڵقوڵاوی بیرۆکەی مافی کەسییە دەستووری کـاتی عێراقی کەلە ١٦/تەموزی/١٩٧٠ دەرچووە دانی ناوە بەپاراستنی کەرامـەتی مرۆڤ لە دەقی برگە (أ)ی بەندی ٢٢ هاتووە (کەرامەتی مـرۆڤ پـارێزراوە..) هەروەها هەموو مرۆڤێك مافی کارکردنی هەیە هەروەکو لـەدەقی مـاددە ٣٢ برگە (أ)ی دەستووری ناوبراو هاتووە ( کارکردن مافێکە دەوڵەت بـۆ کەسـێك کەبتوانێ کاربکات دەستەبەری دەکات) ئەوەی دەوڵەت دەستەبەری بکات هەر بەخۆشی پارێزگاری دەکات هەروەها ئەو مرۆڤە مافی خۆیەتی ئەو کارە بکات وهەڵیبژێرێت کەوا ئارەزووی لێیە و لـەتوانای دایـە ، بەرهـەمی ئەقلیشـی جۆرێکە لەجۆرەکانی کارکردن ئەو کارەش بۆ خاوەنەکەی (واتە خاوەن بەرهەمە ئەقلیەکە) دەستەبەری مافی دانان بە هەردوو توخمی ئەدەبی ودارایـی دەکـات پاراستنی کەسایەتی دانەر پەیوەستە بـەمافی کـارکردن وهـەڵبژاردنی جـۆری کارەکەی ، ئەو مافەش جیاوکێکە (میزە) یاسـا دەیبەخشـێتە تاکـە کـەس و پارێزگاری لێ دەکـات لـەپێناوی دەسـتەبەرکردنی بـەرژەوەندی کۆمەڵایـەتیدا (٥٨) ،ئەوەش بەئەنجام دەگات بەدەستەبەر کردنی یاسا بۆ لە ژێر دەسـت بوونـی هەموو هۆکارەکانی پێوویست بۆ لەژێر دەست مانەوەی ئـەو شـتە یابەهاکـەی ورێگانەدان بەهیچ دەست درێژی یەك لەلایـەن کەسـێکی دیکـە بـۆ سـەر خاوەنی بەرهەمە ئەقلیەکە لەبرگە (ج) ی بەندی (٢٧)ی دەسـتووردا هـاتووە (دەوڵەت دەستەبەری ئازادی تۆژینەوەی زانستی دەکـات ، هـەروەها هـاندان و وپاراستنی سەرکەوتن وداهێنـان دەکـات لـە هـەموو چالاکیـەکانی فیکـری وزانسـتی وهونـەری دیـاردە جۆراوجۆرەکـانی میللیـدا). لەبـەر ئەمـەدا پاراستنێکی یاسایی دووسەرەکی بۆ دانەر داناوە ئـەویش شارسـتانیو سـزایی سەرەڕای هەندێك کرداری پەدەگ (الاجراءات الاحتياطية)کە دەکـرێ ئـەنجام

بدرێت لە پێناو پاراستنی مافەکانی تا ئەو کاتەی وتەی دانەر لەمەڕ ڕوودانی دەست درێژی بۆ سەر مافەکانی یەك لادەبێتەوە بەندەکانی ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧ ڕێگاکانی پاراستنی ئەو مافەی باس کردووە. ئەو پاراستنەی کەوا یاسا بڕیاری لەمەڕداوە [٦٠] یەك سروشتی نییە، بەڵکو دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەو مافەی کە دەست درێژی کراوەتەسەر وجۆرەکەی، بۆ ئەو ڕێگایانەی کەوا دانەر بەکاری دەهێنێت بۆ پاراستنی کەسایەتی ودانراوەکەی جۆراوجۆرو جیاوازە.

بۆ ئاشنا بوون بەم لایەنە پێویستە لە دوو فەسڵدا باسی لێوە بکەین لە فەسڵی یەکەم باسی کردارە یەدەگەکان دەکەین لە دووەمیشدا باسی سزا یاساییەکان دەکەین.

* * * * *

# فەسلی یەکەم

## کردارە یەدەگەکان (الاجراءات الاحتیاطیة)

## mesures conservatiores

بریتییە لەرەوانکاریەکانی(کردارەکانی) یەکسەری بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی پێشێل کردنەکانی مافیدانەری ئەدەبیو دارایی وچاککردنەوەی ئەوزیانانەی کە تووشی پەیوەستداران بۆ ئەوەو لەپێناو بەربەستدانانێکی یەکسەری بۆ دەست درێژیەکانی سەر دانراوەکە تا ئەو کاتەی بابەتی داوایەکە (دعوی) یەکلا دەکرێتەوە، بۆ دانەر یا جێگرەوەی یاسایی هەیە داوا لە دادگا بکات بۆ دەرکردنی بڕیارێك بەدانانی دەسبەسەرگرتنی (حجز) پاراستنەیی لەسەر دانراوی رەسەن یا دانانەکانی یا هاوشێوەکانی [٦١] وکاتێك ئەم رەوانکاریانە ئەنجام دران ئەوا پێویستە لەسەر دانەر یا جێگرەوەی یاسایی دەعوایێك بەرزبکاتەوە بە ناوەرۆکی ملاملانێکە لەلایەن دادگای بەرایی لەماوەی دیاریکراودا، لەبەندی ٤٦ [٦٢] ییاسای پاراستنی مافی دانەر هاتووە (بۆ دادگای بەرایی هەیە لەسەر داوای پەیوەستیدار (ذوشأن)و دوای ئەنجام دانی کۆلینەوەی وورد لەمەڕ ئەو دانراوەی بلاوکراوەتەو یاخو دووبارە بلاوکراوەتەوە بەشێوەیێکی نارەوا بڕیار بدات بەدەسبەسەرگرتنی دانراوی رەسەن یادانەکانی یان هاوشێوەکانی بەمەرجێك کەرستەی ناوبراو سوودی نەبێت تەنها بۆ دووبارە بلاوکردنەوەی دانراوەکە نەبێت ئەوەی تایبەتە بەئاواز و نواندن وگوتاری نێو هاولاتیان دەکرێ بۆ دادگا داهاتی ئەوبلاوکردنەوەیە یان نمایشکردنە گلبداتەوە ودەستی بەسەردابگرێت) .لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا دادگای بەرایی بۆی هەیە لەسەر داوای دانەر یا جێگیرەوەی بەپێی فەرمانێك لەسەر سکالاکە بڕیار بدات بەرەوانکاری پێویست بۆ هەر دانراوێك

بلآوكراوەتەوە یاخود دووبارە بلآوكراوەتەوە بەبێ ڕێگاپێدای پێشووی دانەر یا جێگرەوەی سەرپێچی كردنی یاسای پاراستنی مافی دانەرە بەتایبەتی هەردوو بەندی (٧و٨)ی ئەم یاسایە كە تیایدا هاتووە:

یەكەم/ ئەنجام دانی وەسفێكی ووردی ئەو دانراوەی بلآوكراوەتەوە یاخود دووبارە بلآوكراوەتەوە بەشێوەیەكی ناڕەوا بەمەبەستی پەردەلادان لەسەر ناسنامەی واتە ناسنامەی دانەر كە زانیاری پێویست لەخۆ دەگرێت لەمەڕ دانراوەكە وەكو ناوی دانەر وجۆری دانراوەكە ومێژوی نووسینی وشوێنی بلآوكردنەوەی ..هتد

دووەم/ دانانی دەسبەسەرداگرتن لەسەر دانراوە ڕەسەنەكە یا ژمارەكانی یا هاوشێوەكانی (كتێب بێت یا وێنەی فۆتۆگرافی یا وێنەی سینەمایی یا سلایدی هونەری یا دەسنوسی یا شریتی گۆرانی یا ئاواز یا وێنەی هونەری یا نەخشەسازی بیناسازی ...هتد) هەروەها ئەو كەرەستانەی بەكار دەهێنرێت بۆ بلآوكردنەوەی یا دووبارە كردنەوەی بەمەرجێك سوودیان نەبێت تەنیا بۆ ئەوەی باسیان لێوەكراوە وەكو پلێت فلیم...هتد كە بابەتی وە دعوایەكەن.

سێیەم/ گلدانەوەی (حصر)دەرئەنجامی ئەدائی ئاشكرایی بۆ بارەكانی ئاوازو نواندن یا خوێندنەوەی دانراوەكە لە نێو هاولآتیان وەكو لێدانەووەی ئاوازو نواندنی شانۆیی و...هتد ئەوەش بەشارەزایی شارەزایێك دەبێت كە بۆئەم مەبەستە دادەنرێت لەكاتی پێویستدا ودەست بەسەر هەموو داهاتەكان دادەنرێت لە هەموو بارەكاندا. ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بكەین كەوا یاسای عراقی فەرامۆشی باسی كردنی ڕەوانكاری پاراستنەی سەرەكی كردووە لەتەك ڕەوانكاریەكاندا كە

ئەویش ڕاگرتنــی بلاّوکردنــەوەی دانــراوی لاســایکراوە وڕێگــاگرتن لــە دەستاو دەست کردنی لەنێو هاولاّتیاندا ئەوەی لە ڕێگــای بلاّوکردنــەوەی دەبێت یا لەڕێگای نمایش کردنی یالە ڕێگای دروست کردنەوەی بێــت هەروەها ماوەیێکی دیاری نەکردوە بۆ دانەر یــا جێگــیرەوەی کەپێویســتە لەو ماوەیەدا ناوەرۆکی ململانێیەکە لەو ماوەیەدا بەرزکاتەوە بۆ دادگای تایبەتمــەند ئــەوەش بەپێچەوانــەی یاســای میســری بــووە کــە ئــەو ڕەوانکاریانەی باس کردووە لە دەقی بەندی (٤٣) یــدا هــەروەها باســی ڕەوانکاریەکانی دیکەشی کردووە کە پێشــتر ئاماژەمــان بــۆ کــرد بــوو کەتیایدا هاتووە (لرئیس المحكمة الابتدائية بناء على طلـب المؤلـف او من يخلفه وبمقتضى أمــر يصــدر علــى عريضتــه ان يــأمر بــالاجراءات التالية بالنسبة لكل مصنف نشر او عرض بدون إذن كتابي من المؤلف أو ممن يخلف بالمخالفة لاحكام المواد ٦،٧ (فترة اولى) من القانون :أولاً اجراء وصف تفصيلي للمصنف ، ثانيــاً، وقــف نشــر المصنــف أو عــرض اوصناعته ثالثاً: توقيع الحجز على المصنف الاصلي او نسخه....رابعاً اثبات الاداء العلني بالنسبة للايقاع أو تمثيل .... خامساً حصر الايراد الناتج من النشر او العرض بمعرفة خبــيره.....ويجــب ان يرفــع الطــالب اصل النزاع الى االمحكمة المختصة في خلال (١٥) يوماً لصدور الامــر فأذا لم يرفع في هذا الميعاد زال كل اثر له).

فەرامۆش کردنی ڕەوانکاری لەم جــۆرە لەلایــەن یاســادانەری عــیراقی کــەم وکوڕییکە لەیاسادا چارەسەرکردنی زیاتر زەمانەی مــافی دانــەرو جێگــیرەوەی یاسایی دەکات هەروەها والآکردنی ماوەی بەرزکردنەوەی ناوەرۆکی ململانێییێکە شتێکی باش نی یە بەلکو دادپەروەری وادەخوازێت کەوا ماوەیەکی دیاری کراو دابنرێت بۆ ئەوەی داواکاری دەسبەســەرداگرتن نــاوەرۆکی دەعوایەکــەی بداتــە دادگــای تایبەتمــەند وبەپێچەوانــەوە شــوێنەواری دەسبەســەرداگرتنەکە

هەڵدەوەشێنەوە لەوانەیە داوا لەسەرکراو زیانی پێبگات کاتێك داواکار ڕەوانکاری پاراستنەیی بەڵگەی پێویستی نەبێت بۆ سەلماندنی مافەکەی لەم ڕوانگەوە پێشنیاز دەکەین دووبارە چاو بەبەندی (٦)ی ناوبراو بخشێندرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە (بۆ دادگای بەرایی هەیەلەسەر داوای پەیوستیدار (ذوشأن) ودوای وەسف کردنی دانراوەکەی بلاوکراوە یا دووبارە بلاوکراوە بەشێوەیەکی نارەوا فەرمان بدات بەدەسبەسەرداگرتنی دانراوە ڕەسەنەکە یا ژمارەکانی یا هاوشێوەکانی هەروەها ئەو کەرستەی کەبەکارهاتووە بۆ دووبارە بلاوکردنەوەی دانراوەکە یا بەکارهاتووە بۆ دەرکردنەوەی هاوشێوەی بەمەرجێك کەرستەکە سوودی نەبێت تەنها بۆ دووبارەکردنەوەی دانراوەکە نەبێت ،ئەوەی تایبەتە بە ئاوازو نواندن وخوێندنەوەی نێو کۆمەڵ دەکرێ دادگا فەرمان بدات بەگلدانەوەی داهاتی هاتوو لە بلاوکردنەوە یا نمایش کردن ودانانی دەسبەسەرگرتن هەروەها پێویستە لەسەر داواکاری دەسبەسەرداگرتن دەعوایێك بەرزبکاتەوە لەلای دادگای تایبەتمەند بۆ سەلماندنی مافەکەی لەماوەی (٨) ڕۆژدا لە دەرچوونی

فەرمانەکە ئەگەر دعوایەکەی بەرزنەکردنەوە ئەوا هەموو شوێنەوارەکان هەڵدەوەشێنەوە) ڕەچاوەدەکرێت یاسادانەری عیراقی دانراوە بیناسازیەکانی ڕیزپەر کردووە لە دەست بەسەر داگرتن وفەوتاندن بەمەبەستی پاراستنی مافی دانەری بیناسازی لەئەنجامی بەکارهێنانی نەخشەسازی و وێنەکان و هێلکاریەکان بەکارهێنانێکی نارەوا هۆی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی بینایەکان وێنەی هێلکاری و ونەخشەکان نین ئەو بینایانە داهاتێکی ڕۆشنبیری وئابووری نیشتمانن ودەسبە سەر داگرتن وفەوتاندنی زیانێکی گەورە بەکۆمەلگا دەگەێنیت ئەو جۆرە بریارەش ناگونجێت لەگەڵ ڕادەی زیانی دانەر وبەرژەوەندی دەست درێژکەری دارایی .هەروەکو لەبەندی (٤٧)ی یاسای عیراقی هاتووە (نابێت بەهیچ شێوەیك بینایەکان دەستیان بەسە. دابگیرێت بەپێی جێبەجێ کردنی بەندی (١١)ئەم یاسایە هەروەها نابێت بفەوتێندرێت

بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی دانــەری بیناسـازی ئەوەی کـە هێلکـاری و وێنەکاری بەشێوەیکی نارەوا بەکار هاتبێت).

بۆ زیاتر ئاشنایی لەمەر بابەتی دەسبە سەرداگرتن وچەمك ومەرجەکان وئەو کەرستانەی دەکرێ دەستیان بەسەر دابگـیرێت ئـەو فەسـلەمان بـۆ سـێ بـاس دابەش دەکەین :

*باسی یەکەم :دەسبە سەر داگرتنی دانراو*
*باسی دووەم :مەرجەکانی دەسبەسەر داگرتن .*
*باسی سێیەم :ئەو کەرستانەی دەسبە سەر داگرتن دەیانگرێتەوە.*

## باسی یەکەم
## دەسبەسەر داگرتنی دانراو.

ئەو دەسبە سەر داگرتنەی دانەر یا جێگیرەوەی یاسایی ئەنجامی دەدات وەکو رەوانکارێکی پاراستنەیی ،ئامانجی جیـاوازە لەگـەڵ ئامانجـەکانی دەسبەسـەر داگرتنی ئاسایی یەدەگی و دەسبەسەر داگرتنـی جێبـەجێ کردنـەییدا(٦٣)ئـەو ئامانجانەش خۆی لە رەوانکاریانە دەبینێتەوە کەوا باسکراوە لە رەوانکاریـەکانی پاراستنەییدا(٦٤) بەپێچەوانـەی یاسادانەری عـیراقی ومیسـری یاسـادانەری سۆڤێتی پێشوو لەیاسای شارستانی ژمارە ٢٥ی دەرچوو لە ٨/مـایس/١٩٦١ لە فەسلی چوارەمی تایبەت بە مافی دانەر باسی مافی دانەری نـەکردووە لـە داوا کردنی دەسبە سەر داگرتنی دانراوی لاسایکراوە بەڵکو بریاری جێهێشتووە بۆ رێسا گشتیەکان ،هەروەها لەبەندی ١٠٦ی یاسای ناوبراو دەسەلاتی داوەتـە دەولەت کەوا مافی دانەر لە بلاوکردنەوەی دانراوەکـەی بکرێتـەوە ولـە بـەجێ گەیاندنی ئاشکریی وهەر جۆرە بەکارهێنانێکی دیکە ئەگەر بەزۆریش بێت بێ

ئەوەی دانەر مافی بەربەست دانانی هەبێت بەڵام ئەگەر دانراوەکە هەر لەژێر دەستی دانەر بێت وخۆماڵی نەکرابێت ئەوا دووبارە بڵاو کردنەوەی تەنها بۆ دانەرە لێرەدا بۆی هەیە ڕازی نەبێت بەدووبارە بڵاو کردنەوەی وەدەتوانێت هەموو ڕێگاکان بەکاربهێنێت بۆ بەربەستی دانان لەبەردەم هەر پێشێل کردنێکی مافەکانی.

لە پێناو هاوسەنگ کردنی بڕیارەکانی یاساو بەرژەوەندی گشتی کە دەخوازێت داهێنانەکانی ئەقلی بڵاوبکرێتەوە ونمایش بکرێت لەنێو کۆمەل ولەکارنەخستنی تواناکانی دەوڵەت ، یاسا بڕیاری داوە دووبارە لەچاپدانەوەی هیچ دانراوێك نەکرێت لەلایەن نوسینگەکانی بڵاوکردنەوەی هەرێمەکان تا پەیوەندی نەکرێت لەگەڵ دانەرو گرێبەندی لەگەل نەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی دانراوەکەی.

ئەگەر بۆ نوسینگەی بڵاوکردنەوەی هەرێمەکان پەیوەندی لەگەل دانەر بکات بۆ دووبارە لەچاپدانەوەی دانراوەکە ئەوا نوسینگەی ناوبراو دەبێت نوسراوێك بۆ ئەو نوسینگەی بڵاوکردنەوە بنوسێت کەوا چاپی یەکەمی دانراوەکەی ئەنجام داوە یا نووسراوێك بۆ یەکێتی نووسەرانی سوڤێت —پێشوو- بنێرێت لەگەل ناردنی وێنەیەك لە دانراوەکە بۆ پاراستنی مافی دانان ولە هەموو بارێکدا پێویستە مافی دانەر بەراستەوخۆ بدرێتە دانەر یا بەناوی دانەر دابنرێت لەلای ئیدارەی ناوبراو ، ئەگەر ئەو ئیدارەیە نوێنەرایەتی دانەر بکات (٦٦).

کەچی یاسای شارستانی کۆماری ڕوسیای یەکێتی سۆشیالیستی سۆڤیتی دەرچوو لە ١١/یونیو/ ١٩٦٤ مافێکی بەدانەر داوە کە زۆر نزیك دەبێتەوە لە دەسەڵاتی دەسبەسەرداگرتن، ئەویش مافی داواکردنی هێنانەوە ژێر دەستی ئەو

مافەیە کە بەشێوەیەك لەشێوەکانی پێشێل کراوە، لەدەقی بەندی ٤٩٩ی یاسای ناوبراو لە بەشی پاراستنی مافەکانی کەسی دارایی نـەبیّ بـۆ دانـەر هـاتووە (لەبارەکانی بەکارهێنانی بەرهەمی دانەر بەبێ ئەنجامدانی گرێبـەند لەگـەل دانەر یا لەگەل میراتگران (بـەندی ٤٨٨) یـا لەبەرچاوتـەگرتنی مەرجـەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکە بەبێ رەزامەندی دانەر (هەردوو بـەندی ٤٩٢، ٤٩٥) هەروەها کاتێك پابەند نەبێت بـە پـارێزراوی بەرهەمەکـە (بـەندی ٤٨٠) یـا بەمافەکانی دیکەی کەسی نا دارایی ، بۆ دانـەر هەیـە یـا دوای مردنـی بـۆ میراتگرانی یا بۆ ئەو کەسـانەی ئاماژەیـان پێـدراوە لەبـەندی ٤٨١ی یاسـای ئێستا داوای گەڕانەوەی مافەکە بکەن کـە پێشـێل کردنـی تێداکـراوە بەهـەر شێوەیەك بێت..).

بەلاّم لە میسر، یاسای پاراستنی مـافی دانـەر لەبـەندی ٤٣برگـە ٣یـدا رێگـای داوە بەسـەرۆکی دادگـا لەسـەر داوای دانـەر یـا جێگـرەوەی یاسـایی دەسبەسەرداگرتن لەسەر دانراوە رەسەنەکە ئەنجام بدرێت یا لەسەر ژمارەکـانی هەروەها لەسەر ئەو کەرەستەی بەکارهاتووە لە دووبارە بلاّوکردنەوەی دانراوەکە.

یاسا دانەری عیراقی لەبەندی (٤٦)ی یاسای پاراستنی مافی دانەر هەمان رێگای یاسا دانەری میسری گرتۆتەبەر.

بەلاّم پرۆژەی یاسـای شارستانی نـوێ ی سـالّی ١٩٨٤باسـی بڕیارەکـانی دەسبەسەر داگرتنی دانراوە ئەقلیەکانی نـەکردووەو لـە دوور ونزیکـەوە باسـی مافی دانەری نەکردووە لـەڕووی داواکردنـی بـۆ دەسبەسـەرداگرتنی دانـراوی لاسایکراو[٦٧] ، وادیارە بڕیاری دەسبەسەر داگرتنی بۆ ڕێسیا گشتیەکانی جـێ هێشتووە، دوای ئەوەش بڕیارەکانی تایبەت بەدەسبەسەرداگرتنی دانراومان کرد لە یاسای پاراستنی مافی دانەری عـیراقی وبـەراورددا لەگـەل ئامـانجی ئـەم

دەسبەسەرداگرتنە ، بەپێویستی دەزانین بەراوردێك لــە نێـوان ئـەو دەسبەسـەر داگرتن وجۆرەكانی دیكەی دەسبەسەرداگرتنی وەكو ئیداری ودادگەری وجـێ بەجێكردنی بكەین، بەئامانجی روونكردنـەوەی ئـەو زاراوەیـە لەبـەر جیـاوازی لەگەل ئەوانی دیكە لە رووی جۆریەتی وئامانج ودەرئەنجامدا.

یاسازانان بۆ دەسبەسەرداگرتن دوو جۆری داناوە ئەویش دەسبەسـەرداگرتنی دادگەری‌و دەسبەسەرداگرتنی جێبەجیکردنەیی ودەسبەسەرداگرتنی دادگــەری بۆ سێ جۆر دابەشكراوە:-

دەسبەسەرداگرتنی جێبەجێكردنەیی‌و یەدەگی‌و دەسبەسـەرداگرتنی ئـەوەی قـەرزار هـەیتی لـە لای كەسـانی دیكــە، داواكردنــی دەسبەسـەرداگرتنی جێبەجێكردنەیی تەنیا بـۆ خـاوەن قـەرز هەیـە كـە مـافی جێبـەجێكردنی بەزۆرەكی هەیە، قۆناغی جێبەجێكردن كە لە ژێردەست دەرهێنانی مولكداریە بەیەكەم قۆناغی دادەنرێت ومەرجەكانیشی ئەوەیە كە خـاوەن قـەرز سـەنەدی جێبەجێكردنی هەبێت ومافی خاوەن قەرزەكان دانەوەی هاتبێت كـاتێك داوای دەسبەسـەرداگرتن دەكــەن، ئامــانجیش لــەداواكردنی دەسبەسـەرداگرتنی جێبەجێكردنەیە ئەوەیە كە بفرۆشرێت ولەپارەكەی مــافی خـاوەن قـەرزی لێ دەربهێنرێت) [٦٩] كە چی دەستبەسەرداگرتنی پاراستنەیی (بۆ خـاوەنی قـەرزو ئەو كەسەیە كە مافی داواكردنی جێبەجێكردنی بەزۆرەكی‌نی‌یە) [٧٠] ، بـەلام دەسبەسەرداگرتنی ئەوەی مولكی قەرزارە لەلایەن یەكێكی دیكە بریتی‌یە لــە (دەسبەسـەرداگرتنێك كـەوا خـاوەن قـەرز لـەماف و گویزراوەكـانی قـەرزاری دادەنێت لەلای كەسێكی دیكە بێت یاخود لەلای خۆی بێت) [٧١] ، بە ئامانجی پاراستنی ئەموالی قەرزار كە لەلایەن كەسێكی دیكەیە.

دواتر دەسبەسەرداگرتنی ئیداری پەیوەستە بەدەسبەسەرداگرتنی مووچەو دەرماڵەکانی فەرمانبەرانی دەوڵەت ئەگەر قەرزەکە قەرزی دەوڵەت بوو یا کەرتی سوشیالیستی لە دەقی بەندی (٨٢) یاسای جێبەجێکردنی عیراقیدا ژمارە ٤٥ی ساڵی ١٩٨٠هاتووە (یەکەم/ دەکرێ مووچەو دەرماڵەکانی فەرمانبەری سەربازیی و پۆلیسی وکارمەندی خاوەن مووچەی خانەنیشین وهەموو ئەوانەی مووچەیان کرێ لەدەولەت وەردەگرن دەسبەسەری دابگیرێت (واتە دەسبەسەر مووچە یان کریان دا بگیرێت). بەرادەیەك لە یەك لەسەر پێنج زیاتر نەبێت لەو مووچەیەی وەریدەگرێت لەو مووچەیەش دادەنرێت دەرماڵەی زیادبوونی خۆشگوزەرانیدا. کاتێك بەراورد لەنێوان دەسبەسەرداگرتنی دانەر دەکەین بۆ دانراوەکە بۆمان دەردەکەوێت دەسبەسەرداگرتنی دانراو (مصنف) بەپێی یاسای پاراستنی مافی دانەر بەدەسبەسەرداگرتنێکی جێبەجێ کردنی دانانرێت لەبەر ئەوەی بەئامانجی فرۆشتنی دەسبەسەر داگیراوەکە نییە، تا قەرزەکە لە پارەکە دەربهێنرێت بەڵکو مەبەستی هەڵگرتنی دەست درێژیە لەسەرمافەکانی دانەر لە هەردوو لایەنی ئەدەبی ودارایيدا لەرێگای بەربەست دانان لەبەردەم گەیشتنی دانراوە کە بۆ هاولاتیان ورێگا گرتن لە دەستاودەست کردنی.هەروەها بەدەستبەسەرداگرتنی ئەموالی قەرزار دانانرێت ئەوەی لەلایەن یەکێکی دیکەیە لەبەرئەوەی ئەو دسبەسەرداگرتنە لەسەر ئەموالێکە کە لەلایەن یەکێکی دیکەیە ومافی قەرزاری تێدایە وپەیوەستە بەبابەتی قەرزاریەتی ئەو بابەتانەش هیچی لە دەسبەسەرداگرتنی دانەر نییە کە لە یاسایی پاراستنی مافی دانەر هاتووە هەروەها بەدەسبەسەر داگرتنی ئیداریش دانانرێت لەبەر ئەوەی یاسا بەپێویستی داناوە دەرچوونی فەرمان لە دادگەریەوە دوای داواکردنی دانەر

یاجێگیرەوەی یاسایی دواترینیان داواکردنی دانەر لـەدادگای بـەرایی بەئـەنجام دانی رەوانکـاری یـەدەگی بـەئامانجی بەرەنگاربوونـەوەی پێشیل کردنـەکانی مافەکانی ئەدەبی و دارایی بەداواکردنی دانانی دەسبەسەرداگرتنی یەدەگی یـا پاراستنەیی دانـانرێت لەبەرئـەوەی ئـەو دەسبەسـەر داگرتنـە دوای داننـانی بەدورستی دەبێتە جێبەجێ کردنەی لەسەر ئـەموالی قـەرزار ئـەوەش ئامـانجی دانەرنی‌یە لە داواکردنـی دەسبەسـەرداگرتنەکە وئامـانجی یاسـایی پاراسـتنی مافی دانەر نی‌یە ئەوەی شایانی باسە مـافی دەسبەسـەر داگرتنـی دانراوەکـە بەبریاری دادگای بەرایی ولە سەر داوای دانەر جیاوازی زۆرە لەگـەڵ بارەکـانی دیکەی دەسبەسەرداگرتن وناکرێت لەسەر یەکتر پێوانـە بکرێـت زیـاد لەسـەر ئەمەش یاسای دادبینی شارستانی عـیراقی ژمـارە (٨٣) ی سـاڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراولەبـەندی (٢٣١)دا ئـەو بارانـەی کـە دەکرێ دەسبەسـەرداگرتنی پاراستنەیی لەمەر دابنرێت سنووردار کردووە.

١- بۆ هەموو خاوەن قەرزێك هەیە کە سـەنەدی رەسمـی یـا ئاسـایی لـەبارەی قەرزێکی دیاریکراودا لە دەست دابێت وکاتی دانـەوەی هـاتبێت و لەسـەر مەرجێك هەڵنەپەساردرا بێـت فـەرمانێك لـە دادگـا دەربکـات بـەدانانی دەسبەسەر داگرتنی یەدەگی لەسەر ئـەموالی قـەرزارە گوێـزراوە بێـت یـا خانووبەرە لەلای خۆی بێت یاخود لەلای کەسی سێیەم بێت بەوبڕەی کـەوا بەشی‌دانەوەی قەرزەکە دەکات.

٢-هەروەها دەکرێ داوای دەسبەسەرداگرتن بکرێت ئەگـەر سـەنەدیش نـەبێت بەڵام خاوەن قەرز پەراوێکی دیکەی پێشـکەش کـرد داننـانی بەنوسـراوی لەخۆگرتبوو ودادگاش سەیری شایانی ئەو پەڕاوە دەکات.

۳-ئەگەر دەعوایەکە لەوانە بوو کە دەکرێ بەگەواهی بسەلمێنرێ ئەوا دەکرێ پشت بەو گەواهیە ببسترێت بۆ داواکردنی دەسبەسەرداگرتن ).

ڕەچاودەکرێت لە نێوان ئەو بارانەدا باسی-باری دەسبەسەرداگرتنی دانراو لەسەر داوای دانەر نەکراوە، ئەوەش تایبەتایەتی ئەو بارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە ڕووی ئامانج وئەو مەرجانەی پێویستە هەبێت بۆ دانانی لەسەردانراوە بلاوکراوە کە یا ئەوەی دووبارە بلاوکراوەتەوە بەشێوەیەکی ناڕەوا هەروەها تایبەتایەتی لە ڕووی دەرئەنجامەوە.

## باسی دووەم
## مەرجەکانی دەسبەسەرداگرتن

لەبەندی (٤٦) ی یاسای عیراق دەردەکەوێت کەوا چەند مەرجێك پێویست کراوە هەبێت لە دەعوای دەسبەسەرداگرتنی ئەو دانراوەی بلاوکراوەتەوە یا دووبارە بلاوکراوەتەوە بەشێوەیەکی ناڕەوا هەروەها ئەو کەرەستانەی بەکارهاتووە لە ئەنجام دانی ئەو مەرجانەش بریتین لە:

١)داوا پێشکەش کردن لەلایەن دانەر یا جێگرەوەی یاسایی

ئەوەی پێویستە لەو مەرجەدا باسی لێوە بکرێت هاتنی ووشەی (ذو شأن) ە کە لەسەرەتایی بەندەکەدا هاتووەو ئەوانەی ئەو زاراوەیە دەیانگرێتەوە بریتین لە دانەرو بلاوکار بەشێوەیەکی ناڕەوابوو لەڕێگای دەست درێژی کردنە سەرمافەکانی دانەر بووە.

یاسای عیراقی بریاری (تظلم) ی لەخۆ نەگرتووە بەپێچەوانەی یاسای میسری کە لەبەندی (٤٤) ی یاسای پاراستنی مافیدانەر ڕێگای داوە بە (تظلم) لەبریاری دادگا بەرامبەر هەمان سەرۆکی دادگا کە سەرچاوەی بڕیارەکە بووەو بۆ سەرۆکی دادگا هەیە دوای گوێبیستنی بۆ هەردوولایەنی ململانێیە کە بریار بدات بەپشتگیری بۆ بریاری پێشووی لەمەر دەسبەسەرداگرتنی دانراوەکە یاخود بریار بدات بە هەلوەشاندنەوەی هەموو

داوایەکە یاخود بەشێکی یا هەر بریارێکی دیکەی پێویست دەربکـات، بەهـەر حالّ داهاتی بەدەست کەوتوو لە خەزینـەی دادگـا دادەنرێـت یـا ململانێیەکـە لەلایەن دادگای تایبەتمەند یەکلا دەکرێتەوە (واتە پارەی فرۆشتنی دانراوەکـە) لەگەل ئەوەشدایاسای عیراقی ڕێگای نەگرتووە لەوەی زۆرلێکراو ئەگەر بریـاری دادگا دەرچوو (خـاوەن قـەرز بێـت یـاخود قـەرزار یـا کەسـی سـێیەم) تانـە لەبریارەکە بدات ئەو مافەی بۆ دەستەبەر کراوە بەپێی ڕێسا گشـتیەکاندا[٧٢] بابەتێکـەی دیکـە کـە یاسـا دانـەری عـیراقی ئامـاژەی پێنـەداوەو باسـی لێوەنـەکردووە مـاوەی مانـەوەی ئـەو دەسبەسـەرداگرتنەیە بەپێچەوانـەی یاسادانەری میسری کە دیـاری کـردووە بـە (١٥) ڕۆژ[٧٣] بـۆ ئـەوەی تیـایدا ناوەرۆکی ململانێیەکە بۆ دادگای تایبەتمەند بەرزبکرێتەوە بەپێچەوانـەوە هیـچ شـوێنەوارێکی بریـاری دەسبەسـەرداگرتنەکە نـامێنێت، هــەروەکو دەبینـین یاسادانەری عیراقی ئەم بابەتەش بۆ ڕێسا گشتیەکان بەجێ هێشتووە.[٧٤]

## باسی سێیەم

ئەو کەرەسـتەو ئامێرانـەی بـەکاردەهێنرێت لـە کـاری دانراوەکـە ئـەو کەرەستەو ئامێرانەی بەکاردەهێنرێن لەکاری دانراوەکە لە دوو بەسـتەدا باسـی لێوە دەکەین.

بەستی یەکـەم/ ئـەو کەرەسـتەو ئامێرانـەی دەسبەسـەرداگرتن دەیانگرێتـەوە

بەندی (٤٦)ی یاسا پاراستنی مافی دانەری عیراقی ئـەو کەرەسـتەو ئامێرانەی کـە دەکـرێ دەسـتیان بەسـەردابگرێت بـەم جـۆرە دیـاری کردووە:-

١)دانراوی رەسەن ودەست نووس وکۆمارکراوو نەخشەسازییەکان دەگرێتەوە کە دانەر دایناوە.

٢)تیراژو وێنەکانی دانراو: بریتی‌یە لە هەموو ئەوانەی لە دانراوی ڕەسەن دەردەهێنرێت یەك ڕێزپەر (استثناء) لەم خاڵەدا کراوە ئەویش ئەگەر یەکێك یەك ژمارەی لە دانراوی ڕەسەن بۆ بەکارهێنانی خۆی دروست کرد بەپێی بەندی (١٣)ی یاسای عیراقی دانەر ناتوانێت ڕێگای لێ بگرێت کە تیایدا هاتووە (ئەگەر یەکێك دانەیێکی لە دانراوێکی بلاوکراوە بۆ خۆی دروست کرد بۆ بەکار هێنانی کەسی ئەوا دانەر بۆی نی‌یە ڕێگای لێ بگرێت) (٧٥) .

٣) ئەو کەرەستەو ئامێرانەی بەکاردەهێنرێت بۆ دووبارە بلاوکردنەوەی دانراوی -بابەتی ململانێ- یا بۆ لێ دروست کردنەوەی ژمارەیێکی دیکەی بەمەرجێك ئەو کەرەستەو ئامێرانە سوودیان نەبێت تەنیا بۆ دووبارە بلاوکردنەوەی ئەو دانراوە نەبێت وەکو پلێت و فلیم ومۆرو پیتە ڕێزکراوەکان و ...هتد. وهەموو شتێکی دیکەکە بەکاردەهێنرێت لە چاپکردنەوەی دانراوەکە.

٤)داهاتی دەستکەوتوو لە بلاوکردنەوەو نمایش کردنی دانراو لەنێو خەلکدا.

بەستی دووەم/ ئەو کەرەستەو ئامێرانەی دەسبەسەر داگرتن نایان گرێتەوە

دانراوی تەلارسازی (معماری): هونەری تەلارسازی جیاوازیێکی زۆری هەیە لەگەل هونەرەکانی دیکە وزۆر پەیوەستە بەژیانی مرۆڤ، هەربۆیەش گرنگی کەمتر نی‌یە لە دانراوەکانی دیکە (٧٦)

دانراوی تەلارسازی هەموو ئەوەی لە بینا بەدەردەکەوێت لەنەحت ووێنەو شێوە ئەندازەکان بەشێوەیێکی داهێنانی لە خۆدەگرێت (٧٧) .

ئەو داهێنانە ئەقلیە بەهایێکی دارایی ومەعنەوی دەخاتە سەردانراوی تەلارسازی، بێ‌گومان ئەو دانراوە تەلارسازیە پاش ماوەیەك دەبێتە

شوێنەوارێکی گرنگی وڵات ودەستکەوتنێکی روشنبیری ورەنگدانەوەی شارستانیەتی نەتەوەیە، لەبەر ئەو هۆیانە و چەندین هۆکاری دیکە یاسادانەرەکان گرنگێکی زۆریان پێداوە وچاودێریان کردووە لەوانە یاسادانەری عیراقی لەبەندی ٤٧ی یاسای پاراستنی مافیدانەر وەکو یاسادانەری میسری کردووە لەمادە (٤٦)یدا کە رێگایان نەداوە بەدەسبەسەرداگرتنی بیناکان وفەوتاندی ئەگەر دانراوی تەلارسازی بەکارهاتبوو بەشێوەیەکی نارەوا بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی دانەر.

کەچی یاسادانەری روسی لەوەزیاتر رۆیشتووە بەوەی رێگای داوە بەبەکار هێنانی پرۆژەکانی هونەری تەلارسازیو ئەندازیاریی وپرۆژەکانی دیکەی هونەریی ونەخشەسازی و ... هتد بۆ پێویستی کەسی لە بەندی (٥١٥)ی یاسای شارستانی روسی ساڵی ١٩٦٤هاتووە پرۆژەکانی هونەری تەلارسازی وئەندازیاریی وپرۆژەکانی دیکەی هونەریو نەخشەسازی ووێنەکانی ئەنجام دراو لەسەر داوای دەستەکانی دەکرێ بەکاربهێنرێت لەلای ئەوانەی داوای دەکەن بۆ پێویستی خۆیان یاخود بیدەن بەکەسی دیکە بۆ بەکارهێنانی یا دووبارە چاپکرێتەوە لە رۆژنامەکان بەبێ ئەوەی موکافئەی دیکە بدرێتە دانەری پرۆژەکە.

*****

# فەسلی دووەم

## سزایاسابیەکان-بەرپرسێتی یاسایی-

ئەم فەسلە دەکەینە دووباس، لەباسی یەکەمدا بەرپرسێتی شارستانی دەخەینە ڕوو ولەباسی دووەمدا بەرپرسێتی تاوانکاری ڕوون دەکەینەوە.

### باسی یەکەم/ بەرپرسێتی شارستانی [78]

دەست درێژی کردنە سەر مافی دانەر کارێکی نارەوایە دەست درێژکار لەبازنەی بەرپرسێتی شارستانی‌دا دەنێت وسزاش بەدوادایە وپابەندی دەکات بەدانی قەرەبوو بۆ دانەر لەبری ئەو زیانانەی پێیگەیشتووە، عیراقیش هەروەکو ولاتانی عەرەبی [79] وولاتانی رۆژئاواو [80] ولاتە سۆشیالیستەکان [81] ئەحکامی گشتی بەرپرسێتی شارستانی رێکخستووە بەهەردوو جۆری گرێبەندی [82] وکەم تەرخەمیدا [83] دەست درێژکاریی بۆ سەرمافی دانەر بەبەرپرسێتی شارستانی داناوە بەپێی ڕێسا گشتیەکاندا، ئەو مافەش دراوەتە دانەر یا جێگرەوەی یاسایی تا داوا لەدەست درێژکاربکات دەست درێژیەکەی ڕاگرێت وشوێنەواری نەهێلێت وقەرەبووی زیانەکان بداتەوە کە تووشی دانەر بووە لەئەنجامی پێشێل کردنی مافیدا.

دەست درێژی کردنە سەرمافی دانەر پێشێل کردنی پابەند بوونێکی پێشووە، ئەو پابەندبوونەش سەرچاوەکەی گرێبەندە لەوکاتدا بەرپرسێتەکە دەبێتە بەرپرسێتی گرێبەندی یا سەرچاوەکەی دەقی یاسایە لەوکاتەش بەرپرسێتەکە کەم تەرخەمی دەبێت [84]. دانەر بۆی هەیە داوا لە گرێبەندکار بکات قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە [85]لە ئەنجام جێ بەجێ نەکردنی پابەندەکانی گرێبەندی یا دواخستنی جێ بەجێ کردنی ئەوەش بە پێی ئەحکامی گشتی، بۆ نموونە / ئەگەر دانەر لەگەڵ یەکێك لەنووسینگەکانی

بلاّوکردنەوە گرێبەندی بەست بۆ چاپکردنی دانراوەکەی لە ماوەی سێ مـانگدا وبەشێوەیەکی هونەری دیاری کراودا، ئەمە پابەندبوونێکی گرێبـەندی دەخاتـە سەر شاری نووسینگەی بلاّو کردنەوەکە، لەو کاتەدا ئەگەر لە ماوەی دیار کراو دانراوەکەی چاپ نەکرا بەرپرسیار دەبێت بە بەرپرسێتی شارستانی و پێویستە قەرەبووی دانەر بکاتەوە لە کاتێکدا هەر دەسـتی بـە چـاپ کـردن نـەکردبوو ئەگەر دەستیشی پێکردبوو بەلاّم لەماوەی دیاری کراو تەواو نەبیوو لەوبارەشـدا ئەگەر زیانی پێ گەیشت لەبەر ئەوەی چاپی نەکرد یـا لـەماوەی دیـاری کـراو تەواوی نەکردبوو ئەوا سەلماندنی ئەو زیانە دەکەوێتە سەر شانی دانەر بە پـێی ڕێسای (بەلگە لەسەر ئەو کەسەیە کە دەعوا دەکات وسـوێندش لەسـەر ئـەو کەسـەیە کـەوائینکار دەکـات)[٨٦]، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە بەرپرسـێتی کـەم تەرخەمی بریتی‌یە لە پێشێل کردنی پابـەند بوونـەکانی گشـتی کـە لەیاسـا دەقیان گرتووەو لەسەر هەمووانی پێویست کردووە ئەو مافە دەداتە دانـەر داوا لە پێشێل کاری ئەو پابەند بوونە یاساییانە بکات کە دەست درێژکاری کردۆتە سەر مافەکانی دانەر قەرەبووی زیانەکانی ئەدەبی ودارایی دانـەر بکاتـەوە لـە ئەنجامی ئەو دەست درێژیکردنە[٨٧] بۆ نموونە ⁄دەست درێژی کردنە سەر مافی دانەر کەلە یاسای پاراستنی مافی دانەری ژمارە (٣)ی سالی ١٩٧١ هاتووەئەو مافە دەداتە دانەر داوا لە دەست درێژکار بکات قەرەبووی ئەو زیانانەی بکاتەوە ئەو زیانەش ماددی وئەدەبی دەگرێتەوە بە پێچەوانەی بەرپرسێتی گرێبەندی کە تەنها زیانی ماددی دەگرێتەوە، بـۆ ئـەوەی بەرپرسـێتی شارسـتانی بەهـەردوو جۆری گرێبەندی وکـەم تەرخـەمی بێتـەدی بـەپێی ئـەحکامی گشـتی ئـەوا پێویستە رایەلەکانی هەلە وزیان وپەیوەندی هۆکاری لەنێوانیاندا هەبێت، لـەم بارەوە یاسای پاراستنی مافی‌دانەری عیراقی لەبەندی (٤٧) ئەحکامی تایبەت

بە بەرپرسێتی شارستانی لەدەرئەنجامی پێشێلکردنی مافەکانی دانەری چارەسەرکردووە لەگەڵ ئەو ڕێکخستنەی یاسای شارستانی عیراقی لەهەردوو بەندی (٢٠٤)و (٢٠٥)کردوویەتی وەکو ئەحکامی گشتی بۆ بەرپرسێتی شارستانیدا.

کەچی یاسادانەری میسری لە بەندی (٤٥) ی یاسای پاراستنی مافی دانەری ژمارە ٣٥٤ ی ساڵی ١٩٥٤ چارەسەرکردووە و یاسادانەری روسی لە هەردوو بەندی (٤٩٩) و (٥٠٠) ی یاسای شارستانی دەرچوو لە ١١/ یونیو / ١٩٦٤ چارەسەر کردووە، بەڵام ئەوەی ڕەچاو دەکرێت چارەسەرکردنی هەردوو یاسا دانەری میسری و روسی جیاوازە لە چارەسەرکردنی یاسادانەری عێراقیدا، ئەم جیاوازیەش لە کاتی باس کردن جێبەجێ کردنی ئەینی و قەرەبوو وەکو دوو ئامرازی پاراستنی مافی دانەری ئەدەبی و دارایی لە مەودای بەرپرسێتی شارستانیدا باسی لێوە دەکەین ئەو باسەشمان لەدوو بەستدا دەخەینەڕوو لەبەستی یەکەمدا باسی جێ بەجێ کردنی عەینی دەکەین بۆ پاراستنی مافی دانەر ولەبەستی دووەم باسی قەرەبوو دەکەین .

### بەستی یەکەم

## جێبەجێکردنی عەینی execation en noture

لەکاتی باس کردنی رەوانکاریەکانی پاراستنەیی وەکو ئامرازێکی پاراستنی مافی دانەر ئەو دەستبەسەرداگرتنە ریزە پەڕە لەڕێسا گشتیەکە بەڵام یاسادانەر بریاری لەسەرداوە بەمەبەستی پاراستنی مافی دانەر لەڕوواندنی دەست درێژیدا ئەمەش، ئەنجام دەدرێت بەدوو ڕێگا: بەداواکردنی دەسبەسەرداگرتنی یەدەگی لەسەر دانراوەکە بەتەنها یا بە بەرزکرنەوەی داوا

بەناوەرۆكی ململانێكە لەگەڵی ، لەهەردوو باردا لەسەر دانەر پێویستە مافی خۆی بسەلمێنێ بۆ دەسبەسەرداگرتنی، بەپێچەوانەوە دەسبەسەرداگرتنەكە پوچەڵ دەبێت بەلام ئەگەر دانەر یا جێگرەوەی یاسایی مافەكەی خۆی سەلماند دادگاش قەناعەتی هات بەوەی كەدانەر یا جێگرەوەی یاسایی خاوەنی مافە بۆی هەیە بریاربدا بەجێ بەجێ كردنی عەینی لەسەرداوای خاوەنی مافی دانەر .

جێ بەجێ كردنی عەینی لێرەدا جێ بەجێ كردنی پابەند بوونی ئەو كەسەیە كە دەست درێژی كردۆتە سەر مافی دانەر (عەینەن) ، دادگاش هەموو شوێنەواری دەست درێژی كردنەكە لادەبات[88] بەپێ ی بەندی (٤٧) ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عیراقی دادگا بۆی هەیە لەسەر داواكاری خاوەنی مافی دانەر بریار بدات بە :-

یەكەم / فەوتاندنی[89] تیراژی دانراوە دەست درێژی لەسەر كراو یا فۆتۆكۆپیەكانی كەبلاوكراوەتەوە بەشێوەیەكی نارەوا[90] تادوور بخرێتەوە لە دەستاودەستكردن وەكو پەرتووك، گۆڤار، رۆژنامە، نەخشە، نموونەی هونەری و ئەفلامی سینەمایی و وێنەی فۆتۆگرافی .... هتد

لاسایی كردنەوەی دانراوەكان لەوانەیە هەمووی بێت یابەشێكی . لەباری لاسایی كردنەوەی هەموو دانراوەكە وەكو خۆی بەبێ زیاد كردنی هیچ شتێكی نوێ ئەوا دادگا بریاردەدات بە فەوتاندنی دانراوە لاسایی كراوەكە بەلام كاتێك هەڵدەستێت بەتێكەڵ كردنی چەند شتێكی نوێ لەگەڵ دانراوە ڕەسەنەكە بەجۆرێك كە دەكرێ شتە زیاد كراوەكان لەگەڵ دانراوە ڕەسەنەكە جیابكرێتەوە لێرەدا بریاری دادگا بەفەوتاندنی بەشە لاسایی كراوەكە دەبێت بەتەنها .

دووەم / بریار دانی فەوتاندنی ئەو كەرستانەی بەكارهاتوون بۆ بلاوكردنەوەی دانراوە لاسایی كراوەكە بەمەرجێك بۆ شتی دیكە سوودی نەبێت.

سێیەم: بڕیاربدات بەگۆڕینی روخساری تیراژەکان و وێنەو کەرستەکان تـا وای لێ بکرێت کەوا بۆبەکارهێنان نەشێن لەسەر حیسابی لایەنی بەرپرسدا ، ئەوەش بۆ ئەوەی دەستاو دەسـت نـەکات لـەنێو خـەڵکدا بۆیـە لەسـەر حیسابی لاسایکارە لەبەر ئەوەی بەرپرسە لەم کارەدا .

چوارەم / هەندێك بۆ ئەوە دەچن کـەوا جـێ بـەجێ کردنـی عـەینی لەوانەیـە شێوەیەکی دیکە وەربگرێت لەوەی کەلەبەندی (٤٧) ی ناوبراو دا هاتووە وەکو زۆر لێکرنێك دارایيە ، دەکرێ دادگا ئەم شێوەیە وەکـو ئـامرازێك بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی وا لەقەرزار بکات پابـەند بووەکـانی جێبـەجێ بکات مادامەکی جێبەجێ کردنی عەینی لە ئارادایە وەکو پابەندکردنی بلاوکـار بـە زیـادکردنی چـەند بڕگـەیێك کـە پێشـتر لـە دانراوەکـەی کوژاندۆتەوە ، دەبێت ئەوەش ئەنجام بدات لـە ماوەیـەکی دیـاری کـراودا ئەگەر نا پابەند دەبێت بە دانی بژاردنێکی دیاریکراو لە هەرماوەێك کە دەڕوات بێ ئەوەی جێبەجێی بکات.(٩١)

ئەگەر بۆ دادگا روون بۆوە کەوا دانەر یا جێگـرەوەی یاسـایی مـافی نـەبوو لەوەی ووتویەتی ئـەوا بڕیـاردەدات بـە رەتکردنـەوەی دەعـواو هەڵوەشـانەوەی رەوانکاریەکانی پاراستنەیی کە بڕیاری لەسەردراوەو لە سەر داواکـار پێویسـتە هەموو مەسروفات و رسوماتی دادگایی بدات.

ئەوەی پێویستە بوترێت کەوا یاسادانەری عێراقی مافی داوەتـە دادگـا بـۆ فەوتاندنی دانراوی لاسایکراوو کەرەستەی بـەکارهاتوو بـۆ بلاوکردنـەوەی یـا گۆڕینی رووخساری تیراژەکان و وێنەکانی و کەرەستەکان بە شێوەێك بۆ کارێکی دیکە نەشێت و بڕیار بدات بە قەرەبوو دانی لە لایەن دەست درێژکـار ئەگـەر پێویست بوو.

## بەستی دووەم

# قەرەبـــوو [92]

ئەگەر رایەڵەکانی بەرپرسێتی شارستانی لە زیان و هەڵــە و [93] پــەیوەندی هۆکـــاری لە نێوانیان هاتە دی، ئـــەوا دەکـرێ بســەلمێنرێ و بڕیـــاری قـــەرەبوو بدرێـت [94] ، یاسادانەر ئەو بارانەی کەوا بڕیاری قـــــــەرەبوو بۆ دانەری تیادا دەدرێت لەو زیانانەی کەوا تووشی بووە دیاری کـــــــــردووە لـە بـری ئـەوەی بڕیاری فەوتاندن یا گۆڕینی روخســاری دانــراوە لاســـــایکراوەکە بدرێـت ئـەو بارانەش بریتین لە :

یەکەم/ ئەگەر مافی دانەر نەمێنێت لە ماوەیێك کەمتر بێت لــە دووســاڵ لــە رۆژی دەرچوونی بڕیاردا. لە بــەندی (٤٧) ی یاســای میسـری هــاتووە

(....... دادگا بڕیار نــادات بەرەوانکاریــەکانی پاراســتنەیی ئەگــەر مافی دانەر نەمێنێت لە ماوەیێك کەمتر لە دوو ساڵ لە رۆژی دەرکردنی بڕیارەکە).

لەو بارەدا لە بری ئەو رەوانکاریانە دەست بەسەر داگرتن دادەنرێت تا ئـــەو کاتەی ماوە تەواو دەبێت، و دەکرێ ئەو لایەنەی زیـــانی پــێ گەیشـتووە داوای موصادەرەی تیراژی دانراوی بلاّوکراوە یا وێنەو کەرەستەکانی کـــە بـــۆ کـــارێکی دیکە ناشێت لە جیاتی ئەوەی بفەوتێندرێت و موصادەرەکـــەش بەقــەدەر بــری قەرەبووی خۆی دەبێت، بۆ ئەوەی بیفرۆشێت بۆ خۆی، هەروەها دەتوانێـــت داوای دەست بەسەر داگرتنی پارەی هاتوو لە ئیقاعەکـــەیا ووتنــەوەی بـــە شـێوەیێکی نارەوا، لە هەموو بارەکاندا قەرەبووەکە دەبێتە قەرزێکی جیاووکی (ممتـــاز) بـــە نسبەت پووختەی پارەی فرۆشتنی شتەکان و ئەو پارەی دەســـتی بەســـەر گیراوە تەنها جیاووکی رەسمی دادگەری و ئەو پارەی (سەرف) دەکرێـت بۆ پاراستنی و

ئەو پارەی سـەرف دەكرێت بـۆ بەدەسـت هێنـانی پارەكـە پێـش ئـەم قـەرزە دەكەوێت).

لەم بارەشدا دادگا بڕی قەرەبووەكە دیاری دەكات بـۆ دانـەر تـا لـە پـارەی فرۆشتنی شتەكان دەربهێنرێت و ئەو قەرزە بە پێش مـافی خـاوەن قـەرزەكانی دیكە دەكەوێت، تەنها ئەوەی پێشتر باسی لێوەكرا بـە پێـش قـەرەبووی دانـەر دەكەوێ.

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كەوا زەرەرمـەند بـۆی هەیـە داوای قـەرەبوو یـا فەوتاندنی یا گۆڕینی روخساری دانراوە لاسایكراوەكە بكات.

دووەم/ململانێی پەیوەست بە مافەكانی دانەری تەلارسازی لە دەقی یاسای

(٤٧) ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی كە بەرامبەر بەندی (٤٦)ی [٩٥] یاسای میسری هاتووە (نابێت لە هیچ بارێكدا بینایەكان دەستی بەسەر دابگیرێت لە جێبەجێ كردنی بەندی (١١) ی ئەو یاسایەدا هەروەها نابێت بفەوتێندرێت یا موصادەرە بكرێت بەمەبەستی پارێزگاری كردنی مافی دانەری تەلارسازی كاتێك نەخشەو وێنەكانی بەكار هاتبێت بە شێوەیكی ناڕەوا).

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كەوا دەست درێژی كردنـە سـەر مـافی دانـەری تەلارسازی بە بەكارهێنانی نەخشەو وێنەكانی بە شێوەیكی ناڕەوا دەبێتە هـۆی قەرەبوو كردنەوەی دانەر نەوەك فەوتاندن و(موصادەرە) كردنی بینایەكە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تێچووی دروست كردنی ئەو بینایانە زۆر زیاترە لە زیـانی دانەری تەلارسازی كە نەخشەو وێنەكانی بەكار هـاتووە بـە شـێوەیكی نـاڕەوا ئەویش رەزامەندی وەرنـەگرتنی دانـەرە پێـش بـەكار هێنـانی، لـەم روانگـەوە بڕیاردان بە فەوتاندنی بینایەكە یا(موصادەرە) كردنی بێدادی كردنە بە پـێی

ئەوەی شایانی باسە یاسا دانەری میسری لە یاسای پاراستنی مافی دانەر لە بەندی (٤٥) دا باسی باری سێیەمی کردووە کە یاسادانەری عێراقی پێی وەرنەگرتووە ئەویش وەرگێرانی دانراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و بڵاوکردنەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی دوای بڵاوکردنەوەی دانراوی رەسەن.

بەپێی ئەم بەندە پێویستە لەسەر دادوەر بڕیاری قەرەبوو بۆ دانەرو وەرگێڕ یەکەم بدات لە بری جێبەجێ کردنی عەینی [٩٨] لەبەر ئەوەی بوونی دانراوەکە بە وەرگێردراوی بۆ ئەم زمانە بەرهەمێکی فیکریە [٩٩].

## باسی دووەم

## بەرپرسێتی تاوانکاری La responsahilite

لەبەرگرنگی مافی دانەری ئەدەبی و دارایی یاسا بە سزای شارستانی بۆ پاراستنی نەوەستاوە بەڵکو بڕیاری هەندێك سزای داوە بۆ ئەو کەسەی دەست درێژی دەکاتە سەر مافی دانەر، لەبەر ئەوەی زۆر جار مافەکانی دانەری ئەدەبی و دارایی دەست درێژی زۆر ترسناکی دەکەویتە سەر کە پێویست دەکات ئەنجام دەری سزای تاوانکاری بدرێت بۆ ئەوەی ببێتە عیبرەت بۆ کەسانی دیکە [١٠٠] ئەم تاوانەش لەم بارەدا ناوی نراوە بە تاوانی لاسایی کردنەوەلە رایەڵەکانی ماددی و مەعنەوی پێك دێت و پەیوەندی هۆکارەکی لە نێوانیادا هەیە [١٠١].

توێژینەوەی ئەو بابەتەش پێویست دەکات پێشەکی باسی تاوانی لاسایکردنەوە بکەین دواتر رایەڵەکانی دواتر سزاکانی بەم شێوەی خوارەوە.

## بەستی یەکەم

# تاوانی لاسایکردنەوە Contrefacon

لە دەقی بەندی ٤٥ ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٧١ کە بەرامبەر بەندی (٧٠) ی یاسای پاراستنی مولکداری ئەدەبی و هونەری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٧ و بەندی ٤٧ ی یاسای میسری ژمارە ٣٥٤ ی ساڵی ١٩٥٤ دایە هاتووە (بەپێك هێنەری تاوانی لاسایکردنەوە دادەنرێت و ... سزا دەدرێت و دەبێت هەموو تیراژی لاسایکردنەوەکە موصادەرە بکرێت).

لەم روانگەوە دەکرێ تاوانی لاسایکردنەوە پێناسە بکرێت بەوەی (هەموو دەست درێژییێکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆیە لەسەر مافە کانی دانەر لە دانراوەکانی کەسانی دیکە کە پاراستنی ئەرکە[١٠٢]).

یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو لە بەشی پێنجەمی فەسڵی یەکەمدا و لەبەندی (٢٧٤) پێناسەی کردووە (لاسایکردنەوە بریتی‌یە لە دروست کردنی شتێکی نادروست بەشتە دروستەکە دەچێت). هەروەها فقهای یاسا پێناسەیان کردووە بەوەی (لاسایکردنەوە بریتییە لە دروست کردنی شتێکی نوێ بەهای کەمترە لە شتە کۆنەکەو پیێ دەچێت ئەوەش بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەو جیاوازیەی لە نێوانان هەردووکیاندا هەیە[١٠٣]).

هەروەها یاسای فەرەنسی کە لە بەندی (٧٠)ی یاسای ئاماژەپێکراو پێناسەی تاوانی لاسایکردنەوەی کردووە کەچی دیاری کردنی سزای ئەو تاوانەی بۆ یاسای سزاکانی فەرەنسی جێ هێشتووە و لەبەندی (٤٢٥) ی یاسای سزاکانی فەرەنسی ئەم تاوانەی بە (کەتن- جنحە) داناوەو سزای کەتنی بۆ ئەنجام دەری دیاری کردوە. لەم روانگەوە هەر یەکێك دەست درێژی بکاتە سەر مافی دانەری ئەدەبی و دارایی ئەوا بە تاوانی لاسایکردنەوە دادەنرێت و لێرەدا پێویستە باسی رایەڵەکانی‌ئەو تاوانە بکرێت.

## بەشی دووەم

# رایەڵەکانی تاوانی لاسایکردنەوە

یاسای پاراستنی مـافی دانـەری عـێراقی ئامـاژەی بەرایەڵـەکانی تـاوانی لاسایکردنەوە نەکردووە بەڵکو ئەمەی بۆ رێسا گشتیەکان جـێ هێشـتووە کـە رایەڵی تاوانن لە یاسای سزاکانی عێراقیدا لەم راونگەوە دەکرێ ئەم رایەڵانە بە رایەڵی تاوانی لاسایکردنەوە دابنرێت، بۆیە لە دوو لقدا باسی هەردوو رایـەڵی مادی و مـەعنەوەی دەکەین:

## لقی یەکەم

## رایەڵی ماددی Elemcnt matcricl[١٠٤]

رایەڵی ماددی تاوان بریتی‌یە لە کاری ماددی دەرەکی ئەوەی دەقی یاسا بـە تاوانی داناوە، ئەم کارەش پۆزەتیڤی (ایجابی) بێت یا نێگـەتیڤی (سـلبی)[١٠٥] بوونی تاوانیش لەسەر ئەم کارە وەستاوە، لەم روانگەوە ئەوەی مرۆڤ لە زەینـــی دەخولێتەوە لە بیرکردنەوە و ویست و... هتــد لــە رایـەڵی مــاددی دانــانرێت مـادامەکی نەچۆتەکاری دەرەکی و شێوەی بەردەستی وەرنــەگرتووە[١٠٦] ، بـەندی ٢٨ ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەم شێوەیە رایـەڵی مـاددی پێناسە کردووە (رەفتاری تاوانکاریە بە ئەنجام دانـــی کـارێك یاسـا بـە تاوانی داناوە یا نەکردنی کارێك کەوا یاسا فەرمانی بەکردنی داوە).

رایەڵی ماددی لە تاوانی لاسایکردنەوەی دانراو بە رووداني لاسایکردنەوەکە دێـتەدی کە لەلایەن کەسێك روویداوە لەسەر دانراوێك پاراستنی ئەرکە بەپێی یاسای عێراقیدا، ئەوەش بەدەست درێژی کردنی بۆ سەرمافێك لــە مافـەکانی دانەر کە لە دەقی بەندەکانی (١٠،٩،٨،٧،٥) هاتووە واتە بۆ هاتنەدی رایـەڵی ماددی پێویستە ئەم مەرجانە هەبێـت :-

أ- لاسايكردنەوە لە يەكێكی دیکە روویدا بێت.

ب- دەست درێژی کردنێك بێت بۆ سەر مافێك لە مافەكانی دانەر كە لە بەندەكانی (٥، ٧، ٨، ٩، ١٠) هاتووە.

ج- ئەو مافەش پاراستنی ئەرك بێت بەپێی یاسای عێراقیدا.

أ-لاسایکردنەوە لەیەکێکی دیکە روویدا بێت

دەست درێژی ئەو کەسە بۆ سەر مافێك لە مافەكانی دانەر بێت و بە شێوەیێكی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لە رێگەی لاسایکردنەوەدا.

دەست درێژی بۆ سەر مافەكانی دانەر بە شێوەیێكی راستەوخۆ لەو بارانەی خوارەوە دەبێت :-

١- بلاّو کردنەوەی دانراو یا سوودلیٚ وەرگرتنی دارایی بە بیٚ رەزامەندی دانەر یا جێگرەوەی یاسای (بەندی ٧).

٢- گواستنەوەی دانراو بۆ خەڵك بە ڕاستەوخۆ بەهەر شێویەك لە شێوەكانی خوێندنەوەی بە ئاشكرا یا نواندنی شانۆیی یا نمایشی ئاشكرا یا فوتۆكۆپی كردنی بۆ خەڵك لە رێگەی چاپكردن یا وێنە یا پیت چنینی یا وێنە گرتنەوە یا نەحت یا لێدانی لە رادیۆو تەلەفزیۆن یا... (بەندی ٨)

٣- وەرگێڕانی دانراو بۆ زمانێکی دیکە بەبیٚ رەزامەندی دانەرپێش تەواو بوونی ماوەی یاسایی (بەندی ٩).

٤- هەمواركردن یا گوڕینێك كار لە شێوەو ناوەڕۆكی دانراوەكە دەكات (بەندی ١٠).

دەست درێژ کردنەکە ناڕاستەوخۆ دەبێت لەو بارانەی خوارەوە کە لە یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ئاماژەی پێکراوە برگە (٢، ٣) ی بەندی(٤٥).

١- فرۆشتنی دانراوە لاسایکراوەکە یا نمایشکردنی بۆ فرۆشتن (برگە ٢ لە بەندی ٤٥).

لەبارەی خستنە رووی دانراو بۆ فرۆشتن لە یاسای میسری جیاوازی لە نێوان راوبۆ چوونەکان هەیە و هەندێك دەڵێن ناکەوێتە ژێر حوکمی برگ (٢) ی بەندی (٤٧) ی یاسای میسریدا.[١٠٨]

هەندێکیان بۆ یەکسانی نێوان فرۆشتنی دانراوی لاسایکراوەو نمایشکردنی (عرض) بۆ فرۆشتنی لێرەدا هەمان رێگای دادگاکانی فەرەنسی گرتووە کە نمایش کردنی بۆ فرۆشتن وەکو فرۆشتن داناوە، هەندێکی دیکە بۆ ئەوە دەچن کەوا لە دەقی برگ ٢ی بەندی (٤٧) دەرنەچن کە ئەویش تەنها فرۆشتنی دانراوی لاسایکراوە کە بگرێتەوە. واتە نمایش کردنی بۆ فرۆشتنی نەگرێتەوە.

کەچی یاسای عیراقی ئەو بابەتەی یەکلاکردۆتەوە بەوەی کەفرۆشتن و نمایش کردن بۆ فرۆشتن وەکو یەك دانەوە بەپێ ی دەقی برگە (٢) ی بەندی ٤٥ دا.

٢- هاوردنی دانراوێکی بلاوکراوە لەدەرەوە بۆ ناوەوەی عیراق پاراستنی ئەرکە بەپێ ی یاسای عێراقیدا. لەم بارەدا ئەنجام دەری ئەم کارە واتە ئەو کەسەی دانراوەکە دەهێنێتە ناوەوەی وڵات سزا دەدرێت ئەگەر هاوبەش نەکردبێت لە تاوانی لاسایکردنەوەکەدا.

٣- لاسایکردنەوە لە عێراق بۆ دانراوێك کە بلاوکراوەتەوە لە دەرەوەی وڵات یا فرۆشتنی ئەو دانراوانە یا ناردنە دەرەوەی یا گواستنەوەی بۆ دەرەوە[١٠٩] ئەنجام دەری سزا دەدرێت بە بژاردنێك لە (١٠) دینار کەمتر نەبێت و لە ١٠٠ دینار زیارتر نەبێت. دوای ئەوەی باسی دەست درێژی کردنە سەر مافێك لە مافەکانی دانەرمان کرد بە شێوەیکی راستەوخۆیا ناڕاستەوخۆ،

ماوە ئەو پرسیارە بکەین ئایا دانەر یا جێگرەوەی یاسایی بەلاسایکار دادەنرێت ئەگەر لاسایی دانراوەکەی خۆی کردەوە؟.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە دەڵێین لاسایکردنەوە تاوانێکە یاسا قەدەغەی کردووە و مەرجی ئەوەی داناوە کە لە لایەن یەکێکی دیکەوە ئەنجام درابێت دانەر و جێگرەوەی یاسایی یەکێکی دیکە نین تەنها ئەگەر لە مافی دانەرایەتی بۆ یەکێکی دیکە تنازلی کردنی ئەگەر دانەر لە مافی دانەرایەتی تنازلی کرد هەندێك لە فقها و دادگەرانی فەرەنسی بۆ ئەوە چووینە کەوا دانەردوای تنازل کردنی لە مافەکەی نابێت لاساییبکاتەوە ئەگەر لاسایکردەوە ئەوا سزای تاوانی لاسایکردنەوە دەدرێت، بەشێکی دیکە لەم فقهاو دادگەرانە بۆ ئەو چووینە کەوا دانەر نابێتە لاسایکار (١١٠) ئێمەش وای دەبینین کەوا دانەر دوای ئەوەی تنازلی کرد لە مافەکەی خۆی بۆ کەسێکی دیکە نابێت دەست درێژی بکاتە سەر مافی ئەو کەسەی تنازلی بۆ کراوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ئارامی مامەڵەکان و رێزگرتن لە هێزی پابەندی گرێبەندا.

ب - دەبێت ئەو دەست درێژیە لەسەر مافێك لە مافەکانی هاتوو لە بەندەکانی (٥، ٧، ٨، ٩، ١٠) بێت

ئەوەش ئەوە دەگەێنێت کەوا دەست درێژی کردنە سەر مافێك لە مافەکانی دانەر لە بارێك کە لە دەقی بەندەکانی ناوبراو نەهاتبێت بە تاوانی لاسایکردنەوە دانانرێت.

بۆ نموونە : دانراوە فۆتۆغرافیەکان ئەگەر وێنەگرهەڵسا بە دابەشکردنی یا نمایش کردن وێنە کەسیەکان کە گرتوویەتی ئەوا بە لاسایکار دانانرێت، لەبەر ئەوەی لاسایی کاری یەکێکیَ دیکەی نەکردووە و لە دەقی بەندەکانی

( ٥، ٧، ٨، ٩، ١٠ ) نەهاتووە، بۆیە دانەر سزای جەزایی نادرێت بەڵکو سزای شارستانی دەدرێت.

ج- دەبێت ئەو دانراوانە پارێزراو بێت بە پێی یاسای عێراقید. واتە دەبێت ئەو دانراوەی دەست درێژی کراوەتە سەری لە چوارچێوەی بەندی (٤٩) ی یاسای عێراقی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧١ بێت کە لە دەقیدا هاتووە (ئەحکامی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە سەر ئەو دانراوانەی لەلایەن دانەری عێراقی یا بیانی دانراوەو یەکەم جار لە عێراق بلاوکراوەتەوە یا نواندراوە (تمثل) یانمایش کراوە هەروەها دانراوی دانەرە عێراقیەکان کە یەکەم جار لە ولاتێکی بیانی بلاودەکرێتەوە یا دەنوێندرێت یا نمایش دەکرێت، بەلام دانراوێك کە دانەرێکی بیانی دایدەنێت و لە ولاتێکی بیانی بلاودەکرێتەوە یاسای عیراقـــی پارێزگاری ناکات، تەنها ئەگەر لەو ولاتەی دانراوی دانەرە عێراقییـــەکە کە لە عێراق بلاوکراوەتەوەو نواندراوەو نمایش کراوە پارێزگاری لێ دەکات و ئەو پارێزگاریە ئەو وولاتانەش بگرێتەوە کەوا سەربەو وولاتە بیانیەن). لەو دەقەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو دانراوانەش دەپارێزرێن بە پێی یاســــای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٧١ بریتیتن لە:-

١- هەموو دانراوەکان بە جیاوازی زێدنامەی دانەری کە بۆ یەکەم جار لە عێراق بلاودەکرێنەوە یا دەنوێندرێت یا نمایش دەکرێت.

٢- هەموو دانراوی عێراقییەکان کە بۆ یەکەم جار لە وولاتێکی بیانی بلاودەکرێتەوە یا دەنوێندرێت یا نمایش دەکرێت وەکو رێز پەرێك بۆ پرنسیپی هەرێمایەتی یاساکاندا.

٣- دانراوەکانی دانەرە بیانیەکان کە بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی وڵات بڵاو دەکرێتەوە، ئەگەر ئەو دانراوانە پارێزراوبوون بە پێی یاسای ئەو دەوڵەتەی تیایدا بڵاوکراوەتەوە بە مەرجێك ئەو دەوڵەتەو وولاتانی سەر بەو دەوڵەتە بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ دانراوی عێراقیەکان بکات کە بۆ یەکەم جار لە عێراق بڵاو دەکرێتەوە یا دەنوێنێدرێت یا نمایش دەکرێت.

## لقی دووەم

## رایەڵی مەعنەوی Element moral [111]

تەنها بوونی رایەڵی ماددی نابێتە هۆی تاوانی لاسایکردنەوە بەڵکو دەبێت لەگەڵ رایەڵی ماددی رایەڵی مەعنەویش لە ئارابێت تا تاوانەکە بێتە دی، واتە پێویستە مەبەستی تاوانکاری لەلایەن ئەنجامەکەدا هەبێت ئەم مەبەستەش خراپ بێت یا هەڵە [112] هەندێك لە فقها [113] بۆ ئەوە دەچن کەوا بوونی مەبەستی تاوانکاری بەواتا گشتیەکەی بەس نی یە بەڵکو پێویستە مەبەستی تاوانکاری تایبەت (نیەتی خراپ) لەلای ئەنجامدەردا هەبێت، هەندێکی دیکە وادەبینن [114] کەوا بوونی مەبەستی تاوانکاری بەواتا گشتی یەکەی وەکو بارێکی سروشتی زانینی ئەوە. دادگەری فەرەنسی لەسەر ئەوە کۆك بوون (کەوا تاوانی لاسایکردنەوە یەکێك لەو دووەی پێویستە بە ئەنقەست یا فەرامۆش کردنی زۆر ئەمەشیان بە شێوەیکی گشتی بە ئەنقەست دادەنرێت، ئەوەش ئەنجام دانی لاسایکردنەوە بە زانیاری خاوەنەکەی و رەزامەندیدا، راستەوخۆ گریمانی نیەت خراپی یا فەرامۆشی زۆر لە لاسایکاریەدی دەکرێت تەنها بە ئەنجام دانی کاری ماددی بۆ لاسایکردنەوەکە [115]).

واته نیەت پاکی بۆ تاوانبار دانـــانرێت و ئـەرکی سـەلماندنی نیـەت پـاکی دەکەوێتە سەر تاوانباردا. لێرەدا ئەگـــەر تاوانبـــار توانـــی نیـــەتی پـــاکی خـۆی بسەلمێنێ بەرپرسێتی تاوانکاری لەسەر نامێنێت ئەوەش لەبەر نەمانی رایـــەلی مەعنەویدا بەلام ئەوە لێ خۆشبونی لەبەر پرسێتی شارستانی ناگەێنێ بـــەلکو هەر بەرپرسیار دەبێت لەو زیانانەی تووشی دانەر بووە لەبـــەر پێشـێل کردنـــی بۆمافەکانی دانەری ئەدەبی و داراییدا.

لە دانراوی هاوبەشدا ئەگەر یەکێك لە بەشداران هەلسا بـــە بلاوکردنـــەوەی دانراوەکـــە بـــەپێ وەرگرتنـــی رەزامـــەندی بەشـــدارانی دیکـــە هـــەندێکیان بـــۆ ئەوەدەچن (١١٦) کەوا لە رووی تاوانکاریەوە پرسیاری تـــاوانی لاسـایکردنەوەی لێ ناکرێت بەلکو لە رووی بەرپرســـێتی شارســـتانی پرســـیاری لێ دەکرێـت لەبـــەر ئەوەی زێدە رۆیی کردووە لە مافی بەکارهێنانی خۆی بـــۆ دانـــراوە هاوبەشـــەکە (مشترکە) بەلام بلاوکار ئەگـــەر هەلسـا بەبلاوکردنـــەوەی دانـــراوی هاوبـــەش لەسەر داوای هەندێك لە بەشدارانی دانانی دانراو بە بـــێ رەزامـــەندی ئـــەوانی دیکە لەگەل بەرهەلستکاریان بـــۆ بلاوکردنەوەکـــە ئـــەوا بلاوکـــار بەرپرســـێتی تاونکـــاری دەکەوێتـــە ســـەر لەبـــەر دەســـت درێـژی کردنـــی بـۆ مـــافی دانـــەرە بەرهەلستکارەکان و بەرپرسێتی شارستانی دەکەوێتە سەر لە رووی ئەو زیانەی تووشیان بووە، ئێمە لێرەدا نەبوونی بەرپرسێتی تاونکاری لەمەر بلاوکار وەکو بەشدار بەباشتر دەزانین لـــەو بـــارەی پێشـــوداو تەنـــها بەرپرســـێتی شارســـتانی بیگرێتەوە.

## بەستنی سێیەم

## سزای دەست درێژی کردنە سەر مافەکانی دانەر

دوای بوونی هەردوو ڕایەڵی ماددی و مەعنەوی تاوانی لاسایکردنەوە دێتەدی کە لە برگە (١)ی بەندی (٤٥) ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧١ کە بەرامبەر بەندی ٤٧ ی یاسای میسری و بەندی ٤٢٦ی یاسای سزاکانی فەرەنسی‌یە، ئەنجامدەری سزا دەدرێت بە سزاکانی ڕەسەن وتەواوکاریدا.

### لقی یەکەم

### سزا ڕەسەنەکان

یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی لاسایکردنەوەی بە تاوان داناوەو بە پێی بەندی (٤٥) سزای بۆ دیاری کردووە کە بژاردنە لە ١٠ دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) دینار زیاتر نەبێت، لەوانەیە لاسایکار بژاردنی دیاری کراو نەدات لەو بارەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەحکامی گشتی یاسای سزاکان لەبەر ئەوەی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراق حوکمی ئەو بارەی دیاری نەکردووە لە برگە ٢ی بەندی ٩٣ ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ هاتووە (ئەگەر تاوان تەنها سزای بژاردنی هەبێت لە کاتی نەدانی بژاردنەکە ئەوا دادگا بڕیار دەدات بەیەك ڕۆژ بۆ هەر نیو دینار بەمەرجێك لەهەموو بارێك لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت).

بەلام لەوانەیە [١١٧] تاوانکار دوای دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە دەرهەقی جارێکی دیکە تاوانی لاسایکردنەوە ئەنجام بداتەوە لێرەدا سزایەکە توند دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت بە بەندکردنی ماوەیك لەسێ مانگ زیاتر

## بەستی سێیەم

## سزای دەست درێژی کردنە سەر مافەکانی دانەر

دوای بوونی هەردوو ڕایەڵی ماددی و مەعنەوی تاوانی لاساییکردنەوە دێتەدی کە لە برگە (١)ی بەندی (٤٥) ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧١ کە بەرامبەر بەندی ٤٧ ی یاسای میسری و بەندی ٤٢٦ی یاسای سزاکانی فەرەنسی یە، ئەنجامدەری سزا دەدرێت بە سزاکانی ڕەسەن وتەواوکاریدا.

### لقی یەکەم

### سزا ڕەسەنەکان

یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی لاسایکردنەوەی بە تاوان داناوەو بە پێی بەندی (٤٥) سزای بۆ دیاری کردووە کە بژاردنە لە ١٠ دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) دینار زیاتر نەبێت، لەوانەیە لاسایکار بژاردنی دیاری کراو نەدات لەو بارەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەحکامی گشتی یاسای سزاکان لەبەر ئەوەی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراق حوکمی ئەو بارەی دیاری نەکردووە لە برگە ٢ی بەندی ٩٣ ی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ هاتووە (ئەگەر تاوان تەنها سزای بژاردنی هەبێت لە کاتی نەدانی بژاردنەکە ئەوا دادگا بڕیار دەدات بەیەك ڕۆژ بۆ هەر نیو دینار بەمەرجێك لەهەموو بارێك لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت).

بەڵام لەوانەیە [١١٧] تاوانکار دوای دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە دەرهەقی جارێکی دیکە تاوانی لاسایکردنەوە ئەنجام بداتەوە لێرەدا سزایەکە توند دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت بە بەندکردنی ماوەێك لەسێ مانگ زیاتر

نەبێت و بەبژاردنێك لە (٣٠٠) دینار زیاتر نەبێت یا بەیەكێك لەو دوو سزایە، هەروەها دەكرێ لەباری گەڕانەوە (عود) بڕیار بە داخستنی ئەو دەزگایە بدرێت كە لاسایكاران یا بەشدار بووان سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ كارەكەیان ئەم داخستنەش بۆ ماوەیكی كاتی بێت یا هەمیشەیی (برگە ٣ی بەندی ٤٥ ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی).

بێگومان توندكردنی سزا لەسەر ئەو كەسەی دووبارە تاوانەكە ئەنجام دەدات ترسناكی تاوانەكە دەگەێنێت و بۆ دوورگرتنی لە دووبارە كردنەوەی تاوانەكە و ادەركەوتووە كەوا سوودی لە سزای بەرایی وەرنەگرتووە.

## لقی دووەم

## سزا تەواوكاریەكان

لە برگە ٣ی بەندی ٤٥ ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی كە بەرامبەری بەندی ٤٧ ی یاسای میسری و بەندی ٤٢٧ ی یاسای سزاكانی فەرنسی هاتووە (بۆ دادگا هەیە بڕیاری (موصادەرەی) هەموو كەرەستە ئامادەكراوەكان بدات كە بۆ بلاّوكردنەوەی ناڕەوا بەكار هاتووە وەسەرپێچی كردنی ئەحكامی بەندەكانی (٥، ٧، ٨، ٩، ١٠)ە و ئەو كەرەستەیەی بۆ هیچ شتێكی دیكە سوودی نی‌یە تەنها بۆ بلاّوكردنەوەكە نەبێت بەهەمان شێوە (موصادرە) دەكرێت لەگەلّ هەروەها دەبێت هەموو تیراژە لاسایكراوەكە).

هەروەها لە دەقی بەندی (٤٧) ی هەمان یاسادا هاتووە (بۆ دادگا هەیە لەسەر داوای لایەنی زەرەرمەند بڕیار بدات بە بلاّوكردنەوەی حوكمەكە بە هۆكاریا بەبێ هۆكار كردنی‌حوكمەكە لە ڕۆژنامەیك یا گۆڤارێك یا زیاتر لە سەر حیسابی لایەنی بەرپرسی). لێرەدا دەردەكەوێت كەوا یاسادانەری عێراقی

موصادەرەی کەرەستەکانی بۆ ئـارەزووی دادگـا جـێ هێشـتووە کـەچی تـیراژی دانراوی لاسایکراوەکەی بە ئەرك داناوە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە کەرەسـتەکە بـۆ کارێکی دیکـە سـوودی لێ وەربگـیرێت بـە پێچەوانـەی یاسـادانەری عـێراقی یاسادانەری میسری لە برگە (٣) ی بەندی (٤٧) ی یاسای پاراسـتنی مـافی دانەری ژمارە ٣٥٤ ی ساڵی ١٩٥٤ کەرەستەی بـەکارهاتوو لـە بلاّوکردنـەوەی دانراوە لاسایکراوەکەو تیراژی دانراوە لاسایکراوەکەی وەکو یەك داناوە بۆ بـەجێ هێشتنی بڕیاری موصادەرە کردنیـان بـە ئـارەزووی دادگـا، هـەروەها بڕیـاری بلاّوکردنـەوەی حوکمەکـەی بـۆ ئـارەزووی دادگـا جێهێشـتووە وەکـو سـزایەکی تەواوکار بۆ سزا رەسەنەکان، کەچی یاسادانەری عـێراقی لـە بـەندی (٤٥) ی یاسای پاراستنی مافی دانەری عێراقی لە بارەی تاوانی لاسـایکردنەوە ئـەوەی فەرامۆش کردووە، بەلاّم ئەوە ناگەیێنێ کەوا دادگـا بـۆی نی‌یـە بڕیـار لەسـەر بلاّوکردنەوەی حوکمەکە بدات لە رۆژنامە یا گۆڤار لەسەر حیسابی بەرپرسـیار بەلکو بۆی هەیە ئەم جۆرە بڕیارە بدات مادامەکی لە دەقی بەندی (٤٧) باسی لێوەکراوە.

*****

## دەرئە نجامەکان

١-لەبەروارد کردنی ئەحکامی فقهی ئیسلامی و هەردوو راڕەوی تاکەکەسی و سوشیالیستی لە بارەی بیرۆکەی ماف دەرکەووتووە کەوا فقـهی ئیسـلامی ئاراستەیکی ناوەندی وەرگرتووە لە نێوان هەردوو ئاراسـتەی تاکەکەسـی و سوشیالیستیدا و ئاراستەی فقهی ئیسلامی لە ئاراستەی نوێی جان دا بـان نزیکترە لەوەی لە راڕەوی تاکەکەسی و سوشیالیستیدا.

٢- ئەوە لە فقهـە و دادگـەری لەسـەری جێگـیربوون دانـراوە فیکـری و ئـەو مافانەی لەسەریەتی هەستی پێ ناکرێت و بەرچاو نی‌یە، لەبەر ئەوەی ئـەو مافانە دەکرێ دەرکێ پێبکرێت لە رێگای هەستی شەشەمدا و لـە رێگـای ئامرازە زانستیەکانی نوێ دەکرێ پەرەپێبدرێت و سوودی لێ وەربگـیرێت بـۆ یەکلا کردنەوەی دەعاوی و ململانێی و ئامرازەکانی سەلماندندا.

٣-یاسادانەری عێراقی ئاراستەیکی جێگری نەگرتووتە بەر بـۆ رێـك خستنی ئـەحکامی یاسـای پاراسـتنی مـافی دانـەری ژمـارە ٣ی سـالّی ١٩٧١، جارێکیان کەوتۆتە بەرکاریگەری راڕەوی تاکەکەسی هـەروەکو لـە هـەردوو بەندی ٢١، ٢٧ بەرچاو دەکەوێت. جـارێکی دیکـە کەوتۆتـە بەرکاریگـەری راڕەوی سۆشیالیستی بە هەڵێنجانی ئـەحکامی دیـاری کـراو لـە هـەردوو یاسای سۆڤێتی پێشوو و روسیای ئێستادا ئەمەش لە هەردوو بەندی ٩، ٢٣ رەچاو دەکرێت و لە چەند بەندێکی دیکە لـە گرنگـی ئـەو مافانـەی کـەم کردۆتەوە بە دانانی بە راسپاردن (وصیە) و میرات لە شەریعەتی ئیسلامدا لە بەندی (١٩) رەنگی داوەتەوە.

٤-ئەوەی پەیوەستە بە گونجاندنی یاسایی مافی دانەر پشتگیری لە ڕای دوو سەرەدا (ازدواجیە)کردوە کە دانـەر هـەردوو مـافی ئـەدەبی و دارایـی هەیە.

خاوەن ڕای مولکداری مەعنەوی خۆیان لە ڕاستی لاداوە کاتێك مولکـداری ئەدەبی و هونەری بە مـافی مولکـداری ئـەدەبی دانـاوە لەگـەڵ ئـەوەی مـافی تەواوی خاوەن مـافی بەکارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی نەداوە خاوەن مولکـداری ئەدەبیدا بەڵکو تەنیا مـافی بەکارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی پێداوە، هەروەها سـەیری ئـەو مافـەیان کـردووە لـەڕووی بازرگانیـەوە، خۆیـان دوور گرتـــووە لەچەمکی مرۆڤایەتیەکەی و پەیوەندی نێوان دانەرو دانراوەکەی پچڕاندوە کاتی ئەنجام دانی هەر ڕەوانکارێکی گواستنەوی مولکداری بـەو پێیـەی وازهێنـان و هەموو مافەکە بۆ جێگرەوەی دەڕوات لەم ڕوانگەوە فـەرامۆش کردنـی لایـەنی دارایی شتێکی خراپە .

٥-ڕەچاو دەکرێت لەبەندی ٢١ی یاسایی عێراقی ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٧١ ئەو دانراوانە ی کەبلاودەکرێتەوە بەبێ ئاگا بـوون لـەناوی دانـەرەکانی یابـەناوێکی خواسـتراو لەمـەودای پاراسـتنی یاسـایی بـەدوورگرتووە تائەوکاتەی دانـــەر یامـیراتگرانی کەسـایەتی خـۆی ئاشـکرا دەکـات، لەکاتێکدا پێویست بوو لەسەر یاسادانەر ئەو جۆرە دانراوانە بەموڵکی کۆمـەڵگا دابنێت تا ئەو کاتەی ناوو زانیـاری لەمـەڕ دانـەری ئاشـکرا دەبێت و هەر تاوانێك دژی ئەو دانراوانە ئەنجام بدرێت لەدژی کۆمـەڵگا دابنرێت و بەرز کردنەوەی ئەم جۆرە دەعوایە بۆدادگا ئـەرکی داواکـاری گشتی بێت.

٦- دانراوەکـانی فۆتۆگرافـی و سـینەمایی گرینگیـان کـەمتر نـی یــە لەجۆرەکانی دیکەی دانراوە فیکریەکان وکاریگەریان لەڕووی سیاسـی و لەسەر ئاستەکانی ناوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا بۆیە هیچ پاساو نی‌یە بۆ جیاوازی کردنیان لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی دانراوەکان لـەڕووی ئەو ماوەیەی پارێزگاری یاسایی دەکرێت، بۆ یە واباشتر بوو یاسادانەری عـیراقی هـەروەکو یاسـادانەری سـۆڤیەت و رووسـی و ئینگلـیزی کـە هاویکیان دەکات لەڕووی ماوەدا

٧- لەبارەی سـەتەلایتەوە ئـەوەی تیـایدا نمـایش دەکرێـت و گرفتـەکان و شوێنەوارە یاساییەکان پێویستی بەتوێژینەوە و دراسەتێکی وورد هەیـە کە تائێستا ئەنجام نەدراوە .

٨- رەچاو دەکرێت یاسا دانەری عێراقی باسی وەرگێرانی دانـراو نـەکردووە لەشێوازێکی خۆجیەتی بۆ یەکێکی دیکـە کـە پێویسـتی بـە مـاندوو بوونێکی فیکری هەیەو دەبوایە باس بکرێت .

٩- ئەحکامی بـەندی (٩) ی یاسـای پاراسـتنی مـاف دانـەری عـێراقی تایبەت بە دیاری کردنی ئەو ماوەیەی تیایدا پاراستنی مافی دانەر یـا ورگێرانی دانراوەکەی بۆ سـەر زمـانی عـەرەبی کۆتـایی دێـت لەگـەڵ پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق نـاگونجێت لەبـەر ئـەوەی عـیراق لـەدوو نەتەوەی سـەرەکی پێـك دێـت کـە (کـورد و عـەرەب)ە و هەریـەکیان زمـانێکی رەسمی باوەڕ پێکراو بـەکاردەهێنێت بـەدیاری کردنـی مـاوەی وەرگێرانی دانراوەکان بۆ زمانی عەرەبی بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکـات کە بۆ زمـانی کوردی وەربگێردرێت بەوەش مـافی نەتـەوەی کـورد لـەم بارەوە فەرامۆش کراوە لەم ڕوانگەوە بـەندی (٩)ی یاسـاکە وەرگـێرانی دانراوەکان بۆ زمانی کوردیش بگەڕێتەو باشترە لەم بارەوە یاسا دانــەری

رووسی سەرکەوتووبووە کەپێکهاتەی کۆمەڵگای رووسیای لەبەرچاو گرتووە و جەختی لەسەر زمانێك نەکردووە لەسەرحیسابی زمانێکی دیکەی پێکهاتەی زمانەکانی رووسیادا هەروەکو لەبەندی ٤٨٩ ی یاسای شارستانی ساڵی ١٩٦٤ هاتووە(( دەکرێ بەرهەمی بڵاوکراوە بۆزمانێکی دیکە وەربگێردرێت بە وەرگرتنی رەزامەندی دانەرەکەی)) .

یاسادانەری هەردوو بەندی ٤٦ و ٤٧ ی یاسای پاراستنی ماف دانەر دادگایی بەرایی بۆسەیرکردنی ئەم جۆرە داوایانە دیاری کردوە کەچی واباشتر بوو دادگایەکی تایبەتی دانابا ودادوەرێك سەرۆکایەتی کردبایە شارەزاییەکی تەواوی لەم بارەوە هەبایە بۆئەوەی زیاتر زەمانەتی مافەکانی دانەر بهاتبایەدی وخەملاندنی پێویستی بە شارەزا و ئاشنایێکی تەواوی ئەم بوارەی دەوێت .

## پەراوێز

١-د.منير محمود الوتري،القانون ط/٢ مطبعة الحافظ -بغداد ١٩٩٠ ل ١٣٩. د.حسن كيره-المدخل الى القانون- منشأة المعارف بالاسكندرية- مطبعة اطلس - القاهرة ١٩٧٤ ل٤٢٣.

٢-د.منذر الشاوي- مذاهب القانون- لە بڵاوكراوەكانی کتێبخانەی نیشتمانیی ژمارە(١) دەزگای الحكمە لە بەغداد ١٩٩١ ل ٢٥.

٣-د.سعيد عبدالكريم مبارك-اصول القانون -ط/١ مطبعة التعليم العالي- مطبعة جامعة الموصل ١٩٨٢ ل٦٥ بەدوا.

٤- د.عبدالحى الحجازي- المدخل لدراسة العلوم القانونية -الحق -جامعة الكويت ١٩٧٠ ل١١ ، د.سمير عبدالسيد تناغو-النظرية العامة للقانون- منشأة المعارف بالاسكندرية-١٩٨٦ ل١٩.

٥-د.عبدالحى الحجازي- المدخل لدراسة العلوم القانونية- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١.

٦-ليون دكیLeon Duguit (١٨٥٩-١٩٢٨) بەناوبانگترین فەیلەسوفی یاسایە کە فەرەنسا ناسیبێتی ،پوختەی تیوری‌یەکەی بەناوی چەند وانەیەك لەیاسای گشتیی ،لەناو کتێبە بچکۆلانەکەی دەبینینەوە.

٧- لیون دکی-دروس في القانون العام-وەرگێرانی بۆ عەرەبی د.رشدی خالد. وزارة العدل- مطبعة وزارة العدل -ط/١ بغداد ١٩٨١ ل١٨.

٨- سەیری لیون دگی بکە-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١.

٩-د.محمد حسام محمود لطفی-موجز النظرية العامة للحق- القاهرة ١٩٨٨ ل٧.

١٠-لیون دگی -هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٦.

١١-لیون دگی -هەمان سەرچاوەی پێشوو٢٤.

١٢- لیون دگی -هەمان سەرچاوەی پێشوول٢٩.

١٣-هانس کلسن Hans Kelsen(١٨٨١-١٩٧٣) .لەشاری براغ لە دایك بووە.لە زانکۆی ڤیەنا خوێندوویەتی وەلە ساڵی ١٩١٧ تیایدا بەناونیشانی مامۆستای یاسای گشتی و فەلسەفەی یاسا دامەزراوە،کلسن گەلێك کتێب و نووسینی لەبارەی تیوری‌ی دەوڵەت وفەلسەفەی یاسای نێو دەولەتی بەچاپ گەیاندووە.

١٤- لەم بارەیەوە بروانە:

Gabriel Marty et pierre Raynaud ,Droit Civil – introduction Generale aLetude du Droit 2 editon (c)Editions sirey-1972 p.36.

١٥-د.رمضان ابو السعود- الوسيط في شرح مقدمة القانون المدني- المدخل الى القانون وبخاصة المصري واللبناني- النظرية العامة للحق- دار الجامعية للطباعة والنشر -البيروت ل١٢.

١٦-د.رمضان ابو السعود- هەمان سەرچاوەی پێشوول١٢.

١٧- د.رمضان ابو السعود -هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦.

١٨-د.جعفر الفضلي ود.منذر عبدالحسين الفصل -المدخل للعلوم القانونية- النظرية العامة للقانون- النظرية العامة للحق-ط/١ وزارة التعليم العلي- الموصل ١٩٨٧.ل١٣٧ بەدوا.د.سەعدی بەرزنجی -تیوری‌ی گشتی یاسا-ج١

چ/١.لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان .هەولێر ١٩٨٩ ل١٠٣ بەدوا.

١٩-د.سعيد عبدالكريم مبارك-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٧.

٢٠- سەبارەت بەم رایە بڕوانە دکتۆر سعيد عبدالكريم مبارك - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٠٣.

٢١-لەم بارەیەوە بڕوانە دکتۆر سەعدی بەرزنجی- تیوری گشتی ماف- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٥ بەدوا.

٢٢-د.محمد شريف احمد-فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين- دراسة مقارنة-دار الرشيد للنشر-مطبعة دار الحرية للطباعة بغداد .١٩٨٠ ل١٠١ به دوا.

٢٣-د.منير محمود الوتري- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢١-٢٢.

٢٤-د.منذر الشاوي- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٣.

٢٥- الاستاذ عبدالباقي البكري واخرون-المدخل لدراسة القانون-بغداد ١٩٨٧ ل١٦٧.

٢٦- د.سعيد عبدالكريم مبارك-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٨.

٢٧- د.حسين النوري-دروس في القانون -الحق- الالتزام والعقود التجارية -١٩٧٧ ل١١ .ود.محمد احمد الكزني -نظرية الاستحقاق في الفقه الاسلامي والقانون المدني- لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریەتی گشتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی ل٧.

٢٨- بەشێوەیەکی تایبەتی لەم بارەیەوە بڕوانە :د.سەعدی بەرزنجی- سەرچاوەی پێشوو ل١١٤

٢٩-د.سەعدی بەرزنجی -هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٧-١٨.

٣٠- فیراراو سالی هەردوو یاسازانی ئیتالی وفەرنسی لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیەن.بڕوانە دکتۆر سەعدی بەرزنجی -سەرچاوەی پێشوو ل١٩.

٣١- د.مصطفى الزلمي واخرون -المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية -ط/١ ،من منشورات وزارة التعليم العالي/بغداد ل٧٨.

٣٢-ئەم پەیمانە لە (٣٠)ماددەی یاسایی پێک هاتووە و(٣٣)دەوڵەت لە کاتی خۆیدا ئیمزایان لەسەر کردووە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

Herbbert A.howell.all.Bthe copyright low Second Edition 1948 –p258-266. General Questions - the international conventions 1990 by cugen Ulmer p.4 cluse

٣٣ –ناوی ئەم یاسایە بە زمانی فەرەنسی ئەمەی خوارەوەیە:

Loi sur la propriete literaire et artistique

٣٤– سەیری دەقی ئەم یاسایە بکە لەبەشی دواوەی کتێبی ((الحقوق على المصنفات الادبية والفنية والعلمية))د. ابو اليزيد علي المتيت –منشأت المعارف اسكندرية (١٩٦٧) ل (١٩٥) تا (٢١٦).

٣٥–لەو یاسازانانە د.سليمان مرقص ،د.مصطفى محمد الجمال ،د. عبدالمجيد محمد الجمال ، بڕوانە مامۆستا زهير البشير–الملكية الادبية والفنية –حق المولف – چاپخانەی بيت الحكمه (١٩٨٩)لاپەرە (١٤١).

٣٦–لەو یاسازانانە فەیلەسوفی ئەڵمانی كانت /عمانوئيل ،پرۆفیسۆر ناست بڕوانە مامۆستا زهير البشير –سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (١٤٣–١٤٤).

٣٧–لەو یاسازانانە هەر دوو فەیلەسوفی فەرەنسی دیبوو لیون –زهير البشير – سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (١٤٧–١٤٨)، د. غنی حسون طه –حق الملكية (١٩٧٧) لاپەرە (١١–١٢).

٣٨–بەپێی یاسای سۆڤیتی پێشوو مافی دانەر بەمافی موڵکداریێتی دادەندرێ. بەڵام مافێکی دیاریکراوە بەوەی کە دەوڵەت بۆی هەیە بەزۆرەکی بەرهەمی زەینی دانەران بە کۆمەڵ بڵاوبکاتەوە ئەگەر بۆی بەدیار کەوت کە ئەو دانەرە رای لەبەرهەمەکەی خۆیەتی .بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە (رينيه داڤيد وجون هازارد)– الحقوق السوڤيتيه –ج٢ ترجمة عبدالوهاب الازرق ومحسن العباس مراجعة د.محمد الفاضل –دمشق (١٩٦٩) لاپەڕە (٢٩٢–٢٩٤).

٣٩– لەو یاسازانانە بلاتيول وريبيرو بيكاردو روسكو باوند و جوسران و گولان — بڕوانە سهيل حسين الفتلاوی –حقوق المؤلف المعنوية في القانون العراقي–

(١٩٧٨) لاپــەرە (٢٣٠) ،د. عبدالــرزاق الســنهوري —الوســيط (ج٨) لاپــەرە (٢٧٧).

٤٠- بروانە د.ابراهيم ابو الليل والدكتور محمد الالفي- مدخل الى نظرية القانون نظرية الحق (ط١) مطبعة الكويت (١٩٨٦) لاپەرە (١٨١).

٤١- د.عبدالمنعم فرج الصدة- اصول القانون —القاهرة(١٩٧٢)لاپەرە (٣٧٢).

٤٢- لەماددە (٥٠) یاسای پاراستنی مافی دانەری میسریدا هاتووە:

((دانـەر خـۆی بەتـەنیا مـافی ئـەوەی هەیـە کـەبڕیار لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بەرهەمـە زەینییەکەی بدات لەگـەڵ دیـاریکردنی ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی بەتـەنیا مـافی بـەکارهێنانی دارایـی بەرهەمەکـەی هەیـە بـە هـەر ڕێگەیـەک لـە ڕێگـەکانی بەکارهێنان لە ئەو زیاتر کـەس بۆی نییـە لـە بـەکارهێنانی ئـەم مافـە دەسـت بـەکاربێ بـەبێ وەرگرتنـی مۆڵـەتی پێشـینەی ڕەسمـی لـە ئـەو یـان لـە جێگرەکەی)).

٤٣-د. توفيق حسن فرج و د.محمد يحيى مطر- الاصول العامـة للقانون —بيروت (١٩٨٩) لاپەرە (٢٣٢) ،المحـامی محمـود نعمـان —موجـز المدخـل للقـانون — بيروت (١٩٧٥)لاپەرە (١٩٤).

٤٤- احمد سلامة—المدخل لدراسة القانون- القاهرة ١٩٧٤ لاپەرە ٣٠٣.

٤٥- د. محمود سلامة زناني—مبادي القانون — او المدخل لدراسة القانون —القاهرة (١٩٨٨)لاپەرە (٣١٩).

٤٦- سەیری ماددە (٩) لەیاسای فەرەنسیی ساڵی (١٩٥٧) بکە کە ئەمەی خوارەوە دەقە فەرەنسییەکەیەتی:

Est dite Oeuvre de collaboration loeuvre a la ereation de laquelle ont concouru plusieurs personn es physiques.

٤٧- کەسی دەستکرد یان مەعنەوی بریتییە لە کۆبوونـەوەی کۆمەڵـە کەسێک یـان کۆمەڵە دارایيەک یاسا دانی پیادا دەنێت بە سیفەتی ئەوەی کە بوونەوەرێکە لەخۆیەوە هەیە ولە قەوارەی ئەو کەسانەوە ئەو داراییانەی کەلێی پێک هاتووە بێ لایـەن وسـەربەخۆیە .ئـەم کەسـە دەسـتکردانە بەمەسـتی جێبـەجێکردنی هەندێک مەبەستی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی ڕەوا دروست دەکرێن.

٤٨- د.عبد الرزاق السنهوري- سەرچاوەی پێشـوو لاپەرە (٣٣٥-٣٣٦).

٤٩– وشەی دانراو (المصنف) تەنیا کتێب ناگرێتەوە بەڵکو گشت بەرهەمێکی زەینی دەگرێتەوە جا ڕێگەی دەربڕینی هەر چییەك بێت.

٥٠– د.عبد المنعم البدراوي–المدخل للقانون الخاص –القاهرة(١٩٧٥) لاپەڕە(٣٦٤)

٥١– لەو یاسازانانە د.محمد جمال الدین زكي–دروس في مقدمة الدراسات القانونية –لاپەرە (٣٣٩) و د.محمد شكري سرور– النظرية العامة للحق (ط)القاهرة (١٩٧٩) لاپەرە (٨٠).

٥٢– لەوانە د.رمضان ابو السعود– المدخل لدراسة العلوم القانونية لاپەرە (٥٧٥–٥٧٦)،مامۆستا زهير البشير– سەرچاوەی پێشوو لاپەرە(١١–١٣).

٥٣– بڕوانە د.مختار القاضي– المؤلف (–جـ١) (١٩٥٨) لاپەرە (٣٥) لە کتێبی سهيل حسين الفتلاوی– سەرچاوەی پێشوو لاپەرە (١٥٩) ئاماژەی بۆ کراوە.

٥٤– کاترین باتریکی توێژەر کۆمەڵێك تاقی کردنەوەی پراکتیکی لەسەر کردارەکان وقۆناغەکانی داهێنان کرد و لە ئەنجامدا بنجینەی تیۆرییەکانی لەم بارەیەوە وەدەست هێنا بەپێی تیۆرییەکەی کردارەکانی داهێنان بە چوار قۆناغ تێدەپڕێ. بۆ زیاتر زانیاری و شارەزایی لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە :د.حسن احمد عيسى –الابداع في الفن والعلم –الكويت (١٩٧٩) لاپەرە (٣٥) بەدواوە ،و قاسم حسين صالح – الابداع في الفن –بغداد (١٩٨٦) لاپەرە (٨٠) بەدواوە.

٥٥– قاسم حسين صالح –هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٨٣).

٥٦– د.حسن احمد عيس –سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٤٠).

٥٧– بەندی ٨٨ی پڕۆژەی یاسای شارستانی ساڵی ١٩٨٤.

٥٨– د.عبدالفتاح عبد الباقي– نظرية الحق – چاپخانەی نهضة–مصر القاهرة ١٩٦٥ ل٢٨٢ ،و د.توفيق حسن فرج الاصول العامة للقانون ل٥٥٩.

٥٩– لەو یاسایانە یاسای پاراستنی مافی دانەر ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧١و یاسای سزاکانی عیراق ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو ویاسای شارستانی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ ویاسای چاودێری لەسەر دانراوو ئەخلاقی سینەمایی ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٧٣ ویاسای چاپەمەنی عیراق ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ی هەموار کراو ...هتد.

٦٠- لەم بارەیەوە بەروانە د.عبدالرزاق السنهوری.الوسیط في شرح القانون المدنی ج٨-الملکیة ل٤٢٥ و د.رمضان ابو السعود - الوسیط في شرح مقدمة القانون المدنی ل٥٥٩.

٦١- بەشێوەیەکی گشتی هەموو داراییەکانی قەرزار دەکرێ دەستی بەسەردا بگیرێت ورێگانەدات بەدەست بەسەر داگرتنی رێژیەر لە رێسا گشتی یەکە بروانە دم وهیب نداوی و د.سعید عبدالکریم مبارك شرح احکام قانون التنفیذ چاپی یەکەم ل١٢٥ وجبار صابر و عبد الکاظم فارس المالکی- احکام قانون التنفیذ ل١٧٥

٦٢- بروانە رەوانکاریەکانی پاراستنەیی لەم توێـژینەوەدا.

٦٣- بەپێ بەندی (٩٨) ی یاسای سوڤێتی دانەر بۆی هەیە دانراوی خۆی لە چاپ بدات و دووبارە چاپی بکاتەوە.

٦٤- بروانە رینیە داڤیدو جرنی هازارد- الحقوق السوڤیتیە ترجمة عبد الرحمن الازرق ومحسن عباس ل ٢٩٨

٦٥- تەنها بەندی (٢٩١)ی پرۆژەی یاسای شارستانی عیراقی نوێ ساڵی ١٩٨٤ یاسا رێك خستنی چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی دانەر دەکات بۆ ئەو دەست درێژانەی دەکرێتە سەر مافەکانی ئەدەب ودارایيدا بەوەی داوای راگرتنی بکات لەگەڵ قەرەبووکرانەوەی.

٦٦- بروانە بەرێز سهیل حسین الفتلاوی- حقوق المؤلف المعنویە في القانون العراقی ل٢٨٢.

٦٧- بروانە سهیل حسین الفتلاوی- هەمان سەرچاوە ل٢٨٢.

٦٨- بروانە سهیل حسین الفتلاوی - هەمان سەرچاوە ل٢٨٢.

٦٩- بروانە د. ادم وهیب النداوی ود. سعید عبدالکریم مبارك سەرچاوەی پێشو ل١٦٦.

٧٠- بروانە دەقی بەندی ٢٤٠ی یاسای دادبین عیراقی ژمارە ٨٣ ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٧١-بروانه دەقی بەندی ٤٣ی یاسای پاراستنی مافی دانەری میسری کە تیایدا هاتووە( ... ویجب ان یرفع طالب اصل النزاع الی المحکمة المختصة في خلال خمسة عشر یوما لصدور الامر، فاذا لم یرفع في هذا المیعاد زال کل اثر له).

٧٢- بروانه بەندی ٢٣٧ی یاسای دادبین شارستانی عیراقی ژمارە ٨٣ی سالی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٧٣- ئەم بەندە بەرامبەری بەندی ١٢ی یاسای پاراستنی مافی دانەری میسری وبەندی ٤٩٣ی یاسای شارستانی کۆماری روسیای یەکگرتووی سۆشیالیستی سۆڤیێتی سالی ١٩٦٤.

٧٤- بروانه ستین نیلر SteenCiler- الاحساس بالعمارە وەرگیرانی د. ریاض تبوس بغداد ل١٣.

٧٥- بروانه بەرێز سهیل حسین الفتلاوی- سەرچاوەی پێشوو ل٢٨٩.

٧٦- لەم بارەوە بروانه د. محمد شتا ابو سعد- اصل المسؤولية التقصرية في قانون المعاملات المدنية في سلاميي السوداني- الكتاب الاول- تاريخ المسؤولية التقصرية في السودان چاپی یەکەم چاپخانەی قاهیرە ١٩٨٤ ل٣٥.

٧٧- لە بەندی (١٦٣)ی یاسای شارستانی میسری بەکارهاتووە (کل خطأ سبب ضررا للغیر یلزم من إرتکبه بالتعویض).

لەهەمان بەندی (١٦٣) ی یاسای میسری بەندی (١٦٤) یاسای شارستانی سوری ژمارە ٨٤ ی سالی ١٩٤٩ دەقی گرتووە.

٧٨-بروانه بەندی (١٣٨٢) ی یاسای شارستانی فەرەنسی سالی ١٨٠٤ کە تیایدا هاتووە ( هەرکەسێك هەرزیانێك بۆ یەکێکی دیکە بنێتەوە ئەوەی هۆکاری ئەم زیانە بێ دەبێ قەرەبو بداتەوە).

٧٩-بروانه بەندی (٨٨)ی بنەماکانی یاسای شارستانی سۆڤیێتی کەتیایدا هاتووە (ئەوەی زیانێك تووشی یەکێك دەکات ئەم زیانە کەسی بێت یا دارایی یا زیان بەیەکێك لە دەستەکانی (هیئات) دەگەیەنێ دەبێ قەرەبووی هەمووی بداتەوە). بەهەمان واتا لە دەقی بەندی (٤٤٤)ی یاسای شارستانی کۆماری روسیای یەکگرتووی سۆشیالیستی سۆڤیێتی هاتووە.

٨٠-بڕوانه دەقی بەندی ١٦٨ی یاسای شارستانی عیراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.

٨١-بڕوانه دەقی بەندی (٢٠٤)یاسای شارستانی عیراقی المدنی- توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە، بەرگی یەکەم سەرچاوەکان پابەند بوونی چاپی یەکەم بغداد ١٩٩١ ل٢٩٤.

٨٢-بڕوانه مامۆستا زهیر البشیر. الملکیه الادبیه والفنیه- حق المؤلف بغداد ١٩٨٩ ل١٢٠.

٨٣-لەدەقی (١٦٨)ی یاسای شارستانی عیراقی بەدەردەکەوێت بەرپرسێتی گرێ بەندی زیانی ئەدەبی ناگرێتەوە بەڵکو تەنیا زیانی ماددی دەگرێتەوە وقەرەبوو لەبڕی زیانەکانی ئەدەبی بەجێ هێشتووە بۆ ئەحکامی بەرپرسێتی کەم تەرخەمی هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یاسا دانەری عێراقی بەدوو سەرەی بەرپرسێتی شارستانی وەرگرتوە بەپێچەوانەی یاسادانەری فەرەنسی ومیسری کەبەیەك بەرپیرسێتی شارستانیان وەرگرتووە کەتیادا دەکرێ بڕیار بەقەرەبووبەرێتی لەبڕی زیانی ئەدەبی لەبەرپرسێتی گرێبەندیدا، بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانه د.منذر الفضل هەمان سەرچاوەی پێشو ل٢٦٥ دواتر.

٨٤-دەست درێژی کردنە سەرمافەکانی دانەر زیانی مەعنەوی ومادی لێ دەکەوێتەوە بڕوانه د. مقداد السعید- التعویض عن الضرر المعنوي في المسؤولیة المدنیة- دراسة مقارنة. چاپی یەکەم /بیروت/ ١٩٨٥ ل٢١.

٨٥-بڕوانه د. عبدالرزاق السنهوري. سەرچاوەی پێشوو ل٤٢٩.

٨٦-واته لە سێ دارەدانی دانراوەکە.

٨٧-بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانه سهیل حسین الفتلاوی سەرچاوەی پێشوو ل٣٨٨ ودواتر.

٨٨-بڕوانه د. عبدالرشید مأمون شدید- الحق الادبي للمؤلف -النظریة العامة وتطبیقاتها- موسوعة القضاء والفقه. موسوعة الفکهاني. بەرگی ٢٨ قاهیرە ١٩٨٠ ل٤٦٦ نووسینەوە لەسەر مامۆستا زهیر البشیر- سەچاوەی پێشوو ل١٢٢.

٨٩-بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە د. سعدون العامري- تعويض الضرر المسؤولية التقصرية- منشورات البحوث القانونية رقم /٢ وزارة العدل. بغداد ١٩٨١ل ٢٤ ودواتر هەروەها بڕوانە مامۆستا جبار صابر طه- اقامة المسؤولية المدنية عن العمل غير المشروع على عنصر الضرر- دراسة مقارنة في الشريعة الاسلامية والقانوني الوضعية- منشورات جامعة صلاح الدين- مطبعة جامعة الموصل ١٩٨٤ ل١٠٩ ودواتر.

٩٠-بۆ پێناسەی زیان لە لاپەرە ٢٢١ی اصول الالتزامی دکتور حسن علی ذنون هاتووە(الاذى الذي يصيب حقاً او مصلحة مشروعه للانسان) نووسینەوە د.فاروق عبدالله عبدالكريم - الضرر المعنوي وتعويضه في الفقه الاسلامي - رسالة ماجستير في الشريعة الاسلامية -بغداد ١٩٩٠ل ١٢. دوو جۆرە کەم تەرخەمی وگرێبەندی لەلاپەرە ٥٧ی -قامة المسؤولية المدنية عن العمل غير المشروع على عنصر الضرر- ی مامستا جبار صابر طه هاتووە (عدم تنضيد المديني لالتزامه الناشيء من العقد) لەبارەی هەڵەی گرێبەندی ، کەچی لە یەکیك لە پێناسەکان هەڵەی کەم تەرخەمی هاتووە (ان الخطأ التقصيري هو اخلال بالتزام قانون سابق يصدر عن الادراك). الدكتور عبدالمجيد الحكيم والاخرون -القانون المدني- بەرگی (٢) احكام الالتزام عراق ١٩٨٦ ل ٢١٥.

٩١-لەبارەی قەرەبوو لە کتابی -الوجيز في نظرية الالتزام في القانون المدني. بەرگی ١مصادر الالتزام کەلەنوسینی د. عبدالمجيد الحكيم وکەسانێکی دیکەیە هاتووە (مبلغ من النقود او اية ترضية من جنس الضرر تعادل ما لحق بالمضرور من خسارة ومافاته من كسب كان نتيجة طبيعية للفعل الضار).

٩٢-لەدەقی مادده (٤٦)ی یاسای میسری هاتووە (لا يجوز باي حال ان تكون المباني محل حجز تطبيقاً للمادة الناشرة من هذا القانون الا ان يقضى باتلافها او مصادرتها بقصد المحافظة على الحقوق المؤلف المعماري الذي تكون تصميماته ورسوماته قد استعملت بوجه غير مشروع).

٩٣-بڕوانە مامۆستا زهير البشير. سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٤.

٩٤-لەدەقی بەندی (٤٥) ی‌یاسای میسری هاتووە ( ...وكذلك لايجوز الحكم راتلاف او تغيير المعالم، اذا كان النزاع المطروح خاصاً بترجمة مصنف الى اللغة العربية).

٩٥-بڕوانە د. عبدالرزاق السنهوري -سەرچاوەی پێشوو ل١٤٢.

٩٦-بروانه د. ابو اليزيد على المتيت – الحقوق على المصنفات الادبية والفنية والعلمية –چاپى يەكەم –اسكندرية ١٩٦٧ ل ١٤٢.
٩٧-بۆ ئەم مەبەستە بروانە. د.مصطفى الموجي –القانون الجنائي العام. بەرگى ٢ بەرپرسێتى تاوانكارى بيروت ١٩٨٥ چاپى يەكەم ل ٣٧ ودواتر.
٩٨-مامۆستا زهير البشير –سەرچاوەى پێشوو ل ١٢٦.
٩٩-د. محمد حسام محمود لطفي –موجز النظرية العامة للحق –قاهرة ١٩٨٨ ل ٦٢.
١٠٠-د. مختار القاضي– حق المؤلف .كتابى دووەم.
١٠١-الفنون واجبة الحماية والحقوق الواردة عليها.
١٠٢-چاپى يەكەم قاهره ١٩٥٦ ل ١٨١ نووسراوەتەوە لە مامۆستا زهير البشير – سەرچاوەى پێشوو ل ١٢٨.
١٠٣-نووسراوەتەوە لە اديب استانبول –شرح قانون العقوبات السوري. بەرگى يەكەم، بەرگى دووەم ل ٦٦٨.
١٠٤-لەبارەى رايەلى ماددى تاوان بروانە د. محمود محمود مصطفى شرح قانون العقوبات –بەشى گشتى– قاهره ١٩٨٣ ل ٢٦٥ ودواتر.
١٠٥-بروانە دەقى برگە ٤ى بەندى ١٧ى ياساى سزاكانى عيراق.
١٠٦-بۆ زياتر شارەزايى بروانە د. على حسين خلف ومامۆستا سلطان عبدالقادر الشاوي –المبادىء العامة في قانون العقوبات. چاپخانەى زانكۆى موسل ١٩٨٢ ل ١٣٩.
١٠٧-لەو ياسازانانە د. مختار القاضي بروانە د.ابو اليزيد على المتيت–سەرچاوەى پێشوو ل ١٤٩.
١٠٨-مامۆستا زهير البشير –سەرچاوەى پێشوو ل ١٢٩.
١٠٩-د. مختار القاضي بروانە مامۆستا زهير البشر –سەرچاوەى پێشوو–ل ١٣٠.
١١٠-لەبارەى رايەلى مەعنەوى تاوان بروانە د. محمود محمود مصطفى شرح قانون العقوبات –سەرچاوەى پێشوو ل ٤١٦و دواتر.
١١١-مامۆستا زهير البشير– سەرچاوەى پێشوو ل١٣١.
١١٢-لەو ياسازانانە . د. ابو اليزيد على المتيت– سەرچاوەى پێشوو ل١٥٠.
١١٣-لەو ياسازانانە د. عبدالرشيد مأمون شديد، الحق الادبي للمؤلف (النظرية العامة وتطبيقاتها). ل٥٥ نووسراوەتەوە لە مامۆستا زهير البشير. سەرچاوەى پێشوو ل١٣١.

١١٤-بەرێز سهيل الفتلاوي- سەرچاوەی پێشوو ل٣٣٧.

١١٥-لەو یاسازانانە د. ابو اليزيد علي المتيت- سەرچاوەی پێشوو ل١٥٦.

١١٦-بڕوانە دەقی بەندی ١٣٩ی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ و هەموارەکانی.

١١٧-لەبڕگەی ٣ی بەندی ٤ی یاسای میسری هاتووە (يجوز للمحكمة ان تقض بمصادرة جميع الادوات المخصصة للنشر غير المشروع الذي ويق بالمخالفة لاحكام المواد (٧.٦.٥) فقرة اولى وثالثة التي لا تصلح إلا سندا النشر وكذلك مصادرة جميع النسخ المقلدة.

*****

## چاپكراوەكانی مافپەروەر سەردار عەزیز خۆشناو



١- (خەرمانەی یاسا) كە بەیەكەم فەرهەنگی یاسایی دادەنرێت لە ئەلفەوە تا یاء لەخۆ بگرێت.
چاپی یەكەم ١٩٩٨ چاپخانەی ماردین.
چاپی دووەم ١٩٩٩ چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین.
چاپی سێیەم ٢٠٠٠ چاپخانەی ماردین (لەسەر ئەركی كتێبخانەی فێربوون چاپكراوە).
٢-هەرێمی كوردستان بڕیاری فیدراڵی و نەبوونی دەستوور چاپی یەكەم ١٩٩٨ چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین.
٣-نووسەر لە نێوان ئازادی ڕادەربڕین و پابەند بوون بە یاسادا.
چاپی یەكەم ١٩٩٩ چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین
چاپی دووەم ١٩٩٩ چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین.
٤-هۆكارەكانی ڕەفتاری تاوانكاری
چاپی یەكەم ٢٠٠٠ چاپخانەی ماردین.
٥-مافی دانەر وەرگێڕانی بە دەسكاریەوە بەهاوكاری لەگەڵ مامۆستا كەمال سعدی.

## ئەو بەرهەمانەی لە ژێر چاپدان:

١- بیبلۆگرافیای دەنگی پێشمەرگە لە ژمارە ١-٣٠.
٢- یادكردن لە ئیسلامدا.

## ئەو بەرهەمانەی ئامادەیە بۆ چاپ

١- زیانی مەعنەوی لە بەرپرسێتی شارستانیدا — وەرگێڕان.
٢- پێرستی یاساو بڕیارو فەرمانەكانی پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ — ٢٠٠٠ بە هاوكاری لەگەڵ فۆاد حاجی عوسمان.
٣- بیبلۆگۆافیای گۆڤاری دەنگی زانا لە ژمارە سفر - ٤٢ بە هاوكاری لەگەڵ مامۆستا مەلا جەبار مەنتك .

## چاپکراوەکانی مافپەروەر کەمال سعدی



١- شەش کورتە چیرۆکی کوردی — هاوبەش.
٢- ون بـــوون - چـیرۆك.
٣- دەرگــــا ـ چـیرۆك.
٤- سایکۆلۆژیای هونەری مندالآن.
٥- سەعید زەبۆکی لای خۆمان — رۆمان.
٦- چەمکی ماف — چاپی یەکەم + چاپی دووەم.
٧- چەمکی یاســـا.
٨- حقــوق المؤلـــف.
٩- یاســـــاو مـــاف.
١٠- ترحێو — چـیرۆك.
١١- دەسەلآتی چوارەم.

## ئەو بەرهەمانەی ئامادەیە بۆ چاپ

١- ئاو کورتە رۆمـان
٢- حزبی پلآو رۆمان
٣-یاداشت یان شیوی عاشورە
٤-چۆن دادگایی کرام

## ئەو بەرهەمانەی لە ژێر دەست دانە :

١-شرۆڤەی یاسای باری کەســی ی عــێراقی — هاوســەرێتی و دەســت لێـك بەردان بەهاوبەشی لەگەڵ پ - د. سەعدی بەرزنجی .

٢-شرۆڤەی یاسای باری کەسی ی عیراقی — مـیرات و وەسـیەت بەهاوبەشـی لەگەڵ پ - د. سەعدی بەرزنجی .

# سوپاس و پێزانین بۆ

- ڕاگری کۆلێژی ماف مامۆستای بەڕێز نەژدەت سەبری ئاکرەیی.
- مامۆستای بەڕێز پڕۆفیسۆر د. عبدالحمید یعقوب جبرائیل سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب کە لە کاتی پێویستیدا بەهانامان هات.
- گشت کارمەندانی چاپخانەی زانکۆ.

# پێرســــــت


| لاپەرە | ناوی بابەت |
| --- | --- |
| (٤) | پێشەکی |
| ٢٩-٥ | بەشی یەکەم |
| ١٤-٨ | باسی یەکەم کۆمەڵەی نەهی کەران |
| ٨ | بەستی یەکەم تیۆری لیون دگی |
| ١٠ | بەستی دووەم تیوری کلسن |
| ١٢ | بەستی سێ یەم رێچکەی سۆسیالستی |
| ١٤ | باسی دووەم: کۆمەڵەی لانگران |
| ١٤ | بەستی یەکەم:رێچکەی تاک پەروەر |
| ١٦ | بەستی دووەم : بیروڕای یاسازانانی رۆژئاوا |
| ١٩ | بقەستی یەکەم :تیۆری جان دابان |
| ٢٠ | بەستی دووەم:بیرۆکەی ماف لەیاسازانی ئیسلامی |
| ٢١ | بەستی سێ یەم:راوروکردنی بیرۆکەی ماف لە ئیسلام دا لەگەڵ هەردوو رێچکەی تاک پەروەرو سۆسیالستی |
| ٢٢ | رایەڵ و جۆرەکانی |
| ٢٤ | جۆرەکانی ماف |
| ٢٦ | مافە نا دارایی یەکان |
| ٢٧ | مافە دارایی یەکان |
| ٢٨ | مافە زەینی یەکان |
| ٥٢-٣٠ | بەشی دووەم: مافی دانەر |
| ٣٤ | سروشتی رایەڵەکانی مافی دانەر |
| ٣٦ | دەرئەنجام |
| ٣٨ | بەستی یەکەم: دانەر |

| | |
|---|---|
| بەستی دووەم: دانراو | ٤٤ |
| بەشی سێیەم  ناوەرۆکی مافی دانەر | ٦٢-٥٣ |
| مافی ئەدەبی دانەر | ٥١ |
| مافی دارای دانەر | ٥٩ |
| بەشی چوارەم:پاراستنی مافی دانەر | ٩٨-٦٣ |
| فەسلی یەکەم: کردارە یەدەگەکان | ٦٧ |
| باسی یەکەم: دەسبەسەر داگرتنی دانراو | ٧١ |
| فەسڵی دووەم: سزا یاسایەکان | ٨١ |
| باسی یەکەم: بەرپرسێتی شارستانی | ٨٧-٨١ |
| بەستی یەکەم : جێ بەجێ کردنی عەینی | ٨٣ |
| بەستی دووەم: قەرەبوو | ٨٥ |
| باسی دووەم: بەرپرسێتی تاوانکاری | ٩٨-٨٨ |
| بەستی یەکەم: تاوان لاسایکردنەوە | ٨٩ |
| بەستی دووەم: رایەڵەکانی تاوانی لاسایکردنەوە | ٩٠ |
| بەستی سێیەم:  سزای دەست درێژی کردنە سەر مافەکانی دانەر | ٩٧ |
| دەرئەنجام | ١٠٢-٩٩ |
| پەراوێزەکان | ١١٤-١٠٣ |

چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر